دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا
کوردستان
ژمارە: ٥٤٤
www. kurdistanukurd.com
چوارشەممە ١٥ی رەزبەری ١٣٨٩ . ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ ١٥٠ تمەن
ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

لێکدانەوەیەکی کورتی قسەکانی ئەمساڵی ئەحمەدی نژاد
٤

سیاسی

فشارە دەرەکییەکان و سەرکوتی زانکۆ
٦

دیپلۆماتیک

شەرعییەتی دیپلۆماسیی مافی مرۆڤ
٨

ئەدەب و هونەر

حەمە جەزا،
گۆرانی بێژی پێشمەرگە
١١

کەماڵ کەریمی:

# پێویستە بە هاوبەشی رووبەڕووی تێرۆریزم و هەڕشەکان بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردستان ببینەوە

## ئەلقاعیدە ئێستا بە کردەوە هاوپەیمانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامییە لە ناوچەدا



**کوردستان _ بەشی سیاسی:** بەرێز کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت دا بۆ «کوردستان» باسی لە پیلانی هاوبەش و مەترسیداری کۆماری ئیسلامی و گرووپە رادیکاڵە ئیسلامییەکانی وەک ئەلقاعیدە لە کوردستان کرد و دارشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش لە لایەن حیزب و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوە و پێش گرتن لە گەشە سەندنی تیرۆریزمی و بیری رادیکاڵیزمی ئیسلامی بە پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرو هەنووکەیی زانی.

ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسیی «حدک» نیگەرانی خۆی لە چالاکیی ئازادانەی هێزو گرووپە رادیکاڵە ئیسلامییەکان و ئەلقاعیدە لە کوردستان دەربڕی و وتی: کۆماری ئیسلامی بە مەیدان دان بەو گرووپانە و هاوکاری کردنیان چەند مەبەستی سەرەکی هەیە. یەکەم ئەوەیکە دەیەوێ لە کوردستان بە برەودان بە بیری رادیکالیزمی ئیسلامی رووبەڕووی بزوتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازی کوردستان ببێتەوە. دووەم بە نانەوەی شەڕ و کێشەی ئایینی لانیکەم بیری بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێران بە لارێدا ببا و بە چەشنێک بە جێگەی ئەوەی کە خەلک بیر لە رزگاری لە چنگی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە زیاتر بیر لە شەڕ و کێشەی ئایینی و مەزهەبی بکەنەوە...

٢

## لە ئابووریی بەرەنگارییەوە تا فیتنەی ئابووری

حسێن ئەحمەد پوور

بە دروشمی «پوڵی نەوت بۆ سەر سفرەی خەڵک» هاتن و ئێستا سفرەی خەڵک لە هەموو کات هەژارترە. وتیان ئەشرافییەت و گەندەڵی ریشەکێش دەکەین، ئێستا گەندەڵی و ئەشرافییەت لە هەموو کات زیاتر پەرەی سەندوە (٥٠ میلیارد دۆلار داهاتی نەوت لە چەند ساڵی رابردوودا کەوتۆتە گیرفانی ٨٤ کەسەوە). وتیان ئابووری ئێران نەخۆشە و ئێمە عەمەلی دەکەین، ئێستا نەخۆشەکە لە سەرەمەرگدایە و پزیشکەکانی دەوڵەت نەتەنیا عەمەل بەڵکوو ئەوەندەیان شارەزایی نیە کە ژانی نەخۆشەکە هێور بکەنەوە. تەنیا شتێک بە مێشکی پزیشکەکان گەیشتوە ئەوەیە کە بۆ داشکاندنی نرخی دۆلار، ٩٠ میلیارد دۆلاری پاشەکەوتی ئەرزی، بەرەبەرە بخەنە بازاڕەوە. تەنیا دیانەوێ بۆ ماوەیەکی کورتخایەن ئەم قۆناخە تێپەڕ بکەن و دواتر بۆ چەند رۆژێک دەرفەتی دروشم دانیان گیر بکەوێ و وابنوێنن کە توانیویانە بەسەر قەیرانەکە دا زاڵ بن.

لە حاڵێک دا کە لانی کەم لە دوو ساڵی رابردوودا و بەتایبەت لەم چەند مانگەی دوایی دا ئابووریناسان و کارناسان بە دەیان جار و بە شێوەی جۆراوجۆر رێژیمیان وریا کردەوە کە ئابووری ئێران بەو سیاسەتانەی ئێستاوە بەرەو ئاقارێکی پرمەترسی دەڕوا و بواری ئابووری زۆر هەستیارتر لە بوارەکانی دیکەیەو بۆ دروشم دان و گاڵتە پێکردن نابێ، بەڵام ئەوان کە گیرفانی خۆیان پڕە، نە ئەوکات گوێیان دایە و نە ئێستا گوێ بۆ کەس رادەدێرن.

ئێستا کە بەرەبەرە کاریگەری قورسی گەمارۆکان دەردەکەوێ و کاریگەری ئەم گەمارۆیانە هاوکات لەگەڵ ئاکامی سیاسەتە هەڵەکانی دەوڵەت، ئابووری ئێرانیان تووشی قەیران و دۆخێکی مەترسیدار کردوە، رێبەر و کاربەدەستانی رێژیم بە پێی عادەتی خۆیان بۆ جارێکی دیکە دەستیان داوەتە دروشم و دروست کردنی تیئۆری سەقەت و بێبنەما. خامنەیی لە بەرامبەر گەمارۆکاندا تیئۆری «ئابووری بەرنگاری» هێناوەتە ئاراوە. باس لە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و پەرەپێدانی پێوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی بێلایەن و ئەو وڵاتانەی دژی ئامریکان، دەکا.

ناوبراو تەنانەت نایەوێ لە ئەزموونی دۆستەکانیشی کەڵک وەربگرێ و لەوە تێبگا کە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و بەهێزکردنی پێوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا پێوەندی راستەوخۆی بە کرانەوەی سیاسی لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات هەیە. گەشەسەندنی ئابووری لە دنیای ئەمڕۆکەدا بە بێ پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی پیشەسازی و زلهێزە ئابوورییەکان ئیمکانی نییە.

لەکاتێکدا خەڵک رۆژبەرۆژ هەژارتر دەبن، بێکاری لە پەرەسەندایەو بە پێی ئامارە درۆیینەکانی ئۆرگانەکانی دەوڵەت بێکاری لە ئاستی ١٥٪ دایەو لە نێو لاوان دا رێژەی بێکاری گەیشتۆتە ٣٠٪، بەڵام کاربەدەستان ئەمڕۆکە بە جێگەی بیرکردنەوەی عاقڵانە بۆ چارەسەری کێشەکان باس لە «فیتنەی ئابووری» دەکەن کە دوژمنان دەیانەوێ بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ، خەڵک لە بەرنامە ئابوورییە سەرکەوتووەکانی دەوڵەت بێ هیوا بەکەن و ئاژاوە بنێنەوە! لەم نێوەدا ئەوەی لە هەڵوێستی کاربەدەستانی دەوڵەت و سپای پاسداران لە چەند رۆژی رابردوودا دەردەکەوێ، ئەوەیە کە دەیانەوێ لە بارودۆخی نالەباری ئابووریش بۆ سەرکووتی خەڵک و نارازییان کەڵک وەربگرن.

لاپەڕە ٢

## گیرانی ١٦٠٠ کەس لە ٦ مانگی یەکەمی ئەو ساڵ دا



لە ٦ مانگەی یەکەمی ئەوساڵ زیاتر لە ١٦٠٠ کەسی خەڵکی ئێران لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەرکراون.

ناوەندی هەواڵدەریی هێرانا بڵاوی کردۆتەوە کەلە ٦ مانگی یەکەمی ئەوساڵدا زیاتر لە ١٦٠٠ کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هاووڵاتیانی ئێرانی بە بیانوو و تۆمەتی جۆراوجۆر دەستبەسەرکراون و لەگەڵ سزای جۆراوجۆر بەرەوڕوو کراونەتەوە.

بەپێی راپۆرتی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ٥ مانگەی یەکەمی ئەوساڵدا ٢٥ رۆژنامەنووس و چالاکی فەرهەنگی و راگەیاندن، ١٤٠ کەس لە چالاکانی کەمایەتییە مەزهەبییەکانی وەکوو بەهاییەکان، مەسیحییەکان، سوونی مەزهەبەکان و دەراویشی گۆنابادی دەستبەسەرکراون.

هەر لەم راپۆرتەدا هاتووە کە هەر لەو ٦ مانگەی ئەم ساڵدا ١١٩ چالاکی سیاسی و مەدەنی، ٢٨ چالاکی مافی مرۆڤ و مافەکانی ژنان، هەروەها ٨٦ چالاکی خوێندکاری، ٤٥ چالاکی کرێکاری کە زۆرتر مامۆستایان لەخۆ دەگرێ، دەستبەسەر کراون.

کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە درێژەی راپۆرتەکەی دا بڵاوی کردۆتەوە کەلانیکەم ١١٧٢ کەس لە خەڵکی ئێران لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان و مانگرتنەکان لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی و ئینتزامییەکانی ئێرانەوە دەستبەسەرکراون، هەروەها ١٣ کەسیش بەهۆی ئەو پێوەندیانە دەستبەسەرکراون کە لەگەڵ بنەماڵەی ئەو چالاکە دەستبەسەرکراونە هەیان بووە.

## پشتڕاست کرانەوەی حوکمی ئێعدامی حەبیبوڵا گوڵپەری پوور



حەبیبوڵا گوڵپەری پوور زیندانیی سیاسیی کورد کە بە تۆمەتی موحاربە لە رێگای چالاکی تەبلیغی و ئەندامەتی لە حیزبێکی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە لایەن دادگای شۆڕشی شاری مهابادەوە حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپابوو، ماوەیەک لەوە پێش لە لایەن دادگای باڵای کۆماری ئیسلامییشەوە حوکمەکەی پشتڕاست کرایەوە.

خەلیل بەهرامیان پارێزەری حەبیبوڵا گوڵپەری پوور وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە گوتی ئەم تۆمەتانە کە وەپاڵ گوڵپەری پوور دراون، لە گەڵ قسەکانی ناوبراودا نایەنەوە و دەرچوونی وەها حوکمێک لە حاڵێک دایە کە حەبیبوڵا گوڵپەری پوور لە کاتی قۆڵبەست کرانی دا تەنیا چەند کتێبێکی پێ بووە.

ناوبراو گوتی بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە حوکمەکە لە لایەن دیوانی باڵاوە پشتڕاست کراوەتەوە، هەردەم ئەگەری ئیعدامی ناوبراو لە ئارا دایە.

شیاوی باسە کە لە چەند مانگی رابردوودا پێنج چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیەوە ئیعدام کراون و ئێستاش زیاتر لە ١٦ کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد کە حوکمی ئیعدامیان بە سەردا سەپاوە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر دەبەن و هەردەم مەترسی ئەوە هەیە کە لە سێدارە بدرێن.

مووسەوی:

## ئەو سیاسەتە وێرانگەرانەی دەوڵەت دەبێ بخرێنە ریفراندۆمەوە



میرحوسەین مووسەوی، داوای لە دەسەڵاتدارانی ئێران کردوە کە ئەگەر باوەڕیان بەو شێوە بەڕێوەبەرییەی وڵات و سیاسەتەکانیان هەیە، با بێن و ئەو سیاسەتانە بخەنە ریفراندۆمەوە با بزانن خەڵکی دەنگیان پی دەدەن یا نا؟

مووسەوی لە وتووێژێکدا باس لەوە دەکا کە بارودۆخی ئێستای ئێران لەوپەڕی خراپی دایەو دەڵێ کە با وای دابنێین کە ئێمە هەموو دوژمنین و فریوخواردوین، ئێوە بەبێ گرینگیدان بە ئێمە بێن و پەیمانەکانی نێوان خۆتان و خەڵک وەک پاراستنی ئازادییەکانی خەڵک جێبەجێ بکەن و ریزدانان بۆ مافی چارەی خۆنووسینی خەڵک.

مووسەوی ئاماژەی بەوەکردوە کە بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی ئێران بزووتنەوەیەکی زیندوویە کە رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتر لە کۆمەڵگای ئێران دا ریشە دادەکوتێ.

مووسەوی بەبێ ئاماژە بەناوی ئەحمەدینژاد باسی لەوە کردوە کە ئەوە کە بێن لەبەرچاوی بەمیلیارد خەڵکی جیهاندا باس لەوە بکەن کە هیچ زیندانییەکی سیاسی لە ئێراندا نیە، ئەوە نیشان دەدا کە بزووتنەوەی سەوز لە هەموو کات و سات و شوێنێکی ئێراندا هەیە و ناهێڵێ ئەوان بە راحەتی دانیشن.

## گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە کوردستان بە بەرچاوی رێژیمەوە چالاکیی تەبلیغی دەکەن




بە پێی زانیارییەکان ماوەیەکە ئەم هێزە ئیسلامییانە بە بەرچاوی رێژیمەوە چالاکیی دەکەن و رێژیم کاری پێیان نەداوە. ئەم چالاکیانەی هێزە ئیسلامییەکان خەڵکی ناوچەکەی نیگەران کردوە

لەم ساڵانەی دواییدا، رێکخراوەی جیهانی ئەلقاعیدە توانیویەتی لە هێندێک ناوچەی کوردستان و یەک لەوان سەقز، ئەندام و لایەنگر پەیدا بکات و بە ناوی جیهاد و بەربەرەکانێ لەگەڵ کافر و خاچ پەرەستان، ژمارەیەک لە لاوانی کوردستانی لە خشتە بردوە و رەوانەی وڵاتانی ئەفغانستان، چیچان و عێراقی کردوون کە تا ئێستا بە لانی کەمەوە ٦ لاوی سەقزی لەو وڵاتانە گیانیان لەدەستداوە و لاوێکی دیکەش بە ناوی «محەممەد ئەنوەر سەقزی» لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە گیراوە و رەوانەی زیندانی گوانتانامۆ کراوە.

لە چەند رۆژی رابردوودا لە شاری سەقز، کۆمەڵێک CD بڵاوکراونەتەوە کە چەند ئەندامێکی ئەلقاعیدە بەجلی کوردییەوە نیشاندەدا و لە پەیامێکدا باسی کوشتنی دوژمنانی خوا دەکا، ئەم CD و بڵاوکراوانە لە نێو بەشێک لە ماڵەکانی گەڕەکەکانی: نەشمیلان، جووتیاران و شاناز، بڵاو کرداونەتەوە.

## هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیادا بەشداری کرد

هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا دا رۆژی دووشەممە ٢٧ی سێپتامبر لەو وڵاتە دا بەشداری کرد.

حیزبی کرێکاری بریتانیا (لیبر پارتی) وەکوو نەریت ساڵانە بۆ پێداچونەوە بە کارو هەڵوێستەکانی رابردو و دارشتنەوەی سیاسەت و بەرنامەی تازە بۆ داهاتووی حیزب و وڵاتەکەیان کۆنفرانسی بەرینی خۆی دەبەستێ و بۆ ئەو مەبەستە سەرەرای بانگهێشت کردنی رادەی نوێنەرانی حیزبەکەیان لە سەرتاسەری وڵات، کۆمەڵێکی بەرچاو لە میوانانی خاریجی وەکوو نوێنەرایەتی و سەفارەتی وڵاتە جۆراوجۆرەکان لە بریتانیا، شەخسیەتە ناو بەدەرەوەکان و حیزبەکانی دۆستی حیزبی کرێکار بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشت دەکرێن.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەکوو یەکێک لە حیزبەکانی دۆستی لیبر پارتی، هەموو ساڵێ یەکێک لە میوانانی هەمیشەیی ئەو حیزبەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بۆ گرینگی دان بەو بانگهێشتە، هەمیشە هەوڵی داوە بۆ هەرچی باشتر کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە بە مەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرانی حیزبی کرێکار و نوێنەرایەتییە جۆراوجۆرەکانی میوان لەو کۆنفرانسە دا و، بۆ زیاتر خستنە بەر چاو و راکێشانی سەرنجی بیرو رای ئەوان بۆ سەر مەسەلەی کورد و، سیاسەتی دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەوڵی حیزب بۆ چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستان دا، بە هەیئەتێکی پایەبەرز بەشداری لەو کۆنفرانسە دا کرد.

لە کۆنفرانسی ساڵی رابردوو دا هەیئەتێک بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی



حیزب بەشداری کرد و بۆ یەکەم جار بەرێز سکرتێری گشتی وێرای دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ شەخسیەتە جۆراوجۆرەکانی دیار لە سیاسەتی نێو نەتەوەیی دا، وتارێکی پێشکەش کرد کە جێگای سەرنجی بەشداران بوو.

لە کۆنفرانسی ئەمساڵ دا کە ٢٧ سێپتامبر تا ٣٠ سێپتامبری ٢٠١٠ لە شاری مانچستێر بەرێوەچوو، هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب بە سەرپەرستیی بەرێز مستەفا شلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی نوێنەرایەتی حیزب لە دەرەوەی وڵات، مەولوود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە بریتانیا، خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی ئەندامی مشاویری کۆمیتەی ناوەندی و بەپرسی یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە دەروەی وڵات و محەممەد میراوەیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا بەشداری کۆنفرانسەکەیان کرد.

## پەیامی پرسە و سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسیی حدک لە بنەماڵەی حەمە جەزا



دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیامێکی تایبەت دا پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی هونەرمەندی کۆچکردوو حەمەجەزا کردوە و لە گەڵ ئەو بنەماڵەیە هاوخەمیی خۆی دەربڕیوە.

ئەوە دەقی پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسیی حیزب بەو بۆنەیەوەیە:

بنەماڵەی بەرێزی هونەرمەندی کۆچکردوو کاک حەمە جەزا

کۆچی نابەوەختی هونەرمەندی شۆرشگێرو پێشمەرگەی دێرین کاک حەمەجەزا کەلێنێنیکی گەورەی خستە نێو دنیای هونەری شۆرشگێرانەی کوردی و غەمێکی قورسی خستە سەر دڵی هەموو ئۆگرانی هونەری بەرگری و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد.

کاک حەمە جەزا ئەو هونەرمەندە شۆرشگێرو بەدەروەستە بوو کە زیاتر لە چل ساڵ لە تەمەنی کورت و پڕ بەرهەمی خۆی گۆرانیی بۆ ئاشتی و ئازادی گوت و رۆڵەکانی نەتەوەی کوردی بۆ بەرەنگاری و فیداکاری هان دا. ئەوکاتەی زۆرکەس بێدەنگ بوون حەمە جەزا دەنگی هەڵ دەبڕی و ئەو رۆژەی هێندێ کەس دەستیان بە کڵاوی خۆیاندا دەگرت «با» نەیبا،ئەو «لە لووتکەی کەژا ئاڵای هەڵ دەگرت» .

بۆیە مەرگی ئەو خۆشەویستە لەدەستچووە بۆ هەمووان خەسارێکی گەورەو کارەساتێکی هەژێنەرە. بەوحاڵە ئێمە دڵنیاین کوردستان وەجاخ کوێر نیەو هونەرمەندانی لاوی کورد ئەو ئەرکە لەسەر شانی خۆیان هەست پێ دەکەن کە هەم لە بواری هونەری و هەم لە مەیدانی بەرگریدا هەوڵ بدەن کەلێنی حەمە جەزای هەمیشە لەیاد پڕ بکەنەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێرای دەربڕینی داخ وکەسەر لەمەرگی پێشوەختی هونەرمەند کاک حەمە جەزا پڕبەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵە سەربەرزەکەی و لەبنەماڵەی گەورەی هونەری شۆرشگێرانەی کوردی و لە تێکڕای خەڵکی بەئەمەگی کوردستان دەکاو بۆگیانی نەمری هونەرمەندی کۆچکردوو بەهەشتی بەرین و بۆهەموو ئەندامانی بنەماڵەو ئۆگرانی هونەرە بەرزەکەی سەبووری بەئاوات دەخوازێ.

رووحی شادو رێگای هونەرو هیواکانی بەردەوام بێ.

**دەفتەری سیاسی**
**حیزبی دێموکرات کوردستان**
**٢٠١٠/١٠/٠٢**

## بەرێوەچوونی سمینارێک بۆ د. سەعید شەمس لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

کوردستان: سەر لە بەیانیی رۆژی شەممە ٣ ی رەزبەر کۆبوونەوەیەک بۆ دوکتور سەعید شەمس چاودێری سیاسی و کەسایەتیی ئاکادمیکی کورد لە یەکێک لە سالۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە پێک هات.

دوکتور شەمس کە باسەکەی هەڵسەنگاندنی ستراتیژی کورد لە خەباتی رزگاری خوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کردبوو، جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستانی لە سەردەمی مودێرندا بە سەر سێ شەپۆل دابەش کرد.

شەپۆلی یەکەم لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی تا پێک هێنانی کۆماری کوردستان، شەپۆلی دووەم لە رووخانی کۆمار تا سەردەمی شەڕی سارد و شەپۆلی سێهەم لە کۆتایی شەڕی ساردەوە تا ئێستا.

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە دەستی پێ کردوە.

بەرێزیان بە ئاماژە بە سەردەمی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێ کاف گوتی ئەو دەم چ لە کۆمەڵەی ژێ کاف و چ دواتر بە دامەزرانی حیزبی دیموکرات و چ لە بیری پێشەوا قازی محەممەد دا جگە لە سەربەخۆیی هیچ بیرێکی دیکە لە ئارادا نەبووە. لە ساڵەکانی ٢٦ و ٢٧ یش دا بە سەراحەت باس لە سەربەخۆیی و تەنانەت باس لە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان کراوە، بەڵام دوای ئەوە ئەو بیرە هەتا سێ ساڵ لەوەپێش لە حیزبی دیموکراتدا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و شاراوە بووە.

دوکتور شەمس لە درێژەی باسەکەیدا باسی لەوەکرد کە، لە ساڵی سی و دووەوە ستراتیژی حیزبی دیموکرات دەگۆرێ و لە سی و هەشتەوە «دوروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» دێتە گۆرێ، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە دیموکراسی بە تەنیا کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستان چارەسەر ناکا. دوکتور سەعید شەمس بە ئاماژە بە ئاڵۆگۆرەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و هەروەها ئەو قەیرانە قووڵەی کە ئەورۆ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی گرتۆتەوە گوتی کە دەبێ لەم دەرفەتەدا کورد پێداچوونەوەیەک بە سیاسەتی خۆیدا بکاتەوە و بە لەبەرچاو گرتنی بڕیاری دادگای لاهە



لە سەر سەربەخۆیی وڵاتی کۆسۆڤۆ باس لە رزگاری نەتەوەیی بکا.

دوکتور شەمس لە کۆتایی باسەکەیدا کوتی کە بە لەبەر چاو گرتنی هەلومەرجی ئێستا دەبێ کورد شەفافیەت بە سیاسەتەکەی بدا و ستراتیژی سەربەخۆیی بۆ دوارۆژی خۆی دیاری بکا.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوان چەندین پرسیاریان لەسەر بابەتی باسەکە ئاراستەی دوکتور شەمس کرد کە لە لایەن ناوبراوەوە وڵامیان درایەوە.

## لە کۆبوونەوەی ساڵانەی شووڕای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخی نالەباری ژنانی کورد خرایە بەر باس

لە درێژەی کار و چالاکیەکانی هەیئەتی حیزب لە کۆبوونەوەکانی ساڵانەی شورای مافی مرۆڤ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ، خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی



کوردستان، لە پانێلێکدا کە بۆ باس لە سەر وەزعی ژنان لە ئێران پێکهاتبوو، تیشکی خستە سەر ژان و ئازارەکانی ژنانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

رێزدار شەرەفکەندی کە لەو پانێلەدا وێرای هاورێیان کاوە ئاهەنگەری و ئارەزوو کەریمپور بەشداری کرد، لە بەشی پانێلدا باسێکی سەبارەت بە گرفتەکانی ژنی کورد لە ئێران و جیاوازی مەسەلەی ژنی کورد لە گەڵ ژنانی ئێرانی پێشکەش کرد.

گوڵاڵە شەرەفکەندی باسی لە گرفتی ژنانی کەمە نەتەوەکان و غەیرە مەرکەزنشین کرد و بە تایبەت هاتە سەر باسی ژنی کورد کە هەمیشە کێشەی مافی نەتەوەیی هەبووە و ئەوە موشکیلاتی ژنی کوردی لە ئێراندا چەند قات کردووە. ئاماژە بەو راستییە کە لە کوردستان چالاکانی ژن لە نێو رێکخراوە سیاسییەکان هاتوونە دەر وکارتێکەری ئەو مەسەلەیە لە سەر باسی وەزعی ژنی کورد لە ئێران تەوەری سەرەکی باسەکە بوو. گرینگترین مەسەلە بە وتەی خاتوو شەرەفکەندی، فاسیلە و لێک حالی نەبوون یان کەم حالی بوونێکە لە نێوان چالاکانی ژنی کورد و چالاکانی بواری ژنان لە ئێران کە بە چاوی تەرەحوم چاو لە کوردستان دەکەن بێ ئەوەی بزانن مەسەلەی ژنی کورد تەنیا مەسەلەی ژن بوونیان نییە. ئاماژە بە گرینگی پێویستی دابین کردنی ئەو پێوەندییە و تەنانەت بۆ کۆر و کۆمەلە نێو نەتەوەییەکان سرنجدان بەو مەسەلەیە و تێگەیشتن لەو جیاوازییە وەک پەیامی سەرەکی ئاماژەی پێکرا.

درێژەی:

## پێویستە بە هاوبەشی رووبەڕووی گەشەسەندنی تیرۆریزم و رادیکالیزمی ئیسلامی لە کوردستان بینەوە

بەرێز کەریمی لە درێژەدا کرانەوەی تەلەویزیۆنی «اهل بیت» بۆ شیعەکان بە لایەنێکی ئەو پرۆژەیە لە قەڵەم دەدا کە لەو تلویزیۆنەدا بەردەوام بێ رێزی و تەوهین بە سوونی مەزهەبەکان دەکرێ تا هەم سوونییەکان دژی شیعەکان هان بدا و هەم شیعەکان دژی سوونییەکان هان بدا.

کەماڵ کەریمی مەبەستی سێهەمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاستی کێشە ناوچەیی و جیهانییەکانی کۆماری ئیسلامی گێرایەوە و وتی ئێستا بەکردەوە ئەلقاعیدە هاوپەیمانی سەرەکی کۆماری ئیسلامییە بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئامریکا و رۆژئاوا. بە باوەری بەرێز کەریمی ئەلقاعیدە و کۆماری ئیسلامی زۆر خاڵی هاوبەش و ئامانجی هاوبەشیان پێکەوە هەیە و بە تایبەت کۆماری ئیسلامی لانیکەم لەم قۆناخەدا زۆر پێویستی بە القاعیدە هەیە تا بتوانێ لەو رێگەیەوە کێشەی زۆرتر بۆ ئامریکا و رۆژئاواییەکان درووست بکا و سەرنجی ئەو وڵاتانە بەرەو لای ئەو گرووپە بە لارێدا ببا. ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی بەدووری نەزانی کە هاوکاری کردن و ئازادکرانی چالاکیی گرووپە رادیکاڵە ئیسلامییەکان لە کوردستان لە چوارچێوەی ئیمتیازدانی رێژیم بە ئەلقاعیدە لە ناوچەکەدا بێ.

بەرێز کەماڵ کەریمی لە کۆتاییدا جارێکی دیکە جەختی لە سەرپێویستی کار و بەرنامەی هابەشی هێز و لایەنە کوردستانییەکان لەو پێوەندییەدا کردەوەو کاری، فەرهەنگی، لە قاودانی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی و وریا کردنەوەی رای گشتی و هەروەها لە ئاستی دیپلۆماسی و نێونەتەوەییشدا ئاگادارکردنەوەی ئەو هێز و لایەنانەی لە بەرەی دژی تیرۆردان، بە بەشێک لەو بەرنامە هاوبەشانە زانی کە دەبێ هێزە کوردستانییەکان کاری لەسەر بکەن.

درێژەی:

## لە ئابووریی بەرەنگارییەوە تا فیتنەی ئابووری

«فیتەی ئابووری» واتە ئەگەر کەسێک رەخنەی لە سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت گرت، ئەویش دوژمنەو بە کرێگیراوی بێگانەیە. ئەگەر خەڵکێک هاواریان کرد وتیان هەژارین و برسیمانە، سەرکوتیان بکەن و پێیان بڵێن دوژمن فێری کردون.

بە پێی سروشتی کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی زۆرشت کە «نابێ ببێ و بکرێ» مان لێ دەکرد بەڵام شاید کەم کەسمان پێمان وابوو چارەنووسی ئەم رێژیمە رۆژێک دەگاتە ئەو شوێنەی کە ئەگەر کەسێک وتی: «برسیمە» ئەو کەسە بە ئاژاوەگێرو عامیلی فیتنە لە قەڵەم بدەن.

ئەوەی ئەمرۆکە ئابووریناسان و کارناسانی لە چارەسەری قەیرانی ئابووری بێهێوا کردوە، نەبوونی متمانەیە لە نێوان خەڵک و دەوڵەت دا. واتە درووست بوونی متمانە لە نێوان خەڵک و دەوڵەت دا مەرجی سەرەکی تێپەڕبوونە لەم قۆناخە ئەستەمە ئابوورییە. پاش شەڕی جیهانی دووەم کاتێک وڵاتی ژاپۆن، ببووە وێرانەیەک و لە رووی ئابوورییەوە تەواو تێک رووخابوو، سەرۆکی ئەوکاتی ژاپۆن شاربەشار گەڕاو بە چاوی گریانەوە بە خەڵکی دەکوت، تەنیا رێگە ئەوەیە کە ژاپۆنییەکان بۆ چەند ساڵ کەم بخۆن و کەم بنون. ٣ ژەم خواردن، بۆ دوو ژەم کەم بکرێتەوە و پووڵی ئەو یەک ژەمە خواردنە بدرێ بە دەوڵەت. خەڵکی ژاپۆن کە متمانەیان بە حکوومەتەکەیان هەبوو، وەڵامی سەرۆکیان دایەوە و خەڵک رۆژانە پوڵیان بە حکوومەت دەدا. هەر ئەم هەڵوێستەی خەڵک و حکوومەت بوو کە بوو بە هۆی ئەوە کە ژاپۆن پاش چەند ساڵ ببێتە هێزێکی گەورەی ئابووری.

# راگەیەندراوی هاوبەش

# سەبارەت بە تەقینەوەکەی شاری مەهاباد




پێشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٣١ی خەرمانانی ٢٧١٠، رێکەوتی ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٠ ،لە کاتێکدا هـێـزە چـەکـدارەکـانـی کۆماری ئیسلامی لـە شـاری مـەهـاباد، لە بیرەوەری هێرشی ئەرتەشی عێراق بۆ سەر ئێران، لە حاڵی رێژەدا بوون و لە پەڕاوێزی ئەو خۆنواندنەدا ژمارەیەک ژن و منداڵ ئاپۆڕەیان بەستبوو، بۆمبێک لە نێو ژن و منداڵەکەدا تەقییەوە کە بە هۆیەوە لانیکەم ١٠کەس گیانیان لە دەستدا و دەیانی دیکەش بریندار بوون.

هـەرچـەنـدە هـەتـاکـوو ئێستا زانیارییەکی ورد لە سەر بکەرانی ئەم تاوانە لەبەر دەستدا نییە، بەڵام سـەبـارەت بـەوەی کە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی هەرگیز لە خەباتی رەواییاندا پەنایان بۆ رەشە کوژی و بۆمب دانـانـەوە لـە نێو خەڵکدا نەبردووە و بە پێچەوانەوە کۆماری ئیسلامی خۆی لە رێکخستنی ئەو جۆرە پیلان و کردەوانە بە ئامانجی دیـاری کـراو، خـاوەن رابردوویە؛ شیمانەی هەرە لە پێش ئەوەیە کە دام و دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی، یان گرووپگەلێک کە هـەر لە لایان ئـەوانـەوە بـە کـار دەهـێـنـدرێن، بە مەبەستی ئەمنییەتی کردنی زیاتری کـەشـوهـەوای سیاسی کوردستان و بـوار خـۆشـکـردن بـۆ گـرتـن و راوەدوونـانـی چـالاکـانـی سیاسی و مـەدەنـی و هـەروەهـا بوختان هەڵبەستن بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دەست بردن بۆ پیلانی تێرۆریستی لە دژیان، خۆیان ئەو تاوانەیان رێک خستبێ. هەر ئەوە کە کار بەدەستانی رێژیم دوا بە دوای رووداوەکە بە پەلە و بێدوا کەوتن قامکی تاوانیان بۆ « دژە شۆڕش» راکێشا، نیشانەی ئەو راستییەیە.

بۆیە ئێمە زۆر بە توندی ئەم تاوانە مەحکووم دەکەین و پرسە و پەرۆشی خۆمان بۆ گیان لە دەست دانی ئەو ژمارەیە لە خەڵکی مەدەنی دەردەبڕین.

**١– کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**٢– حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٣– پارتی ئازادیی کوردستان**
PAK

**٣١ خەرمانان ٢٧١٠**
**٢٢ سێپتامبر ٢٠١٠**

## راگەیەندراوی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان

## لە پێوەندی لە گەڵ تەقینەوەی رۆژی چوارشەممەی شاری مهاباد

# تەقینەوەکەی مهاباد لە خزمەتی کێ دایە؟

پـێـش نـیـوەڕۆی رۆژی چـوارشـەمـمـە ٣١ی خـەرمانان بـەرامـبـەر بـە ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٠ی زایینی لە کاتێکدا هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی ساڵوەگەڕی دەستدرێژی ئەرتەشی عێراق بۆ سەر ئێران، لە شـاری مهاباد خەریکی رێژە بوون و ژمارەیەکی زۆریش ژن ومنداڵ بۆ تەماشای رێوڕەسمەکە چووبوونە ئەو شوێنە، بۆمبێکی بەهێز لەنێو ئاپۆرای ژن و منداڵ تەقیەوە و لە ئاکامدا زیاتر لە دە کەس کە زۆربـەی هەرە زۆریان ژن و مـنـداڵ بـوون گیانیان لـەدەسـت دا و دەیـان کەسیش بریندار بوون. لە سەر ئەوەیکە ئەو کارە تێرۆریستییە لەلایەن چ کەس یان کەسانێکەوە بەرنامەی بۆ دارێـژراوە و جێبەجێ کراوە، تا ئێستا لە حەدس و گومان بەو لاوە زانیارییەک لەدەست دا نیە و هیچ هێز و لایەن و گرووپێک بەرپرسایەتیی ئەو کـردەوە دژە ئینسانییەی وەئەستۆ نەگرتوە.

دیارە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە عادەتی هەمیشەیی خـۆیـان کـەوتـوونـە داتاشینی تیئۆری و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد یان بە قەولی ئەوان « دژە شۆڕش» لەنێوخۆ و ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەوەی پێی دەڵێن « ئیستیکباری جیهانی« لـە دەرەوەیـان بـە داڕێـژەر و بـەڕێـوەبـەری ئـەو کـارە دزێـوە تێرۆریستییە لە قەڵەم داوە. لە نوختەی بەرامبەردا بە خۆشیەوە زۆربەی نێزیک بە تەواوی هێزە سیاسییە پێشکەوتووەکانی کورد تەقینەوەکەیان رەت کردۆتەوە و بە توندی مەحکوومیان کردوە.

زۆر خـۆش دەبـێ هـەم دام و دەزگـا دەوڵـەتـیـیـەکـان و هـەم هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن هـەرکام به پێی ئیمکانی خۆیان بەرپرسانە بە دوای بەرپرسانی ئەو تاوانە دژی ئینسانییەدا بگەڕێن و هەر کات راستیی کارەسەتەکەیان بۆ دەرکەوت، بێ پەردە جینایەتکاران بە بیـروڕای خەڵکی کوردستان و ئـێـران و جیـهـان بناسێنن و ریسوایان بکەن و سزای شیاوی کردەوە دزێوەکەشیان بە سەردا بسەپێنن. بـەڵام تا وەختێک ئەو کـارە نـەکـراوە تۆمەتبار کردنی لایـەنـێـک بـە شـێـوەیـەکـی روون و دیـاریـکـراو بـۆ ئـەوانـەی هـەر لـە خـۆوە تـۆمـەت لـێ نـادەن و تۆمەتبار ناکەن، کارێکی ئاسان نیە. تەنیا هەڵسەنگاندنی دروست لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە لەلایەک رابـردووی کار و تێکۆشانی هێز و لایەنە دژ بە یەکەکان بخەینە بە رچاو و لەلایەکی دیکە بزانین لـە کـردەوەیـەکـی قێزەونی وەک تەقینەوەی ٣١ی خەرمانانی مهاباد کێ قازانج دەکا.

ئەگەر چاوێک بە رابردووی هێـزە سیاسییە بەرپرسەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتدا بخەشێنین، دەبینین کە لە ماوەی نێزیک بـە ٣٢ سـاڵ بەرەنگاری لەگەڵ پەلاماری دڕندانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستاندا هیچ وەخت پەنایان بۆ بارمتە گرتن، فرۆکە رفاندن و ئەسیر کوشتن و بە کورتی کردەوەی تێرۆریستی و هەر عەمەلیاتێک کە ژیانی ژن و منداڵ و خەڵکی بێ دیفاع بخاتە مەترسییەوە، نەبردوە. بەڵام لە بەرامبەردا هێزە بەکرێگیراوەکانی کـۆمـاری ئیسلامی بـە دەیـان و سەدان جار پەنایان بۆ کوشتاری بـە کـۆمـەڵ و وێـرانـکـردن و سووتاندن و رووخاندنی شار و لادێ بە تایبەتی لە کوردستان بـردوە و کـارنـامـەیـەکـیـان بۆ کۆماری ئیسلامی دروست کردوە کە مێژووی مرۆڤایەتی شەرمی لێ دەکا.

خۆ ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە چ کەس و کەسانێک قازانجیان لە وەرێخستنی شەپۆلی نائەمنی و کردەوەی تێرۆریستیی دا هەیە، بە ئاسانی تێدەگەین کـە هێزە ئازادیخواز و نیشتانپەروەرەکان نەک هەر لە کوردستان، بگرە لە سەرانسەری ئێران دا قازانجی خۆیان لەوەدا دەبینین کە فەزایەکی سالم بە سەر وڵاتدا حاکم بێ و بە شێوەی قانونی و ئاشتیخوازانە داخوازە رەواکانیان بێننە گۆڕێ و دیفاعیان لێ بکەن. لە بەرامبەردا ئـەوە کـۆمـاری ئیسلامییە کە لـە رووبـەڕوو بـوونـەوەی ئاشـتـیـخـوازانـە و دێموکراتیدا هەڵوێستی خۆی بە لاواز دەبینێ و حەز دەکا بەربەرەکانییەکە لە شارەوە بەرێتە شاخ و لە جیاتی قەڵەم پەنا بۆ شمشیر بەرێ.

بـەو پێیە بە بـاوەڕی ئێمە تۆمەتباری یەکەم لە تەقینەوەکەی مهاباددا و هەر کردەوەیەکی لەو چەشنەدا کـۆمـاری ئیسلامی لە تـەواوەتـی خـۆیـدا، یا هـەر نەبێ گرووپێک و بنیاتێک لەو هەموو باند و تاقمەیە کە ئەم رێژیمە بۆ بەرەنگار بوونەوەی بزووتنەوەی حـەقخـوازانـەی خەڵک دروستی کردوون و وەڕێی خستوون. بە تایبەتی لە کوردستان ، ئەوانن کە دەیانەوێ توێژە جۆراوجۆرەکانی کـۆمـەڵ لـە دژی یـەک راسـت بـکـەنـەوە و کـورد بە دەستی کورد بە کوشت بدەن و لە ئاکامدا فەزای متمانە بە یەک کردن لە نـێـو کـۆمـەڵانـی خـەڵکی کـوردسـتـان دا لـە نێو بەرن.

ئـێـمـە لەحاڵێکدا بـە تـونـدی کـردەوەی تێرۆریستی ئەمرۆکەی مهاباد مەحکووم دەکەین و سـەرەخـۆشـی خۆمان لە بنەماڵەی قوربانییانی مـەدەنـیـی ئـەو جینایەتە سامناکە رادەگەیەنین و سـاغـی و سـڵامـەتـی بۆ بـریـنـدارەکـان بـە ئاوات دەخـوازیـن، داوامـان لە کۆمەڵانی وشیار و بێداری خەڵکی مهاباد و شار و ناوچـەکـانی دیـکـەی کـوردستان و سـەرانـسـەری ئێران ئەوەیە کە وشیار بن و نەکەونە داوێک کە رێژیمی بە نـاو ئیسلامی لێرەو لەوێ بۆیان دەنێتەوە رێگە نەدەن بێ متمانەیی بەیەکتر روویان تێ بکا و دوژمنی راستەقینەی ئامانج و ئاواتە هاوبەشەکانیان لە بیر بەرێتەوە. دڵنیاین هـەموو لایـەک دەزانن لە دووبەرەکی و ناکۆکیی نـێـوان دەسـتـە و گـرووپـەکـانـی کـۆمـەڵ دا، ئـەوەی گـرەوەکـە دەباتەوە، تەنیا دوژمنی هاوبەشی هەمووان، واتە کۆماری ئیسلامی، زەوتکەری ماف و ئازادییەکانی گـەلـی کـورد و هـەمـوو خـەڵکی ئێرانە.

بـە شـێـوەیـەکـی روونـیـش داوامـــان لـە خـەڵـکـی وریـا و ئـاگـای شـارە خـۆشـەویـسـت و مـاتـەمـبـارەکـەی مهاباد ئەوەیە، بە دڵێکی فرەوانـەوە هاودەردی دەگـەڵ بـنـەمـاڵـەی کـوژراوان و برینداراني ئەو رووداوە دڵتەزێنە بکەن و تێ بکۆشن بە پێچەوانەی ویستی نـەیاران، ئـەو کارەساتە بکەنە دەرفەتێک بۆ هاودەردی و هاودڵی و یەکدەنگی. ئەمەیە رێگای دروستی بەرەنگاریی ئەو تاوانە و لە وشیاری و ئاگایی خەڵکی قارەمانی مهابادیش دڵقایمین.

**سکرتاریای**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**٣١ خەرمانانی ١٣٨٩ی هەتاوی**
**٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٠ زایینی**



**سەرنج**

**لـە ژمـــارە پـێـشـووی «کوردستان» لاپەڕەی یەکەم دا هەواڵێک لەسەر شێواندنی مینۆمێنتەکەی شەهیدانی وییەن بلاو بۆوە و ئەم کارە نابەجێیەش کاری رێکخراوی نیئۆنازییەکان بـوو. لە هـەواڵـەکـەدا هەڵەیەکی تکنیکی کرابوو کە نووسرابوو ئـەو گـرووپـە زیـاتـر لـە ٧٠ سـاڵ لەمەوبەر دامـەزراوە کـە دروسـتـەکـەی ئـەوەیـە: رێکخراوی نیئۆنازییەکان لە ساڵی ١٩٧٠وە دامەزراوە.**

# لێکدانەوەیەکی کورتی قسەکانی ئەمساڵی ئەحمەدی نژاد لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا

مەسعود ڕەواندوست

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی سێپتامبری ٢٠١٠ (١ی ڕەزبەری ١٣٨٩) شەستو پێنجەمین دانیشتنی ساڵانەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری نیۆیۆرک و لە بنکەی ئەم ڕێکخراوە دەستی بە کارەکانی کرد. مەحموود ئەحمەدی نژاد ئەمساڵ بۆ شەشەمین جار وەک سەرۆک کۆماری ئێران بەشداری ئەم دانیشتنانە بوو و لە کۆبوونەوەی دوانیوەڕۆی یەکەم ڕۆژی دانیشتنەکاندا وتارەکەی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.

وتاری ئەمساڵی ئەحمەدی نژاد هەر ئەمجۆرەی چاوەڕوان دەکرا وەک ساڵانی پێشوو پڕ بوو لە ئیدیعا و دروشمی سەیر و دوور لە پرەنسیپە سیاسی و دیپلۆماتیکە باوەکان و هەر بەم هۆیەشەوە وەک ساڵانی پێشوو سەرنجی زۆربەی ڕاگەیەنەکان و خەڵکی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و کۆمەڵێک هەڵوێست و ڕاو بۆچوونی توند و تەنانەت بێزاریی بەدوادا هات. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ تیشک بخرێتە سەر بەشێک لە قسە و ئیدیعاکانی ئەمساڵی ئەحمەدی نژاد لە دانیشتنی ساڵانەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا.

مەحموود ئەحمەدی نژاد وەک هەمیشە دوای کۆمەڵێک دوعا و پاڕانەوە و خوێندنەوەی ئایاتی قوڕئان دەستی بە قسەکانی کرد. ناوبراو سەرەتای قسەکانی بە هێرش بۆ سەر سەرمایەداری دەست پێکرد و ڕایگەیاند کە سەرمایەداری و شێوازی بەڕێوەبەریی ئێستای جیهان دوای سەد ساڵ بە کۆتایی ڕێگە گەیشتوە و بۆ کێشە و گرفتەکانی ئەمڕۆ ناتوانێ وڵامدەر بێ و هیچ وڵامێکی بۆ کێشەکانی جیهان پێ نیە. ئەحمەدی نژاد بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە دوو هۆکاری دوور کەوتنەوە لە مەعنەویات و لاوازیی بەڕێوەبەریی جیهانیی خستە بەر باس.

ناوبراو هۆکاری یەکەمی بۆ لاواز بوونی بیروباوەڕی ئایینی و دوورکەوتنەوە لە ئاسمان و نوقم بوون لە مادییاتدا گەڕاندەوە و دوای هێنانەوەی کۆمەڵێک چیرۆک لە مێژووی ژیانی پێغەمبەران هەموو شەڕ وماڵوێرانییەکانی جیهانی لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە ئاکامی دوور کەوتنەوە لەم چەمکانە لەقەڵەمدا.

ئەحمەدی نژاد لە حاڵێکدا وەک مامۆستایەکی ئایینی کەوتبووە ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی دەسەڵاتدارانی جیهان و نوسخەی بۆ بەڕێوەبەریی جیهان دەپێچایەوە کە بە شاهیدی هەموو خەڵکی ئێران و جیهان لە ماوەی یەک ساڵ و چوار مانگی ڕابردوو و لە دوای کودێتای هەڵبژارنەکانی ساڵی ٨٨دا، لە ژێر سێبەری حکومەتێکی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتیی وەلیی فەقیە کە خۆی بە نوێنەری خوا لەسەر زەوی دەناسێنێ، هەزاران کەس لە خەڵکی بێ دیفاعی ئێران تەنیا بە تاوانی داوای مافی خۆ کردن کەوتوونەتە بەر دڕندانەترین هێرشەکان و سەدان کەس کوژراو برینداار کراون و لە زیندانەکاندا کەوتوونەتە بەر ئەشکەنجە و تەنانەت دەستدرێژی و سووکایەتی و حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

مەحموود ئەحمەدی نژاد دواتر هاتە سەر باسی بەڕێوەبەریی گشتیی جیهان و بە هێنانەوەی سێ ڕووداو وەک بەڵگە هەوڵیدا ئەم بەڕێوەبەرییە هەڵبسەنگێنێ.

یەکەمین ڕووداو و لە ڕاستیدا شابەیتی وتەکانی ئەمساڵی ئەحمەدی نژاد باس لەسەر لایەنەکانی ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ی ئامریکا بوو کە تێیدا لە ئاکامی هێرشێکی تیرۆریستی بۆ سەر بورجە دوانەکان سێ هەزار کەس کوژران.

ئەحمەدی نژاد لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا باسی لە سێ تیۆری لەسەر بکەران و بڕیاردەرانی ئەم جینایەتە کرد کە بە باوەڕی ناوبراو یەکیان لە هەموان بەهێزترە و جێی باوەڕی زۆربەی خەڵکی ئامریکا و جیهان و بەشێکی زۆر لە دەوڵەتی ئامریکایە، ئەویش ئەوەیە کە بەشێک لە دەوڵەتی ئامریکا بۆ گۆڕینی ڕەوتی دابەزینی ئابووریی ئامریکا و بۆ دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها ڕزگارکردنی ڕێژیمی سەهیونیستی ئەم کارەی کردوە. ئەم تیۆرییەی ئەحمەدی نژاد کە هەوڵێک بوو بۆ بردنە ژێر پرسیاری خوێندنەوەی ڕەسمی و باو لەم کردەوە تیرۆریستییە، لە لایەن زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکاوە بە توندی مەحکووم کرا و بە بێ حورمەتی بە خەڵکی ئامریکا لەقەڵەم درا. ئەم قسانەی ئەحمەدی نژاد بوو بە هۆی ئەوەی کە نوێنەرانی ئەمریکا و ٢٧ وڵاتی یەکیەتیی ئوروپا شوێنی کۆبوونەوەکان جێ بێڵن و وەک ساڵانی پێشوو زۆربەی بەردەنگەکانی ئەحمەدینژاد لە کورسییە بەتاڵەکان پێک بێن.

ئەوەیکە مەحموودئەحمەدینژاد لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا کە لە ڕاستیدا تریبۆنێکی جیهانییە کە دەوڵەتان تێیدا بەرگری لە مافی وڵات و میللەتەکەیان بکەن، هەر ساڵە و بابەتێکی لەم چەشنە دەرووژێنی کە دەبێتە هۆی بێزاری و تووڕەیی زۆربەی بەشداربووانی کۆبوونەوەکان و وای لێهاتووە کە خەڵکی جیهان هەر ساڵە چاوەڕوانی شتێکی سەیرتر لە ئەحمەدی نژاد بکەن، ئەوەیە کە ناوبراو دەیهەوێ بە وروژاندنی بابەتی لەم چەشنە ڕای گشتیی جیهان لە قەیران و گرفتەکانی ڕێژیمی تاران دوور بخاتەوە، بە تایبەت دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵی ڕابردووی خەڵکی ئێران و چوونە ژێر پرسیاری هەرچی زیاتری مەشرووعییەتی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و نیزامی ویلایەتی فەقیە.

ئەگینا جێی خۆیەتی ئەم پرسیارە لە ئەحمەدی نژاد بکرێ کە ئەوە چۆنە دوای ٩ ساڵ لە ڕووداوی ١١ی سێپتامبر ئەم بابەتەی وەبیر هاتۆتەوە لە حاڵێکدا کە ئەوە شەشەمین ساڵە کە لەم کۆبوونەوانەدا بەشداری دەکا و تا ئێستا باسی لەم ڕووداوە نەکردوە.

بێگومان ئەم وتانەی مەحموود ئەحمەدی نژاد لەم کۆبوونەوانەدا لە ڕووی نەزانییەوە نیە و لە نەکاو بەسەر زاریدا نەهاتووە، بەڵکوو بە پێی نووسراوێکی سایتی "عصر ایران" کە ساتێکی سەر بە بناژۆخوازانە، دەقی وتارەکەی ئەحمەدی نژاد ئاکامی چەند مانگ لێکدانەوە و ڕاوێژی ڕاوێژکاران و تەنانەت چەند مامۆستای زانکۆیە و بە تێبینییەوە بابەتەکان دەستنیشان کراون بۆ ئەم وتارە.

لە درێژەی ئەم بابەتەدا ئەحمەدی نژاد ڕایگەیاند کە ساڵی داهاتووئێران میوانداری کۆنفراسێک دەبێ لەسەر تیرۆریزم و ڕێگەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆر و داوای لە ڕێبەرانی جیهان و هەروەها بیرمەندان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە کرد کە بەشداری ئەم کۆنفرانسە بن. دیارە لەم بارەوە بێگومان ئێران وەک سەرچاوەی تیرۆر و تیرۆریزم لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا خاوەن ئەزموونێکە کە لەوانەیە کەمتر وڵاتی دیکە هەیبێ و هەر خۆی باشتر لە هەر وڵاتێک شێواز و مێتۆدەکانی تیرۆریزم دەناسێ، بەڵام ئەوەیکە ئەم ڕێژیمە ئیدیعای بەڕێوەبردنی کۆنفرانسێک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزمی هەبێ زیاتر وەک گاڵتەکردن بە شعوور و هەستی جیهانیان و بە تایبەت قوربانیانی دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دێتە بەرچاو.



**وتاری ئەمساڵی ئەحمەدی نژاد هەر ئەمجۆرەی چاوەڕوان دەکرا وەک ساڵانی پێشوو پڕ بوو لە ئیدیعاو دروشمی سەیرو دوور لە پرەنسیپە سیاسی و دیپلۆماتیکە باوەکان و هەر بەم هۆیەشەوە وەک ساڵانی پێشوو سەرنجی زۆربەی ڕاگەیەنەکان و خەڵکی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و کۆمەڵێک هەڵوێست و ڕاو بۆچوونیتوند و تەنانەت بێزاریی بەدوادا هات**

دووەمین بابەت کە ئەحمەدی نژاد وەک بەڵگە لە هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەریی جیهانیدا هێنایە بەرباس کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل بوو کە تێیدا ئیسرائیلی بە داگیرکەری فەلەستین و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەت ئامریکای بە پشتیوانانی ئیسرائیل ناساند و ئەوەی بە نیشانەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و زوڵم و جینایەت ناوبرد کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە لایەنگری لە ئیسرائیل و ملکەچ بوون لە بەرامبەر ویستەکانی سەهیونیزمدا پشتیوانی لێ دەکەن.

ناوبراو ڕوونی نەکردەوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیش لە پشتیوانی کردن لە موسوڵمانان و لێقەوماوانی جیهاندا بە وتەی خۆی ڕاستگۆیە، بۆچی تەنیا کێشەی فەلەستینییەکان و داگیرکەریی ئیسرائیلی بۆ گرنگە؟ لە حاڵێکدا کە ڕێژیمی تاران لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ نەتەوەکانی نێوخۆی ئێراندا لە ماوەی ٣١ ساڵی ڕابردوودا دەستی لە هیچ تاوانێک نەبواردوە. هەروەها ئەگەر ئەم ڕێژیمە پشتگیری لە موسوڵمانان بە ئەرکی ئیسلامیی خۆی دەزانێ بۆچی تەنانەت جارێک لە بەرامبەر کوشتاری موسوڵمانان لە چیچێن و چین و .. دا نارەزایەتی دەرنەبڕیوە؟

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەروەک گوترا مەبەستی ڕاستەقینە لەم وتانە دروست کردنی کەش و هەوایەکی ئاڵوز لە دەوری وتەکانی ئەحمەدی نژادە بۆ ئەوەی لە لایەک ڕای گشتی لە قەیران و گرفت و بێ مەشرووعییەتیی دەوڵەتی تاران دوور بخرێتەوە و لە لایەکی دیکەوە ئەم کۆبوونەوەیە ببێتە تریبونێکی جیهانی بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتیی بەشێک لە موسوڵمانان و بە تایبەت جیهانی عەرەب کە دژی سیاسەتەکانی ئامریکا لە ناوچە و بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی فەلەستیندان.

محموود ئەحمەدی نژاد لە جیاتی ئەو ماوەیەی پێی دەدرێ بۆ بردنەسەری ئیعتبار و پرێستیژی وڵاتەکەی و لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران کەڵکی لێوەرگرێ، بەم چەشنە وتانەی پڕ دەکاتەوە کە هیچ ئاکامێکی جگە لە تەریک مانەوە و پاشکەوتوویی لە جیهان بۆ خەڵکی ئێران لێ ناکەوێتەوە.

سێهەمین بەڵگەی ئەحمەدی نژاد لە هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەریی جیهانیدا کێشەی ئەتۆمیی ئێران بوو. لەو پێوەندییەدا ناوبراو بێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامەکانی سیاسەتی ئەتۆمیی ئێران و گەمارۆ جیهانییەکان بۆ سەر ژیانی خەڵکی ئێران، ڕایگەیاند کە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ئەتۆمیدا ئێران ملکەچی هیچ گوشار و هەڕەشەک نابێ و بە مافی خۆی دەزانێ درێژە بە پرۆژە ئەتۆمییەکانی بدا. ئەحمەدی نژاد ڕوونی نەکردەوە کە داخوا خەڵکی ئێران تەنیا مافی وەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمیان هەیە یان ئازادی، کەرامەتی ئینسانی و ئابووری و ژیانێکی ئاسوودەش بەشێکن لە مافەکانی خەڵکی ئێران؟

**ئەحمەدی نژاد ڕوونی نەکردووە کە داخوا خەڵکی ئێران تەنیا مافی وەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمیان هەیە یان ئازادی، کەرامەتی ئینسانی و ئابووری و ژیانێکی ئاسوودەش بەشێکن لە مافەکانی خەڵکی ئێران؟**

ئەحمەدی نژاد دژایەتیی ڕۆژئاوای لەگەڵ بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران و نیگەرانییە جیهانییەکانی لەم بارەوە بە ناعادڵانە ناوبرد، بێ ئەوەی ئاوڕێک لە ڕابردووی پڕ لە تیرۆر و جینایەتی کۆماری ئیسلامی لە نێو خۆ و دەرەوەی ئێراندا بداتەوە و پشتیوانیی چالاکانەی ئەم وڵاتە لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و پابەندنەبوونی ئێران بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان وەک هۆکاری ترس و نیگەرانیی جیهان لە دەست پێڕاگەیشتنی ئەم وڵاتە بە چەکی ئەتۆمی وەبەرچاو بگرێ.

مەحموود ئەحمەدی نژاد دوای هێنانەوەی ئەم بەڵگانە و لە کۆتایی قسەکانیدا بەو ئاکامە گەیشت کە سیستمی بەڕێوەبەریی ئێستای جیهان نادادپەروەرانەیە و بە هێنانەوەی چەندین بەیت شێعر لە شاعیرانی ئێرانی، ڕێبەران و نەتەوەکانی جیهانی بۆ عەداڵەت و دادپەروەری بانگهێشت کرد و ئەوەی بە ڕێگە چارەی گرفتی بەڕێوەبەریی جیهان زانی. لە حاڵێکدا کە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و کابینە نیزامییەکەی بە شاهیدی ئامار و بەڵگەنامەکان لاوازترین و بێ بەرنامەترین دەوڵەت لە مێژووی ٣١ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بووە کە بەڕێوەبەرییە لاواز و هەڵە و دوور لە دادپەروەرییەکەی کە تەنانەت بەزەیی بە بەشێکی بەرچاو لە دڵسۆزانی نیزامەکەشیان نەکردوە، بۆتە هۆی وێرانیی هەرچی زیاتری ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئاخوندیدا.

### عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە دیدارێکی تایبەت لە گەڵ «کورد کاناڵ»دا:

# ئەگەر بزانم خەباتی ٦٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات بێ ئاکامە، سبەینێ بەجێی دێڵم

## (بەشی سێیەم و کۆتایی)

**ئێمە لەو ئیدیعایانە ناکەین کە کوردستان هەموو موڵکی ئێمەیە. ئەو شتانە عادەتەن لە حیزبی دێموکرات دا جێگایان نییە. کەوابێ وا نییە**

دیمانە: مادح ئەحمەدی

**مادح ئەحمەدی: ماموٚستا لە ساڵی ١٣٧٥دا کە حیزب یەک دەگرێتەوە، بنکەیەکی دیکە هەیە "قەڵا سەیدەیە یا دۆڵە ڕەقە"، بۆ ئەوکات ئەوێتان تەحویل دایەوە؟**

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەو دوو شوێنە بۆیە بوو چونکە دوو لایەن بووین. پاشان ئەوێش زۆرجار دەکەوتە بە هێرشی تۆپخانە. خۆ دەزانین ئێرەش (کۆیە) کەوتۆتە بەر هێرش، بەڵام لە جۆرێکی دیکە یان تەیارە یان لەشکەرکەشیی بۆ کراوە یان مووشەکی دوورهاوێژی بۆ هاتوە، بەڵام ئەوێ هەر دەکەوتە بەر هێرشی تۆپخانە. دواتریش هۆیەک نەبوو کە ئێمە لەوێ بنکەیەکمان هەبێ. لەوەختی دوو حیزبی دا ئەوان لەوێ بوون، کاتێ یەکمان گرتەوە مەرکەزییەتی حیزب لێرە بوو و ئەوانیشمان هێنایە ئێرە. خەڵکەکە بەشێکیان لە دەوروبەری ڕێبەری بوون(لێرە مانەوە) و بەشێکیان چوونە ئەو ئۆرگانانەی کە لە جێی دیکە بوومان.

ئەگەر لەبیرمان بێ مەسەلەکە زۆر درێژخایەنترە لەوە. ئەگەر لە قووڵاییشدا بووین ناچار بووین کۆی بکەینەوە. چونکە هەلومەرجێک خولقا کە ئیدی ئەمنیەت نەبوو. لەو ڕێگاوبانە دا بە دەیان کەسمان شەهید و بریندار بوون. دەڵێن لە پاش شەڕ هەموو کەس ژەنراڵە، ئەوانەی لەخۆڕا تەحلیل دەکەن و تێیدا نین، بە کەیفی خۆیان تەحلیل دەکەن، مافی خۆیانە با تەحلیلی بکەن، بەڵام کە لە نێو واقعیەتەکەدا دەژی دەبینی شتێکی دیکەیە. بۆ وێنە ئەمن زۆرجار ئیعتراز بەوەی دەکەم کە یەکێک دەڵێ "ڕووناکبیرەکان و سیاسییەکان"، دەڵێم سیاسییەکان تاریک بیرن؟ ئەوانە چونکە سیاسیین، ڕووناکبیرن. جا هێندێک لە ڕووناکبیرانی غەیرە حیزبی ئەو ڕەخنانە دەگرن، بەڵام لە نێو حیزبیش دا یەک کەسیش نەی گوتوە بۆ بچینە ئەوێ؟ یەک کەس نەی گوتوە بۆ لە قەندیل بێینە خوارێ؟ چونکە لە قەندیل ژیان نەدەکرا، بە تایبەتی ئێمە لە قەندیل ٣٠٠ بنەماڵەمان هەبوو. ژن و منداڵ خۆ ناکرێ هەموو ڕۆژێک لەبەر ڕەحمەتی تۆپ و کاتیۆشا دابێ.

**مادح ئەحمەدی: ماموٚستا جیا لەمانە، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە حیزبی دێموکرات لە دەشتی کۆیە جێگیرە، بەهەرحال دەرەتانی خەباتی چەکداری بەو شێوەی پێشوو کە حیزب دەیکرد نەما. هەلومەرجەکە وابوو کە زۆرجار جەنابت یان کەسانێکی دیکە لە حیزبدا باسیان کردوە، بەڵام بۆ لەم ساڵانەی دواییدا (بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی خاتەمیدا) حیزبی دێموکرات هەوڵی نەداوە گرووپ و ڕێکخراوی نیمچە لیگاڵ پێک بێنێ؟ بۆ وێنە لە ساڵی ١٣٧٩دا یا ١٣٨٠دا کۆمەڵێک ویستیان حیزبێک دروست بکەن لە نێوخۆ و پێوەندییان بە کۆمەڵێک کەسەوە هەبوو لە دەرێ، تا هەواڵی ئەمە بە حیزب گەیشت، حیزب ڕاگەیەندراوی دا و بەپێی ئەو پێگەیەی کە هەیەتی پێشی بە دروست بوونی ئەو حیزبە گرت و هەڵوەشایەوە. بۆ حیزبی دێموکرات نەی توانیوە لەو دەرفەتانە کەڵک وەرگرێ، گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دروست بکا؟**

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: جارێ با باسی ئەوە نەکەین کە حیزب ڕۆڵی هەیە یان نییە؟ ئاگای لێیە یان ئاگای لێ نییە؟ ئەوەیان با لەوێ ڕاوەستێ، بەڵام خەڵکی کوردستان و ڕووناکبیرانی کورد بە دەیان ڕێکخراوی غەیرە حیزبی¬مان دروست کردوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان (ڕەنگە تەواو نەبێ، هیچ شتێک لە دونیا تەواو نییە) جێگای حیزبی سیاسییان پڕ کردۆتەوە. خەڵک کردوویەتی. ئێمە چیین؟ ئێمەش ئامرازێکین بۆ ئامانجەکانی ئەو خەڵکە وەکوو ئەو گرووپانەی دیکە.

**مادح ئەحمەدی: ماموٚستا لەم نێوانەدا یەک شت هەیە، حیزبی دێموکرات بەپێی ڕابردوو، بەپێی ئەزموون، بەپێی ئەو کەسایەتییانەی کە هەیەتی، دەی توانی دەقیقتر عەمەل بکا یان ئەوەی هاندەری کۆمەڵێک کەس بێ کە شتێک دروست بکەن.**

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: دەتەوێ بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوانی دروست کردوە؟

**مادح ئەحمەدی: نا مەبەستم ئەوە نییە.**

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: حیزبی دێموکرات دروستکەر نییە و دروستیش ناکا، بەڵام خەڵک هەیە بۆخۆی دروستی کردوە، هەمووشمان دەزانین.

**مادح ئەحمەدی: بەڵام حیزبی دێموکرات دەتوانێ کاریگەریی هەبێ.**

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەو شتانەدا ئەمن نامەوێ ئادرەس بدەم و ئیددیعا بکەم. ئەمن شتی وا ناکەم، بەڵام لەسەر ئەو قسەیە ئەمن پێم خۆش بوو ئەو بەیانییەی کە باسی دەکەی (ئەوە نابێ ڕاگەیەندراو بێ، ئەوە دەبێ بەیانییە بێ. چونکە ئەو دووانە جیاوازییان هەیە) لێرە لەبەر دەستمان بایە و بمان زانیبایە کە داخوا ئێمە چیمان گوتوە. چەند کەس لەنێو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (لە نێوخۆی وڵات)، پێشنیاریان کرد کە حیزبێکی ئاشکرا دروست دەکەین، وەک ئەوەی کە لە کوردستانی تورکیا هەبوو. وەک "دە تە پە" (DTP). ئێمە باوەڕمان وابوو کە فەزای سیاسیی ئێران لەگەڵ فەزای سیاسیی تورکیا جیاوازیی هەیە. ئەتۆ حیزبێکی سیاسیی جیددی دامەزرێنی، هیچ ئیزنی چالاکیی پێ نادەن، پاشان ئەندامان و مۆرەکانی خۆت دەخەیتە مەترسییەوە. ئەتۆ ئەو حیزبە دروست دەکەی، کەسە باشەکانی خۆت کە هەتە (چ ئەندامی حیزبە چ دۆستی حیزبە) دەیخەیە نێو ئەوێ یان نا؟ ئەگەر دەیخەیە نێو ئەو حیزبە، ئەوە ئەوانت خستۆتە مەترسییەوە. خەڵکی خراپ دەیەوێ بێ، گومان دەکەی یان نا؟ ئەگەر گومان بکەی ئەوە حیزبەکەت ئاشکرا کردوە کە ئەوە حیزبێکی جیددیە و دژی کۆماری ئیسلامییە. بەقەولی کوردەواری دەیکەیە "گۆڵی کا بەکرێ" هەموو جۆرە تەیر و تووری دونیای تێدا کۆ دەکەیتەوە، ئەوە حیزب نییە.

پێمان وابوو فەزای سیاسیی ئەوێ ئەوە هەڵناگرێ کە حیزبی سیاسیی جیددیی تێدا دابمەزرێ، کەوایە باشترە خەڵکەکەی ژوورێ بەو شتانەی کە هەیە خۆی سەرقاڵ بکا. یەکیەتیی نووسەرانە، یەکیەتیی هونەرمەندانە، ئەنجومەنی قەڵەمە، ئەنجومەنی ئەدەبییە و... ئەوانە بکەن کە شتی سیاسی نین. "NGO"کان دامەزرێنن و پەرەیان پێ بدەن باشترە. ڕای ئێمە ئەوە بووە. تەنانەت لە جێگایەکی دیکەدا گوتمان ئێمە پێمان وایە فەزای سیاسیی ئێستا ئەوە هەڵناگرێ، پاشان ئێمە خۆ خاوەنی کوردستانی ئێران نیین. ئێمە لەوێ دەسەڵاتدار نیین. ئەگەر لە کوردستانی ئێران دەسەڵاتدار بوایەین، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشی بە دروست بوونی حیزبی دیکە نەدەگرت. خەڵک ئازادە بۆخۆی حیزب دادەمەزرێنی یان نا، تەنانەت ئیزنی دامەزراندنی حیزبیش خۆ خەڵک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیجازە وەرناگرێ، دەبێ ئیزن نامەی دامەزرانی حیزبی سیاسی لە دەوڵەت وەربگیرێ. لە هیچ شوێنێکی دونیا ئیزنی دامەزرانی حیزبی سیاسی لە حیزب وەرناگیرێ، لە وەزارەتی نێوخۆ وەردەگیرێ. ئێمە گوتمان هەلومەرجەکە لەبار نییە و حیزبی سیاسیی ئاوا لە کوردستانی ئێران ناتوانێ چالاک بێ و بەرهەمدار بێ، بەوحاڵەش ئەگەر هەلومەرج هەبێ ئێمە پێمان خۆشە هەزار گوڵ بپشکوێ. ئەوە نازانم لەکوێیە، بەڵام کاتی خۆی چاپ بووە. کەی ئێمە نەمانهێشتوە؟ باشە ئێمە بۆ نەمانهێشتوە؟ دامان نا کە حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی دەرکرد کە نابێ ئەو حیزبە دابمەزرێ، خەڵک بۆ بەقسەی حیزبی دێموکرات دەکا؟ دەسەڵاتدارە لەوێ؟

ئەوەم ئێستا وەبیر هاتەوە، ئێمە ئاگامان لە هەندێ جمووجۆڵ هەبوو، هێندێک جمووجۆڵی گوماناوی هەبوون، لە جێگایەکدا ئاماژەمان بەوە کردوە، لە دەرێ کۆمەڵێک کەس خەریک بوون حیزبێک بەناو ئەوە(...) و بە غەرەزی دیکە بۆ کوردی ئێران دروست بکەن، ئێمە لە جێگایەکدا بەرەورووی ئەوە بووینەوە و خەڵکمان لەوە ئاگادار کردەوە.

**مادح ئەحمەدی:** دەتوانی ناوی ئەو کەسانەمان پێ بڵێی؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بۆ ناویان بەرم. هیچ زەروورەتێکی نییە. ڕەنگە خەڵکێک بۆخۆیان بزانن. ڕەنگە ئەتۆش لەو کەسانە بی کە بزانی.

**مادح ئەحمەدی: ماموٚستا ئەگەر پرسیاری دیکە نەیەتە گۆڕێ، وەک دوا پرسیار. ئەمساڵ ٦٥ساڵ بەسەر تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێپەڕی. بەو پێیەی کە حیزبی دێموکرات وەک دەسەڵاتی سیاسی خاوەنی بستێک خاک نییە و لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان نیشتەجێیە. زۆر کەس دەڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەن ٦٥ساڵ خەباتی بێ ئاکامە (ئەمە ڕای من نییە) وڵامی جەنابتان چییە؟**

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بستە خاک و ئەوانە هی من نییە، بەڵام با حەقی تألیفی ئەو دەستەواژەیەم لێ نەستێندرێ. مەسەلەی بستێ خاکمان نییە، ڕەنگە بە دەیان جار (ئەوەڵ جار و ئاخر جار) ئەمن بەکارم هێنابێ. بۆخۆم باوەڕم بەوە هەیە.

ئەوە زۆر هەڵەیە کە بڵێین حیزبی دێموکرات خاوەن ٦٥ ساڵ خەباتی بێ ئاکامە. ئەوانەی کە وادەڵێن ڕەنگە بۆ ڕەخنە گرتن یان دژایەتی کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بڵێن. بەبێ ئەوەی بۆخۆیان بزانن، تەواوی بزووتنەوەی کورد لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا بە بێ ئاکام دادەنێن. چون خەباتی حیزبی دێموکرات بێ ئاکامە؟ هەر ئێستا زۆرکەس پێی وایە (کە دیارە هەڵەیەکی گەورەیە) حیزبی دێموکرات لە کۆیەیە. ئەگەر حیزبی دێموکرات لە کۆیە بێ، ئەمن یەک ڕۆژی تێدا ئەندام نابم. حیزبی دێموکرات لە نێو ڕۆژهەلاتی کوردستانە. بەڵام خەڵک بۆ ئەوە دەبینێ؟ ئەی ئەو خەڵک و لایەنگرەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیەتی، ئەو وشیارییە سیاسییە کە دروست بووە، ئەو هێڵە فیکرییە سیاسییە (کە هێڵی فکری حیزبی دێموکرات لە هی هەمووان زیاتر لە خەڵک نزیکترە)، ئەوە چیە؟ ئەو بە ڕێکەوتە؟ ئەگەر ئەو خەباتە نەبایە، ئەگەر ئەو خەباتە چەکدارانەیە نەبایە ئێستا کەسێک دەما؟ ڕەنگە هەزارو یەک تێبینیمان لەسەر خەباتی "PKK" ( بە ئاشکرا ناوی دێنم) هەبێ، بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی تورکیا ئێستا زیندوویە، ئاکامی ئەو خەباتە چەکدارانە ( بەقەولی تۆ، یا بە قەولی ئەوانە. ئینشاڵڵە ئەوە قسەی تۆ نییە) بێ ئاکامە بووە کە "PKK" کردویەتی. PKK کوا چی کردوە؟ کوردستانی ڕزگار کردوە؟ بستێ خاکی هەیە؟ ئەگەر ئەو خاکی لە شاخی قەندیل هەیە. ئێمەش لەو دەشتە پان و بەرینە خاکمان بەدەستەوەیە. بەڵام خۆ خاکی ئێمە نییە. ئێمە ئەو ئیدیعایانە ناکەین کە کوردستان هەموو موڵکی ئێمەیە. ئەو شتانە عادەتەن لە حیزبی دێموکرات دا جێگایان نییە. کەوابێ وا نییە. خەبات وا نییە یان گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی یان ئەگەر نەگەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، ئەوە خەباتێکی بێ ئاکام بووە. بە باوەڕی من ئەو وشیارییە سیاسییەی کە هەمانە، ئەوە کە خەڵک لەباری سیاسییەوە لەباری بۆچوون بۆ کێشەکانەوە، دەتوانم بڵێم خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەنێو حیزبە سیاسییەکاندا لە حیزبی دێموکرات (لە باری فیکرییەوە باسی تەشکیلات ناکەم) لەهەمووان نزیکترن، ئەوەش ئاکامی ئەو خەباتەیە کە کردویەتی. باوەڕم بەشتی وا نییە. سبەینێش بزانم وایە، بەجێی دێڵم. ئەگەر بزانم خەباتی ٦٥ ساڵەی بێ ئاکامە، بۆ خۆم ماندوو بکەم؟ لانیکەم ٦٠٥ ساڵم تەمەن ماوە خەریکی ژیانی خۆم دەبم. پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەرگیز نەیتوانیوە هەموو بەرنامەکانی لە کوردستان پیادە بکا، لەبەر ئەو بەرەنگارییە چەکدارانەیە بووە کە لە کوردستان بەڕێوە براوە.

**مادح ئەحمەدی: زۆر سپاس ماموٚستا.**

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: سپاس بۆ ئێوەش.

**مادح ئەحمەدی: بەڵام هەر هیچ نهێنییەکت نەدرکاند و هیچ شتی زیاترت لەوانە نەکوت کە پێشتر باست کردوون.**

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: نا. باشە شتی واشمان باس کرد کە باس نەکرابوون.

**مادح ئەحمەدی: دیسان سپاس ماموٚستا.**

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: هەر سەرکەوتوو بن.




**ئێمە باوەڕمان وابوو کە فەزای سیاسیی ئێران لەگەڵ فەزای سیاسیی تورکیا جیاوازی هەیە. ئەتۆ حیزبێکی سیاسیی جیددی دامەزرێنی، هیچ ئیزنی چالاکیی پێ نادەن، پاشان ئەندامان و مۆرەکانی خۆت دەخەیتە مەترسییەوە**

# فشارە دەرەکییەکان و سەرکوتی زانکۆ

رەحمان سەلیمی

پاش بێ ئاکام مانەوەی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە سەروو هەموانەوە خومەینی بۆ دەستەمۆ و تەسلیم کردنی زانکۆ و یان بە روویەکی دیکەدا یەکیەتیی نێوان حەوزە و زانکۆ کە تێچوویەکی زۆری بۆ کاربەدەستانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بە دواوە بوو، کەلێنی نێوان زانکۆ و دەسەڵات گەورەتر بۆوەو ماوەی سێ دەیە دەزگای ئۆلیگارشی ئایینی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەوڵدانی بەردەوام بۆ بارگاوی کردنی زانکۆ بە ئیدئۆلۆژی ویلایەتی فەقیهی، دامەزراندنی نیهاد و دامەزراوەی ئەمنییەتی و سەرکوت لە ناو زانکۆکاندا، بەرتەسک کردنەوەی مەجالی چالاکیی مەدەنی و سیاسی لە زانکۆدا و .. هتد بەرەورِووی قەیرانی جیددی رەوایەت لە روانگەی زانکۆییەکانەوە بۆتەوە.

کۆماری ئیسلامی باش لەو راستییە گەیشتوە کە سروشتی عەقڵ تەوەرو لۆژیک تەوەری زانکۆ لە پێوەندییەکی پارادۆکسیکاڵی جیددی لە گەڵ سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و جیهانبینی و شێوە روانینی ئەوان بۆ سیاسەت دایەو ئەستەمە بتوانن



لە شوێنێک دا بە یەکدی بگەن و پێکەوە ئاشت ببنەوە، بە واتایەکی دیکە عەقڵانییەتی رەخنەگرانەی زانکۆ بە تەواوی لە گەڵ هێزی پیرۆز و ئاسمانیی رێبەرانی رێژیم دا ناتەبایە، ناتەباییەکی جەوهەری کە بەرهەمەکەی سێ دەیە ململانێی زانکۆ و حاکمییەتی لێ کەوتۆتەوەو تێچوویەکی زۆری بۆ هەر دوولا بە دواوە بووە. لە لایەک سیماو سروشتی «عقل ستیز»ی رێژیمی دەسەڵاتداری ئێران بۆ رای گشتی لە ناوخۆی ئێران و جیهان ئاشکراتر کردوەو لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران و مامۆستایان بوونەتە قوربانیی ئەو ململانێیە و بە تۆمەتی جۆراوجۆر کەوتوونەتە بەر رق و تووڕەیی بەرپرسانی زانکۆو دامەزراوە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکان لە ناوەوەو دەرەوەی زانکۆ وەک زیندانی، ئەشکەنجەو دوورخرانەوە لە خوێندن و پەروەندە سازی و جۆرەها فشارو ترس و دڵەراوکێ.

زانکۆ لە ئێران دا بە درێژایی مێژووی خۆی سەلماندوویەتی کە هەرگیز بەم چەشنە سیاسەتانە بێ دەنگ و ملکەچ نابێ و زانکۆکان بەرهەمهێنی دەیان و سەدان حەرەکەتی نارەزایی و بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بیاڤی گشتیی ئێران دا بوون و کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر کۆمەڵگا داناوەو رۆڵی سەرەکیی خۆیان لە پێوەندیی نێوان بژاردەکان و خەڵکی ئاسایی بە چین و توێژە جیاوازەکانیەوە بە باشی بە جێ گەیاندوە.

ئەگەر سەرانی رێژیم لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیان توانیان بە پرۆژەی شۆڕشی فەرهەنگی، کۆمەڵگای ئێران لە گرینگترین سەرچاوەی بەرهەمهێنانی فکر و ئەندیشە و گۆڕانکاری بێ بەش بکەن و سێ ساڵ زانکۆکان دابخەن و بە هەزاران خوێندکارو مامۆستای جیابیرو نەیاریان خستە ناو بەندیخانەکانەوەو لە زانکۆ دووریان خستنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە دوای کرانەوەی زانکۆکان و جموجۆڵی خوێندکاران ئەو پەیامە بە رێژیم درا کە پرۆژەکەیان بە تەوای شکستی خواردوەو بە پێچەوانەی ویست و تێگەیشتنیان، زانکۆ سەرچاوەو هاندەری بەرگری و دژایەتیی کۆنەپەرستی و توخمی هەرە چالاک و زیندووی کۆمەڵگایە و بە پێی سروشتی لۆژیک تەوەری خۆی درێژە بە ئەرکەکانی دەدا.

هەرچەند کارکردی زانکۆ لە نەبوونی هێزو لایەن و پارت و رێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنەکان دا لە ناوخۆ، زیاتر بەرەو کردەی سیاسی و مەیدانی پاڵ پێوە نراو نارەزایەتیی زانکۆ و شەقام بەردەوام ئاوێتەی یەکدی بوون و زۆر جاریش تەواوکەری یەکدی، بەڵام دیسانیش خوێندکاران لە ویست و داوا سینفی و زانستی یەکانیان دانەبڕان و شان بە شانی داوا سیاسی و مەدەنیەکانیان، بەرهەمهێنی زانست و عەقڵانیەت و داکۆکیکاری سەربەخۆیی ئۆرگانیکیی زانکۆو دامەزراوە زانستییەکان بوون.

لە سەرەتای وەرزی خوێندنی ئەوساڵ لە زانکۆکانی ئێران دا بارودۆخەکە جیاوازییەکی بەرچاوی لە گەڵ ساڵانی پێشوو هەیە کە بە خوێندنەوەو وردبوونەوە لەو جیاوازییانە کۆمەڵێک دەرەنجاممان دەست دەکەوێت. رێژەی زۆری فشار بۆ سەر زانکۆکان و گوتاری وەزیری «علوم» و بەرپرسە پایەبەرزەکانی رێژیم لەو ماوەیەدا جیاوازییەکی زۆری لە گەڵ لانیکەم دەیەی حەفتاو سەرەتاکانی دەیەی هەشتاو تەنانەت تا ئەم ساڵانەی دواییش هەیە. ئامارەکان پێمان دەڵێن لە سەرەتای ئەو ساڵ دا زیاتر لە ٧٠ خوێندکار لە زانکۆ جیاوازەکانی ئێران دا لە بەند دان و بەشێکیان لە ژێر شکەنجەو توندترین فشاری روحی و رەوانی دان. رێکخراوە خوێندکارییەکان زۆربەیان داخراون و چالاکانیان دەسبەسەر و لە هەندێک مەوریدا حوکمی قورسیان بە سەردا سەپاوە و یان بە کردەوە ئیمکانی هەر چەشنە چالاکییەکیان لێ بەربەست کراوە. مەیدانی چالاکیی دامەزراوەگەلی وەک بەسیجی خوێندکاری، نوێنەرایەتیی وەلی فەقیە لە زانکۆکان، حەراسەت

ل ٧



# هێرشی نیزامی، مەترسییەکی جیددی یان شەڕێکی سایکۆلۆژی؟

حەسەن شێخانی

بە دوای وتەکانی ئەحمەدی نژاد لە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وتووێژەکانی ناوبراو لەگەڵ راگەیەنە گشتییەکانی ئەمریکادا، جارێکی دیکە باسی پێوەندیی نێوان ئەمریکا و ئێران و ئەگەری هێرشی سەربازیی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بوو بە رۆژەڤ. مەبەستی ئەم نووسینە وەڵامدانەوە بەم پرسیارەیە کە ئایا ئەگەری هێرشی نیزامیی ئەمریکا بۆ سەر ئێران ئەگەرێکی بەهێزە؟

ئەحمەدی نژاد لە سەفەری ئەمساڵی دا بۆ نیۆیۆرک بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو بە شێوەیەکی کەمتر رادیکاڵ دەرکەوت و چەندین جار باسی ئامادەیی ئێرانی بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەمریکادا کرد. هەرچەند لە دووهەمین وتاردانی لە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئیحتمالی دەست تێدا هەبوونی بەشگەلێکی دەسەڵاتی ئەمریکا لە تەقینەوەکانی ١١ی سێپتامبریدا هێنایە ئارا و دژکردەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە بەڵام بە بەراورد لەگەڵ مەسەلەی ئینکاری هۆلۆکاست کە ساڵی پێشوو لە نیۆیۆرک هێنایە بەر باس، کەمتر هەستیارەو دەگوترێ ١٥ تا ٢٠ لە سەدی خەڵکی ئەمریکاش گومانیان لە ئەنجامدانی ئەم تەقینەوانە لە لایەن تۆری تیرۆریستی ئەلقاعیدەوە هەیە. لە لایەکی دیکەش مەبەستی ئەحمەدی نژاد لە بردنە ژێر پرسیاری تەقینەوەکانی ١١ی سێپتامبر لە لایەن ئەلقاعیدەوە، زیاتر بەردەنگەکانی لە نێوخۆی ئێراندا بوو. بۆ ئەوەی (بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ) دژبەرانی بخاتە حاڵەتێکی پاسیڤەوە و دژایەتییەکانیان بخاتە ژێر کاریگەری قسەکانی خۆی. ستایشی زیاتر لە ١٩٠ نوێنەری مەجلیس لە قسەکانی ئەحمەدی نژاد و بە «پڕنێوەرۆک» لە قەڵەمدانی سەفەری ناوبراو لە لایەن ئایەتوڵڵا خامنەییەوە نیشاندەری ئەوەیە کە ئەحمەدی نژاد تا رادەیەک ئامانجەکانی خۆی پێکاوە.

دوابەدوای قسەکانی ئەحمەدی نژاد لەمەر ١١ی سێپتامبر، تەلەفزیۆنی فارسی BBC وتووێژێکی سەبارەت بە مەسەلەی ئێران لەگەڵ باراک ئۆباما پێک هێنا. بە لێوردبوونەوە لە قسەکانی ئۆباما بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم وتووێژە، وتووێژێکی دیالۆگ خوازانە و ئاشتی تەوەر بوو. ناوبراو لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەگەر گەمارۆکانی سەر ئێران کاریگەری پێویستیان نەبوو و ئامانجەکانی خۆیان نەپێکا، ئایا ئەمریکا پەنا دەباتە بەر هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران؟ دیسان جەخت لەسەر رێگەی دیپلۆماتیک بۆ چارەسەری کێشەی ئەتۆمی ئێران دەکاتەوە و دەڵێ شەڕ مەسەلەیەکی ئاسان نییە و «من شەڕ بە کەم ناگرم».

> **بە هۆی ئەو دژواریانەی کە ئەمریکا لە حاڵەتی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران تووشیان دەبێ، تەنانەت ئەگەر گەمارۆکانیش ئامانجەکانی خۆیان نەپێکا قبووڵکردنی ئێرانێکی ئەتۆمی لە لایەن ئەمریکاوە دوور لە چاوەروانی نییە**

بە سەرنجدان بەوەکە ئەزموونی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان دا ئەزموونێکی سەرکەوتوو نییە و ئەمریکا لەم دوو وڵاتەدا تووشی کێشە و گیروگرفتی زۆر بۆتەوە، پێناچێ ئەمریکا بیەوێ هێرشی نیزامی بکاتە سەر ئێران. بەتایبەت کە ئێران لە چاو دوو وڵاتی ناوبراو، بژارێکی دژوارترە. زۆر شارەزای سیاسی پێیان وایە کە ئەمریکا لە حاڵەتی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران، تووشی بارودۆخێکی قەیراناوی دەبێ کە دەرباز بوون لێی زۆر زەحمەت دەبێ. لە لایەکی دیکەش زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران لە دژی هێرشی ئەمریکان بۆ سەر وڵاتەکەیان و لانی کەم بەشێکیان ئامادەن پێ بە پێی باڵی دەسەڵاتدار لە ئێران دیفاع بکەن. بێگومان ئامانجی سەرەکی ئەمریکا ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئێراندا جێ پێیەکی ستراتیژیکی هەبێ. پێش مەرجی سەرەکی ئەم مەسەلەیەش ئەوەیە کە رای گشتیی ئێران و بۆچوونی خەڵکی ئێران لەبەرچاو بگیرێ. هەر کردەوەیەکی ئەمریکا کە نارەزایەتیی بەربڵاوی خەڵکی ئێرانی لێ بکەوێتەوە خزمەت بە ئامانجەکانی ئەمریکا ناکا.

کۆلین پاوڵ وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا لە وتووێژێک دا دەڵێ بە هۆی ئەو دژواریانەی کە ئەمریکا لە حاڵەتی هێرشی سەربازی بۆ سەرئێران تووشیان دەبێ، تەنانەت ئەگەر گەمارۆکانیش ئامانجەکانی خۆیان نەپێکا قبووڵکردنی ئێرانێکی ئەتۆمی لە لایەن ئەمریکاوە دوور لە چاوەروانی نییە.

لە قۆناغی هەنووکەیی دا هەم ئێران و هەم ئەمریکا هەستیان بە پێویستیی وتووێژ کردووە. ئەمریکا و ئێران بەم ئاکامە گەیشتوون بۆ خۆبواردن لە شەڕ ناچارن لە کۆتایی دا لەگەڵ یەکتر وتووێژ بکەن. ئەحمەدی نژاد لە نیۆیۆرک رایگەیاند کە ئەگەر رۆژئاوا سووتەمەنی ئەتۆمی پێویستیی ئێران دابین بکا ئێران ئامادەیە دەست لە پیتاندنی ٢٠ لە سەدی ئۆرانیۆم هەڵگرێ. ئەم قسەیەی ئەحمەدی نژاد نیشاندەری ئەوەیە کە ئەگەر ئێران زیاتر بکەوێتە ژێر گوشارەوە و هەست بە مەترسییەکی جیددی بکا، ئامادەیە دەست لە پیتاندنی ئۆرانیۆم هەڵگرێ و مل بۆ داواکارییەکانی نێونەتەوەیی راکێشێ.

هەر چەند دژایەتی کردن لەگەڵ ئەمریکا بۆتە کۆڵەکەیەکی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی و ئێران لەم مەسەلەیە وەک ئامرازێکی ئایدۆلۆژیک بۆ رەوایی دان بە خۆی کەڵک وەردەگرێ، بەڵام موحافیزەکارانی نوێ و لایەنگرانی بیرکردنەوەی باندی سیاسی - ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژاد دەتوانن ئاسانتر ئەم مەسەلەیە وەک کۆسپی سەر رێگەی پێوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا تێپەر بکەن. ئەحمەدی نژاد و لایەنگرانی نیشانیان داوە کە کەمتر خۆیان بە پابەندی ئەم مەسەلانە دەزانن و ئامادەن لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا خوێندنەوەیەکی دیکە لە ئایدۆلۆژیای فەرمی بخەنە روو.

لە روانگەی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە پەرەپێدان بە بەرنامەی ئەتۆمی و بەدەست هێنانی توانای دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی پێگەی ئێران قایمتر و هەڵوێستی ئێران لە هەر چەشنە وتووێژێکی ئیحتمالی لەگەڵ ئەمریکادا بەهێزتر دەکا. عەلی خامنەیی چەمکی وتووێژ لەگەڵ ئەمریکادا رەد ناکاتەوە و تەنیا دەڵێ ئەمریکا دەبێ لە هەڵوێستێکی بەرابەرەوە لەگەڵ ئێمە وتووێژ بکا.

مەبەست لە سەپاندنی خولی چوارەمی گەمارۆکان و گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە ئەوەیە کە ئێران زیاتر بخەنە ژێر فشار تا ناچاری بکەن بە هەڵوێستێکی لاوازترەوە، لەگەڵیان بکەوێتە وتووێژەوە. بەم پێیە هەر دوو لایەنی ئەمریکا و ئێران زیاتر لە هەمیشە هەست بە پێویستی وتووێژ دەکەن بەڵام هەرکامیان دەیەوێ بە هەڵوێستێکی بەهێزەوە لەم وتووێژانەدا بەشدار بن. هەم ئەمریکا و هەم ئێران رێگەگەلێکی جیاوازیان بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆیان گرتۆتەبەر. ئێران بەخێراکردنی رەوتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و ئەمریکاش بە سەپاندنی گەمارۆکان و دروست کردنی بەرەیەکی جیهانی لە دژی ئێران. ئێران هەمووو هەوڵی ئەوەیە وانیشان بدا کە ئەگەر وتووێژیش بکا ئەم وتوێژە لە رووی لاوازی و ناچارییەوە نەبووە.

بێگومان لە بەردەم هەر وتووێژێکی ئیحتمالی دا کۆمەڵێک کۆسپ هەن لەوانە: هەڵوێستەکانی ئێران لە هەمبەر ئیسرائیل و فرەیی ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردان لە کۆماری ئیسلامیدا. بە چەشنێک ئەم فرەییە، مەسەلەی بڕیاردانی لە کۆماری ئیسلامیدا تووشی کێشەیەکی زۆر کردووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە لە حاڵەتێک دا ئێران هەست بە مەترسییەکی جیددی بکا، ئەم کۆسپانە تا چ رادەیەک دەبنە رێگر لە بەردەم بڕیاردانی کۆتایی ئێراندا؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە بە داهاتوو دەسپێرین و بێگومان ئاڵوگۆڕەکان و رووداوەکانی داهاتوو ئەم مەسەلەیە روون دەکەنەوە.

لەژێر تیشکی ئەم شیکردنەوانەی سەرەوەدا بەم ئاکامە دەگەین کە لە هەلومەرجی هەنووکەیی دا هەرەشەی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران زیاتر ئامرازێکی فشار و شەڕێکی سایکۆلۆژیە تا مەترسییەکی جیددی و راستەقینە. تەنانەت لەبەر ئەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە هەر چەشنە شەڕێکی بەرتەسک و سنوورداریش ببێتە شەڕێکی بەربڵاو، ئەمریکا لەم بوارەش دا بە پارێزێکی تەواوەوە هەنگاو هەڵدەگرێ. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە مەسەلەی ئەتۆمی ئێران زیاتر بۆتە مەسەلەیەکی سیاسی و ئەوەی گرینگە ئەمریکا چۆن بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەدا لەم مەسەلەیە لە کێشە سیاسییەکاندا کەڵک وەردەگرێ و رێگە لەم مەترسییە دەگرێ؟

# بەرەی کوردستانی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە

ن: ئارام ئیبراهیم خاس
وەرگێڕان لە فارسییەوە: تەها ڕەحیمی

**بەرایی:** مەبەست لە نووسینی ئەم وتارە دەرخستنی لەمپەرەکانی بەردەم پێکهێنانی بەرەی کوردستانی نییە، چونکە لەسەر ئەم بابەتە زۆر ڕۆیشتووین و زۆر دواوین کەچی هێشتاش بەربەستەکان هەر لە جێی خۆیانن وە هەروەها مەبەستمان هێنانە گۆڕی ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمێک و بەرەیەکی هاوبەشیش نییە، چونکە ڕێبەرانی حیزبە کوردستانییەکان خاوەن ساڵەها ئەزموونی حیزبایەتین، باش دەزانن گرێ کوێرەی گەیشتن بەم ئامانجە چییە. ئەوەی کە لە دڵی من و سەدان لاوی خوێن گەرمی ئەم نەوەیەی کورد دایە دەخەمە بەرباس کە ئەویش بارودۆخی هەنووکەیی بزووتنەوە و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تاراوگە و چۆنیەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتر و داهاتوویانە. ڕێبەری مەزنی حیزبی دێموکرات دوکتور قاسملوو دەڵێ: «ئێمە بە تەنیا نە دەتوانین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بروخێنین و نە بە تەنیا دەتوانین ببینە ئەلتەرناتیڤێک بۆ ئەم ڕێژیمە».

دیارە ڕێبەری شەهید بە پێی هەلومەرجی تایبەتی سیاسی سەردەمی خۆی بۆ ئەوەی ڕێگەی هاوکاری و پێوەندیی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ئێران خۆش بکا ئاوا دەڵێ . بەڵام دوو دەیە دوای شەهید بوونی ناوبراو لەم هەلومەرجە دا دەبێ بێیەوە سەر ئەم مەتەڵە کوردییە کە دەڵێ « تا ماڵ بیەوێ بۆ مزگەوت حەرامە«. ڕەنگە دامەزراندنی پێوەندی و هاوکاری نێوان پارت و ڕێکخراوە سەراسەرییەکانی ئێرانی لانی کەم لە درێژخایەن دا بەکەڵک بێ، بەڵام لەم هەلومەرجەدا سەرەتا دەبێ لە بیری ڕێگە چارەیەکی باش بۆ پێوەندییەکی ساڵم و یەکگرتووی نەتەوەیی نێوان پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان دابین، بەڵکوو بتوانین بۆ هەمیشە کۆتایی بە چیرۆکی تاڵ و پڕ لە پەندی کێشە و گرژییەکانی سەرچاوەگرتوو لە جیابوونەوە و لەتبوونەکانی ئەم ساڵانەی دوایی بێنین. کاتێک ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە بزانین ڕێژەی حەشیمەتی کورد یەک لەسەر حەوتی گشتی ئێرانە و بەو چەشنە دووری و دابڕان و تەنانەت ساردوسڕی و کێشە و دووبەرەکیش لە پێوەندی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان دا دەبینرێ، ئەو ترسە دامان دەگرێ دیسان هەلێکی مێژوویی دیکە لە کیس خۆمان بدەین. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی جیهانی دوژمنی لەمێژینەی گەلی کورد و هەموو نەتەوەکانی ئێرانی تووشی کێشە و ئارێشە کردووە و بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی نێوخۆیی ڕەوایی سیستمی حکوومەتی ٣٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامی هێناوەتە ژێر پرسیارەوە، گەلی کورد بە دەست زێدەخوازی هێندێک کەسی ناسیاسی و نابەرپرسیار و بەرژەوەندیخوازەوە دەناڵێنێ و ئەو ئالقە پساو و لێکدابڕاوانەی لێک نابەستێتەوە تا ئەو هەموو فیداکاری و ئازایەتیی و لە خۆبووردەیی ڕۆڵە چاونەترسەکانی بە بێ دەسکەوت بە فیڕۆ نەچێ.

فرە حیزبی نادڵخوازانەی ئەمڕۆی کوردستان کە ئاکامی لەت بوون و دابڕانی حیزبە کۆنەکانە بە جێی پلۆرالیزمی خاوەن پرەنسیبی تۆلێرانس و هەڵکردن، خۆ خوازی و گوتاری خۆتەوەری و هەڵنەکردنی بە داوی خۆیدا هێناوەو لە ڕاستیدا خاوەن هێڵی سیاسی تایبەت نییە، بەڵکوو زیاتر کێشەی نێوخۆیی وتەشکیلاتی پارتەکان و هەروەها دەسەلاتخوازی و پاوانخوازی هێندێک ڕێبەر و حیزبی کوردستانی دەردەخا. کە ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی لە دەیەی ٨٠ هەتاوییەوە بووەتە خۆرکەی ڕوحی پارت و ڕێکخراوەکان و هێشتاش نەبڕاوەتەوە.

لەو هەلومەرجەدا کە کۆماری ئیسلامی دژوارترین ڕۆژەکانی سیاسی خۆی لە ماوەی ئەم ٣ دەیەدا تێدەپەڕێنێ و مەشرووعییەتی دەسکردوو درۆیینی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرستە ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەپووکێتەوە، گوتاری یەکگرتوویی سیاسی و هەڵوێستی هاوبەشی ستراتژیکی بەرەیەکی کوردستانی لەهەموو شتێک زیاتر بە پێویست دەزانرێ. ڕەنگە لەم قۆناخەدا ئاکار و کرداری ڕێبەرانی هێندێک لە پارتە کوردستانییەکان لەسەر قبووڵ نەکردن و دۆستایەتیی نەکردنی ڕەوت و ڕێکخراوێکی دیکە و بیانووی گۆڕینی ناوی ڕێکخراوێک کە خاوەن تەشکیلات و ڕێکخستنی جیاوازە و خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانج و ئارمانی هاوبەشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکا، لەو هەلومەرجە ناسکەدا وەک گاڵتەیەکی سیاسی بێتە بەرچاو کە لە ئاکامدا کۆمێدییەکی تراژیک بۆ بزووتنەوە دەخاتەوە. دەبێ دان بەو ڕاستییەش دا بێنین کە بۆشایی و نەبوونی ڕەوتێکی سەرانسەری کە بە تەواوی لە باکوورەوە تا باشووری کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتیی بکا هەست پێکراوە. لەڕاستیدا هێندێک لە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان بەپێی پێودانگی سیاسی- کۆمەڵایەتی بە پارت و ڕێکخراوی ناوچەیی دەژمێردرێن، واتە هەرکام لەم پارت و ڕێکخراوانە لە بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن ڕێکخستنی تۆکمە و بەهێز و پێگەی سیاسی وکۆمەڵایەتین، بەڵام هیچ کامیان بەتەنیایی توانایی ڕێبەریی کردنی بزاڤی سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان نییە. چونکە ئۆتۆریتەو پتانسێل و توانایی پێویستی پارتێکی سەراسەرییان بۆ ئەم کارە گرینگە نییە. لەڕاستییدا دەتوانین بڵێین لەم هەلومەرجەدا دەبێ دیسکۆرسی «بزاڤ تەوەری» پاژو پارەکانییەوە لەجێی گوتاری کلاسیکی «پارت تەوەری» دابنێین، بۆ ئەوەی بتوانین لەو دۆخە ئاڵۆز و شپرزەی موزائیکی حەشیمەتی، ئایینی، فەرهەنگی و سیاسییەی ئێران دا لانی کەمی مافی ڕەوا و پێشێلکراوی نەتەوەیەکی بێبەشی وەک کورد دەستەبەر بکەین.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ڕاستییانە دەبێ بڵێین پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەو تایبەتمەندییانەیانەوە تەواوکەری یەکترین و لە پەڕاوێز خستنی یەکیان لە ڕەوتی نالەباری کێشە و ئارێشەی نێوان حیزبەکان دا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تووشی خەسار دەکا. ئەگەر چەمکی بەرەو پلاتفۆرمی هاوبەش لە پاوانی بەرژەوەندیی پارتەکان ڕزگار بکەین و دووربینانەتر و لە دوورەدیمەنی بەردەم گەلی کوردەوە لێی بڕوانین، دەبینین کە بەرەیەکی کوردستانی پێکهاتوو لە هەموو پارت و ڕێکخراوە ورد و درشتەکان کە لەسەر بنەمای چالاکی بە پێی عەقڵی گشتی و ڕێبەری گرووپی نێوان هەموو حیزب و ڕێکخراو و ڕەوتە کوردستانییەکان دامەزراوە چ دەور و کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی دەبێ. لە چوارچێوەی پێکهێنانی ئەم بەرە هاودەنگ و یەکگرتوویەی کورددایە کە دەتوانین دڵ بە پشکی کورد لە داهاتووی سیاسی ئێران دا خۆش بکەین. چونکە ئەو هاوکارییە بنیاتنەرە لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا، فاکتەری کورد لە هاوکێشە هەنووکەییەکان و داهاتووی ئێرانی فرە نەتەوە وەک لایەنێکی جێی متمانەی قورس دەردەخا کە ئەگەری لە پەراوێز خستنی لە ڕووداوە شیمانەییەکانی بەردەم دا نامومکین دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە لە نێوخۆی کوردستان دا ئاکامی دەروونی – سیاسیی بۆ خەڵکی وشیار و خەباتگێڕ لێدەکەوێتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر پتەویی ڕیز و تۆکمەیی خەباتی نێوخۆیی و هاوپێوەندیی بو هاودەنگی خەڵکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی داگیرکراودا لێدەکەوێتەوە و خەڵکی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان لە دەروەست نەبوونی سیاسی پارتەکان کە بەرهەمی ئاڵۆزی و دابڕانی پارتەکان بووە ڕادەتڵەکێنێ و تا ڕادەیەک بۆشایی سەرچاوەگرتوو لە دابڕانی چەندین ساڵەی پارت و ڕێکخراوەکان لە گەڵ خەڵک پڕ دەکاتەوە. لەم قۆناغەدا ئەمە یەکەم هەنگاوە لە پێناو بەجێهێنانی ئەرکی مەزن و مێژوویی، بەڵام نابێ ئەمڕۆ و سبەی لێ بکەین، هەتا زووتر دەست بەکار بین درەنگە.

> **لەم هەلومەرجەدا سەرەتا دەبێ لە بیری ڕێگە چارەیەکی باش بۆ پێوەندییەکی ساڵم و یەکگرتووی نەتەوەیی نێوان پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان دابین، بەڵکوو بتوانین بۆ هەمیشە کۆتایی بە چیرۆکی تاڵ و پڕ لە پەندی کێشە و گرژییەکانی سەرچاوەگرتوو لە جیابوونەوە و لەتبوونەکانی ئەم ساڵانەی دوایی بێنین**

---

درێژەی:

# فشارە دەرەکییەکان و سەرکوتی زانکۆ

و کۆمیتە ئینزباتییەکان کە لە خزمەت بەرەوپێش بردنی بیرۆکەی ئیدئۆلۆژیزە کردنی زانکۆ دان، بە شێوەیەکی بێ وێنەو بەرچاو بەربلاو بوتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی جیابیرو بەتوانا لە ژێر ناوی خانەنشینی لە زانکۆ دوور خراونەتەوە یان دەرکراون. ئاڵوگۆڕی بەرچاو بە سەر بەرپرسانی زانکۆکان دا هاتوە و زۆربەی پۆستی سەرۆکی زانکۆکان و بەشە گرینگەکانی دیکە بە کەسانی وابەستە بە بەسیج و سوپا دراوەو سەربەخۆیی ئۆرگانیکی زانکۆکان بە تەواوی لە بار براوەو وەزارەتی علوم کەوتۆتە دەست کۆمەڵە سوپاییەکی توندڕەوو دوور لە هەر چەشنە ئیستانداردێکی زانستی. ئەستێرەدار کردنی خوێندکاران کە لەو ساڵانەی دوایی دا بەردەوام لە پەرەسەندن دا بووە، ئەوساڵ بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ژمارەیەکی زۆری لە خوێندکاران لە خوێندن بێ بەش کردوە. زۆربەی بڵاوکراوە خوێندکارییە سەربەخۆکان داخراون و بە گشتی زانکۆ لە دامەزراوەیەکی زانستی و ئاکادمییەوە بەرەو پادگانێکی سەربازی گۆڕانی بە سەر دا هاتوە.

لێرەدا پێویستە چەند پرسیار ئاراستەی کاربەدەستانی زانکۆکان بکەین: ئەو هەموو فشارو سەرکوت و یان باشترە بڵێین ترس و دڵەراوکێی ڕژێم لە زانکۆ هەڵگری چ واتایەکە؟ داهاتووی بزووتنەوەی خوێندکاری بە کوێ دەگا؟ ئایا دوای ئەو هەوڵە گشتگیرەی ڕژێم لە ئەنجام دا زانکۆکان دەبنە پارێزەری بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی و ڕەواییەت بەخشین بەو ڕژێمە یان بە پێچەوانەوە خەباتی زانکۆ و خەڵکی ئێران دژی پاشڤەڕۆیی و مەرگدۆستی پەرە دەستێنێ؟

ئەگەر فشارەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەڕەشەکانی ئەمریکا و ئورووپا و هەروەها ئابلۆقە ئابووری و تا ڕادەیەک دیپلۆماسییەکان بۆ سەر ئێران وەک پێوەرێک بۆ ڕەفتاری ڕژێم و سیاسەتە نێوخۆییەکانی لە بەر چاو بگرین و هەروەها ئاوڕێک لە هەڵبژاردنی ساڵی ڕابردووی سەرکۆماری و نارەزایەتیی بەرینی خەڵک لە ئاکامی ساختەکارییە گەورەکەی هەڵبژاردن بدەینەوە، تا ڕادەیەک دەتوانین دڵنیا بین کە خوێندنەوەیەکی واقعبینانە بۆ سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر زانکۆکان بخەینە ڕوو.

مێژووی زیاتر لە ٣٠ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی دەرخەری ئەو ڕاستییە کە هەر کات ڕێبەرانی ڕژێم تووشی شکست لە سیاسەتی دەرەوە دەبن و کارتە دەرەکییەکانیان دەسووتێن، فشار بۆ سەر جیابیران و دژبەرانی خۆیان لە ناوخۆ دەبەنە سەر. ئەوە لۆژیکی سیاسەت کردنی ئەو سیستەمەیە. بۆ وێنە بە دوای شکستی ئێران لە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق و قەبووڵی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان و پاشەکشێی بە کردەوەی ڕێبەرانی ڕژێم لە سیاسەتی ڕاگواستنی شۆڕش و گوزەر لە کەربەلا بۆ گرتنی قودس، هێرشی دڕندانەی ڕژێم بۆ زیندانەکان و ئێعدامی بە هەزاران چالاکی سیاسی و جیابیر بەرهەمی ئەو شێوە بیرکردنەوە و سیاسەت کردنە بوون. هۆکاری سەرەکیی ئەو چەشنە سیاسەتە لە ڕوانگەی خۆیانەوە لە لایەک گەڕانەوەی ڕەواییەتە بۆ سیستەم لانیکەم لە نێو هەستەی حاکمییەت دا و لە لایەکی دیکەشەوە ئاکامی ڕەوانی و ڕۆحیی قەبووڵی شکستەکانە.

بەو خوێندنەوەیە دەتوانین وڵامێکی لۆژیکی بە پێی ڕابردووی سیاسەتی ڕێبەرانی ڕژێم بۆ سەرکوتی بێ بەزەییانەی زانکۆکان بە دوای تەریک کەوتنەوەی ئێران (وەک کۆماری ئیسلامی) بدۆزینەوە. هەڵبەت ئەوەی جێگای باسی ئێمەیە زیاتر زانکۆکانە، دەنا گشت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەونە بازنەی ئەو سەرکوتەوەو کرێکاران، مامۆستایان، بازاڕیان و بە تایبەت نەتەوە ژێر دەستەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو ئامانجی سەرکوت و ترس و تۆقاندن بوون.

ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن ساڵی نوێی خوێندن لە زانکۆکان، دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێ و سروشتی ڕادیکاڵ و پێکهاتەشکێنیی زانکۆ لە ژێر ئەم چەشنە فشارانەدا بەرەو ڕادیکالیزمی زیاتر و هەنگاوی کارکردیتر پاڵ پێوە دەنرێ ڕۆژانێکی دژوارتر لە چاوەڕوانی کاربەدەستانی زانکۆ و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دایە.

> **ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن ساڵی نوێی خوێندن لە زانکۆکان، دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێ و سروشتی ڕادیکاڵ و پێکهاتەشکێنیی زانکۆ لە ژێر ئەم چەشنە فشارانەدا بەرەو ڕادیکالیزمی زیاتر و هەنگاوی کارکردیتر پاڵ پێوە دەنرێ ڕۆژانێکی دژوارتر لە چاوەڕوانی کاربەدەستانی زانکۆ و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دایە**

# شەرعییەتی دیپلۆماسیی مافی مرۆڤ

ئاسۆی حەسەن زادە

حەوتووی ڕابردوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەپێی بڕیاری باراک ئۆباما و وەزارەتی خەزێنەداریی ئەو وڵاتە ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەهۆی بەشدارییان لە سەرکوتی نارازییانی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ڕابردوودا خستە نێو لیستی تەحریمەکانی خۆیەوە. چەند حەوتوویەکیشە مەترسیی سەنگساری سەکینە محەممەدی ئاشتیانی شەپۆلێکی کەموێنە لە هاوپێوەندیی کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستە نێونەتەوەیی‌یەکانی بەتایبەتی لە ئورووپا وەڕێ خستووە، شتێک کە ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە ئاستی دەبیرخانە ڕەسمییەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوەشدا هەبووە.

ئەمە یەکەم جار نیە کە ڕەوشی مافی مرۆڤ وەک بنەمایەکی دیاریکردنی مامەڵەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ دەوڵەتێک پێشنیار دەکرێ. شتێک کە لەو بارەوە لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا تازەییی هەیە ئەوەیە کە ئەگەر تا ئێستا وڵامی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ پرسی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا لە قالبی وتار و هەڵوێست دەرنەدەچوو، ماوەیەکە هەوڵ دەدرێ مافی مرۆڤیش لە پەنای پرسە ئەمنییەتییەکانی وەک دۆسیەی ناوکی ( بەڵام بێگومان زۆر کەمتر لەوان) بکرێتە بنەمایەکی هەنگاوی بەکردەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. لەڕاستیدا، هەروەک هیلاری کلینتۆن ڕایگەیاند «ئەمە یەکەم جارە کە ئەمریکا بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ گەمارۆی ئێران چڕ دەکاتەوە».

کەموکوڕیی هەرە گەورەی سیستمی پارێزگاریی نێونەتەوەییی مافی مرۆڤ لە مێکانیزمەکانی جێبەجێکردنیدایە. لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ئۆرگانەی ئەرکی قووڵکردنەوەی نۆرمەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و چاوەدێریی دۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی پێ سپێردراوە، واتە کۆڕی گشتی، دەسەڵاتی ئیجرایی نیە. لە بەرامبەردا، ئەو ئۆرگانەش کە دەسەڵاتی ئیجرایی هەیە واتە ئەنجومەنی ئاسایش -سەرەڕای هەموو ئەو گەشەسەندنانە کە لەم ساڵانەی دواییدا لە پراکتیکی خۆی دا بەدیی هێناوە - تەنیا لە چوارچێوەی پاراستنی ئاشتیی جیهانیدا دەجوڵێتەوە و پرسی مافی مرۆڤ وەک خۆی بنەمای بڕیار و هەنگاوەکانی نیە.

هەربۆیە کاتێک پێڕاگەیشتنی کارنامەی وڵاتێک لە بواری مافی مرۆڤ یان لێپرسینەوە لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەبەردەم ناوەندە نێونەتەوەیی‌یە پێوەندیدارەکان (بۆ نموونە شووڕای مافی مرۆڤ) کۆتایی پێ دێ، جێبەجێ کردنی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان دەگەڕێتەوە سەر ڕەفتار و کرداری دەوڵەتان. جا لەبەر ئەوەش کە زۆربەی کات دەوڵەتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان پشت گوێ دەخەن یا لانیکەم بە دروستی جێبەجێیان ناکەن، سروشتییە کە چاوەڕوانیی هەنگاونان بۆ باشکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە جیهاندا ڕوو لەو دەوڵەتانە دەکا کە هەر لەو کاتەدا کە لە چوارچێوەی وڵاتی خۆیاندا ڕێز لە مافی مرۆڤ و ئازادی‌یە بنەڕەتییەکان دەگرن، لەگەڵ دەوڵەتانی پێشێلکاری ماف مرۆڤیش لە پێوەندی و مامەڵەدان.

بەڵام ئەو مەسەلەیە هەمیشە لەلایەن سەرجەم دەوڵەتانەوە وەک بابەتێکی زۆر هەستیار چاو لێ کراوە. هەتا پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، هەر چەشنە لێپرسینەوەی دەوڵەتێک لە ڕەوشی مافی مرۆڤی هاووڵاتیانی دەوڵەتێکی دیکە کە هیچ نیسبەتێکیان لەگەڵ دەوڵەتی یەکەم نەبا بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتی دووهەم لە قەڵەم دەدرا. لەبەر ئەوە کە ئەسڵی دەستێوەرنەدان لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ڕەسمی ناسرابوو، زۆر پاش دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ژمارەیەکی بەرچاو لە دەوڵەتان، بەتایبەتی دەوڵەتانی سۆسیالیستی، ڕژد و دەمارگرژانە ڕووبەڕووی مەسەلەی چاولێکردنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی وڵاتان دەبوونەوە. شتێک کە دیارە ئەمڕۆش لە وتاری دەوڵەتانی نادیمۆکراتیک دا وەک خۆی ماوەتەوە.

> **ئەو پرەنسیپە کە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێک نابێ گۆڕینی سیاسەتی نێوخۆیی دەوڵەتێکی دیکە بکاتە ئامانجی خۆی بواری مافی مرۆڤ ناگرێتەوە**

دیارە وە نەبێ ئەسڵی قەدەغە بوونی دەستێوەردان ئەمڕۆ بنەمای یاسایی لاواز بووبێ یا بایەخی لە پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکاندا کەم بووبێتەوە: ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئەو بۆچوونە کە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێک نابێ گۆڕینی سیاسەتی نێوخۆیی دەوڵەتێکی دیکە بکاتە ئامانجی خۆی لەسەر یەک ئیجماعی لەسەرە. بەڵام شتێک کە دەبێ بە ڕوونی بگوترێ و دووپات بکرێتەوە ئەوەیە کە ئەو پرەنسیپە ئیدی بواری مافی مرۆڤ ناگرێتەوە. دەستێوەردان ئەو کاتە ناقانوونی‌یە کە دەوڵەتێک لە بوارێکدا کە بە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتێکی دیکە لە قەڵەم دەدرێ هەوڵ بدا لە ڕێگا زۆری لێکردن و زەبر و زەنگەوە ڕەفتاری دەوڵەتی دووهەم بگۆڕێ. پاش پەسند کرانی پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئیدی مافی مرۆڤ بە کاروباری نێوخۆیی نایەتە حیساب، و تەنانەت ئەگەر بنەما سروشتی و ئەخلاقییەکانی مافی مرۆڤیش لە قەراغێ دابنێین، سەرجەم ئەو نۆرم و ڕێوشوێنە نێونەتەوەیی‌یانەی لە بواری ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ستانداردە دیموکراتیکەکان و باشحوکمڕانی‌دا بەپەسند گەیشتوون، بواری مافەکانی ئینسانیان لە لیستی کاروباری نێوخۆیی هێناوەتە دەر. لەلایەکی دیکەوە چاوەدێریی نێونەتەوەییی مافی مرۆڤ و بەکارهێنانی دیپلۆماسیی دەوڵەتان لەو بوارەدا تەنانەت ئەگەر سزای ئابووریشیان لێ بکەوێتەوە بە ڕێکارگەلی شەڕخوازانە لە قەڵەم نادرێن (تازە بەپێی بیرۆکەیەک کە دیارە ئیجماعی لەسەر نیە، لە حاڵەتی قەڵاچۆی خەڵکی وڵاتێک لەلایەن حکوومەتی وڵاتەکەیەوە، دەوڵەتانی دیکە بەبێ بوونی هیچ نیسبەتێک لەگەڵ ئەو خەڵکەش و لە دەرەوەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش مافی دەستێوەردانی نیزامییشیان هەیە).

هەر دەوڵەتێک لە دیپلۆماسیی خۆی‌دا کۆمەڵێک کەناڵی بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ لەبەردەستدایە. کاریگەرترین و قەدیمیترین ڕێکار مێکانیزمی پارێزگاریی دیپلۆماتیکە. بەڵام پارێزگاریی دیپلۆماتیک لەو ڕووەوە نەشیاوە کە بۆ ئەوەی دەوڵەتێک بۆ داکۆکی لە مافی کەسێک لەلای دەوڵەتێکی دیکە بەدواداچوون بکا، پێویستە کەسەکە هاووڵاتیی خۆی بێ. ڕێکارەکانی دیکە ئەگەرچی دەستەبەری کاریگەربوونیان کەمترە، بەڵام لەو بارەوە گونجاون کە مەرجی هاووڵاتی بوونیان تێدا نیە. بەشێک لەوان هەمان ئەو ڕێکارە نیهادییانەن کە لە کاتی پێداچوونەوە بە کارنامەی مافی مرۆڤی دەوڵەتێک یان لێپرسینەوە لە کەیسێکی دیاریکراو لەلای ئۆرگانە نێونەتەوەیی‌یەکان بۆ دەوڵەتانی دیکە بەرەسمی ناسراوە. لە ئاستی قەزایی‌دا، هێندێک لە سیستمە ناوچەیی‌یەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ (بۆ نموونە دادگای ستراسبورگ) تەنانەت ئەو مافە بە دەوڵەتی ئەندام دەدەن کە لەسەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە دەوڵەتێکی دیکەی ئەندام شکایەت بکا، بەبێ ئەوەی ئەو مرۆڤەی مافەکانی پێشێل کراوە میللیەتی دەوڵەتی یەکەمیشی هەبێ.

سەبارەت بە خودی دیپلۆماسی، کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان و بیروڕای گشتی لەو باوەڕەدان کە پێویستە دەوڵەتانی لایەنگری مافی مرۆڤ دیپلۆماسیی خۆیان بە شێوەیەکی ئاوەڵە بۆ وەدەنگ هاتن لە مافە پێشێلکراوەکانی کەسانێک کە هاووڵاتیی وان نین دەکار خەن و تێ بکۆشن هەتا لە ڕێگای هەڵوێست گرتنی ئاشکرا و بە مێدیایی کردنی کەیسەکانەوە پاشەکشە بە دەوڵەتی پێشێلکار بکەن. هەرچی دەگەڕێتەوە سەر دەوڵەتان بۆخۆیان، ئەوان زۆرتر حەزیان لەو شتەیە کە پێی دەڵێن «دیپلۆماسیی بێدەنگ» و لەو باوەڕەدان کە بەهۆی کەللەڕەقی و مەغروورییی دەوڵەتانی سەرەڕۆ، هەوڵ و هەنگاوی پشت پەردە بەرهەمی زیاتر دەبێ. لە مەیدانی کردەوەدا دەرکەوتووە کە دەوڵەتان هەنگاوە هەرە کاریگەرەکانی پشت پەردە تەنیا ئەو کاتە هەڵدێننەوە کە کەیسی پێشێلکارییەکە پێوەندیی بە کەس یا کەسانێکەوە هەبێ کە لە هەر ڕوویەکەوە نیسبەتێکیان لەگەڵ دەوڵەتی داکۆکیکەردا هەیە و لە ڕاستیدا قازانجەکانی دەوڵەتی داکۆکیکەریش لە گرەوی چارەسەری مەسەلەکەدان. لە بەرامبەردا و بۆ هەموو ئەو حاڵەتانەی مرۆڤە مافخوراوەکان هیچ نیسبەتێکیان لەگەڵ دەوڵەتانی داکۆکیەردا نیە، ئەو دەوڵەتانە هەم بۆ ڕازی کردنی ویژدانی گشتی و هەم بەهۆی تێچووی کەمتر تەکنیکی ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتانی پێشێلکار ( چ بە شێوەی ڕەسمی و چ بە شێوەی نارەسمی) بەکار دەبەن.

بەهۆی ئەوە کە ڕەفتاری دەوڵەتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ بە تەنیا هەڵوێست و ڕەخنەگرتن چاک ناکرێ، لە سەردەمی نوێ‌دا هێندێک لە دەوڵەتان و جەمسەرە نێونەتەوەیی‌یەکان پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤیان لە سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسیی خۆیان‌دا نەهادینە کردوە. بەپێی پەیمانی یەکێتیی ئورووپا یەکێک لە ئامانجەکانی «سیاسەتی دەرەوە و ئەمنییەتی هاوبەش»ی ئەو یەکێتییە «گەشەپێدان و پتەو کردنی دیموکراسی و حکومەتی قانوون و وەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکان»ە. بۆ خورد کردنەوە و جێبەجێکردنی ئەو ئەسڵە، یەکێتیی ئورووپا لە هێندێک لەو پەیمان و ڕێککەوتنانەدا کە لەگەڵ وڵاتانی سوننەتەن «جیهانی سێهەمی»دا دەیبەستێ، بەندێک دادەنێ کە بە ڕوونی دەستنیشانی دەکا کە گەشەسەندن و درێژەکێشانی هاوکاریی تەکنیکی و یارمەتیی دارایی بەو وڵاتانە بەستراوەتەوە بە ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا. پراکتیکێک کە دیارە لە بنەڕەت ڕا داهێنانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە («فۆرن ئەسیستنس ئەکت»، ١٩٧٤).

ئەمڕۆ دیپلۆماسیی مافی مرۆڤ لە رووی بنەماکانەوە شەرعییەتی بێئەملاولای خۆی وەرگرتووە. بەڵام لە رووی جیددییەت و لە مەیدانی واقعدا ڕووبەڕووی گەلێک تیر و توانج دەبێتەوە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە وەک زۆر بواری دیکە ئەمەشیان شوێنەواری خراپ لەو ڕاستییانە وەردەگرێ کە تیئۆریی ریالیزم لە پێوەندی‌یە نێودەوڵەتییەکاندا کردوونیە هەوێنی خۆی. ئەولەوییەت دانانی دەوڵەتان بۆ قازانجەکانیان وای کردووە کە دەوڵەتێک بەدژی دەوڵەتێک کە کێشەی سیاسیی لەگەڵی هەیە دیپلۆماسیی مافی مرۆڤ بەکار بێنێ، بەڵام لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە کە ڕەنگە ئەویش مافی مرۆڤ پێشێل بکا بەڵام دۆستیەتی، لە گوڵ کاڵتری پێ نەڵێ. ئەوەش زۆر جار لەسەر ئامانجی جێبەجێ بوونی مافی مرۆڤ خراپ شکاوەتەوە و بۆتە هۆی ئەوە کە دۆخ و چارەنووسی ئینسانەکان ببنە بارمتەی مشت و مڕە سیاسییەکان.

لەلایەکی دیکەوە ریالپۆلیتیک وای کردووە کە زۆر جار دەوڵەتان دیپلۆماسیی مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر بەکار نەبەن و تەنانەت پاشەکشەشی لێ بکەن. ئەو ڕۆژە بەهارییەی ساڵی ٢٠٠٧ کە نیکۆلا سارکۆزی بە سەرکۆماری فەڕانسە هەڵبژێردرا پڕ بوو لە خەبەری خۆش بۆ دیپلۆماسیی مافی مرۆڤ. سارکۆزی لە یەکەم وتاری پاش سەرکەوتنی لە هەڵبژاردندا نیازی خۆی بۆ کۆتایی هێنان بە سیاسەتی تا ئەو کاتی حکوومەتی وڵاتەکەی لەو بوارەدا ڕاگەیاند و گوتی «ئەمن ئیدی ڕێگا نادەم بە بیانووی پاراستنی قازانجە ئابوورییەکانمان چاوپۆشی لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە جیهاندا بکرێ». تەنانەت بۆ یەکەمجار لە مێژووی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکاندا وەزارەتێکیش ڕاست بۆ دیفاع لە مافی مرۆڤ لە دەرەوەی فەڕانسە دامەزرا. بەڵام تەمەنی ئەو وەزارەتە زۆر کورت بوو: لە شەستەمین ساڵڕۆژی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا وەزیری دەرەوەی فەڕانسە بێرنارد کوشنێر (کە بۆخۆی بە داهێنەری مافی دەستێوەردان بۆ دیفاع لە مافی مرۆڤ ناوبانگی دەرکردووە) دانانی ئەو وەزارەتەی بە هەڵەیەک دانا و ئیعترافی کرد کە «لەنێوان سیاسەتی دەرەوە و مافی مرۆڤدا دژایەتی‌یەکی دائیمی هەیە».

واقعییەت و جیددییەتی تا ئێستای دیپلۆماسیی مافی مرۆڤ هەرچەندێک بڕ بکا، دەبێ هیوادار بین و هەوڵ بۆ ئەوە بدەین کە لانیکەم لەپێوەندی لەگەڵ ئێران‌دا فشارهێنانی بەکردەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلانی ئەو وڵاتە بێنێتە ڕیزی پێشەوەی هەوێن و پاساوەکانیەوە.




شەرحی کاریکاتێرەکە : لە ژووری کاری سەرکردەی چین، سەرکردە لەسەر دۆکومێنتێک ڕاوەستاوە کە لەسەری نووسراوە «مافی مرۆڤ». خزمەتکار دەڵێ :»قوربان، ڕۆژئاوایی‌یەکان داوا دەکەن لانیکەم کەوشەکانت دانێی!» (سەرچاوە : glousseur.com)

## ناساندنی کتێبی «کورد و پێویستیی دیپلۆماسیی میدیایی»

ئامادە کردن: کوردستان – دیپلۆماتیک

کتێبی «کورد و پێویستیی دیپلۆماسیی میدیایی» کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنووس «مادێح ئەحمەدی»یە هەفتەی ڕابردوو هاتە نێو کتێبخانەی کوردیەوە. ئەم کتێبە لە لایەن «سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان»ەوە بە چاپ گەیەنراوە.



کتێبی «کورد و پێویستیی دیپلۆماسیی میدیایی» یەکەم کتێبی کوردییە لەسەر دیپلۆماسیی میدیایی و گرنگیی بەکارهێنانی میدیا لە دیپلۆماسیدا بۆ کورد. نووسەر لە پێشەکییەکەدا دەڵێ:» ڕەنگە لەلایەن زۆر کەس ئەو ڕەخنەیە بێتەوە سەر ئەم نووسینە، کە بەشی سەرەکیی باسەکە دوورە لە میدیای کوردی و دیپلۆماسیی میدیایی بۆ کورد. واتە بڵێین کە باسەکە لە چوارچێوەی تەوەری سەرەکیی خۆی لایداوە و بە پێی سەردێڕەکەی دانەڕێژراوە. ئەمە لە جێی خۆیدا ڕەخنەیەکی بەجێیە، بەڵام بەو بۆنەوە کە تا ئێستا ئەم بابەتە نەهاتۆتە نێو سیاسەتی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و لەم پێوەندیەشدا (لە پێوەندی لەگەڵ دیپلۆماسیی میدیاییدا) لە کتێبخانەی کوردیدا هیچ سەرچاوەیەک لە ئارادا نییە (ئەگەر هەشبێ بەداخەوە ئەمن نەم¬بینیوەو یان دەستم نەکەوتوە) بە پێویستم زانی سەرەتا لەمەڕ پێناسەی چەند چەمکێکی پێوەندیدار بە دیپلۆماسی و ڕۆڵی میدیا، ئامرازەکانی دیپلۆماسیی میدیایی، پێشینەی باسەکە، ڕۆڵی میدیا لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان و قەیرانە سیاسییەکاندا کۆمەڵێک زانیاری بخەمە ڕوو کە بەرچاو ڕوونییەک بدەم بە خوێنەر».

مێتۆدی لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبە «کتێبخانەیی»یە و نووسەر لە پێشەکییەکەیدا ئاماژە بەوە دەدا کە ئەوەی سەرچاوەی زیاتری دەست نەکەوتووە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکەی بووە. دانەری ئەم کتێبە لە پێشەکییەکەدا سەبارەت بە مەبەستی خۆی لەم لێکۆڵینەوەیە ئاوا دەنووسێ:» بە لەبەرچاو گرتنی ئەو خێراییەی کە ئەمڕۆ لە گواستەوەی زانیارارییەکان لە جیهاندا دروست بووە و کاریگەریی میدیاکان لە سەر ڕای گشتی و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، مەبەستی سەرەکیی نووسینی ئەم بابەتە یەکەم: وڵامدانەوەیە بەم پرسیارە کە بۆ دیپلۆماسیی میدیایی بۆ کورد پێویستە؟ دووەم: ئاشنا بوونی کورد لە گەڵ بابەتەکە خۆی و سێیەم: ئەوە کە لایەنە کوردییەکانیش لە سیاسەت کردندا لە هەوڵی ئەوەدا بن کە وەک کاراکتەرێکی جیددی لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیدا چاو لە میدیا بکەن و وەک پرۆژەیەک بەمەبەستی بەکارهێنانی، کاری بۆ بکەن».

کتێبی «کورد و پێویستیی دیپلۆماسیی میدیایی» لە پێنج بەش پێکهاتوە. لە بەشی یەکەمدا، کۆمەڵێک چەمک وەک» لۆبی و لۆبیی میدیایی»، « ڕای گشتی» لەگەڵ چەند شێوازێک لە شێوازەکانی دیپلۆماسی پێناسە کراوە. لە بەشی دووەم دا باسی ئەو ئامرازانە (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ئاژانسەکان، چاپەمەنییەکان، ئینتێرنێت) کراوە کە ئەمڕۆ لە دیپلۆماسیی میدیاییدا باون و وڵاتان لە سیاسەتی خۆیاندا کەڵکیان لێ وەردەگرن. لە بەشی سێیەم¬دا تیشک خراوەتە سەر ڕابردووی باسەکە و بە پێی قۆناغە جیاوازەکان چەند نموونەیەک خراوەتە ڕوو. لە بەشی چوارەمدا بە لەبەرچاو گرتنی تیۆریی کاریگەریی CNN، ئەو ڕۆڵەی کە میدیا جیهانییەکان لە سیاسەت و قەیرانە سیاسییەکان دا دەیگێڕن و سەپاندنی سیاسەت لە لایەن میدیاکانەوە بە ئاماژە بە چەند نموونەیەک لێکدراوەتەوە. بە پێی پێشەکی ئەم کتێبە، لە ژێر ڕووناکایی ئەم چوار بەشە دا لە بەشی پێنجەمیدا کە بەشی کۆتاییە، نووسەر هاتۆتە سەر گرفتەکانی میدیای کورد و ئەو تێگەیشتنە کە لە کوردستان بەرانبەر بە میدیا زاڵە و پێویستیی بەکارهێنانی میدیا لە دیپلۆماسیی-دا بۆ کورد، بەمەبەستی دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ. لەم بەشەدا نووسەر وێڕای ئاماژە بە گرنگی زمان لە دیپلۆماسیی میدیاییدا و خستنە ڕووی گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم میدیای کوردیی، ١١ خاڵی وەک ڕێگاچارە پێشنیار کرودوە بۆ ئەوەی کورد بتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ و لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا وەک کاراکتەرێکی جیددی میدیا بەکار بێنێ.

بێگومان قسەکردن سەبارەت بە دیپلۆماسیی میدیایی زۆر هەڵدەگرێ و پێویستی بە کاری زیاترە. ئەم بەرهەمە سەرەڕای کەموکوڕییەکانی گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە و بەو هیوایە کتێبخانەی کوردی کاری لەم چەشنە زیاتر بە خۆیەوە ببینێ.

# شەڕی ئێران عێراق و ماڵوێرانیی خەڵکی کوردستان

ن: سیروان مووساپوور

سی ساڵ بەسەر هەڵگیرسان و بیست و دوو ساڵ بەسەر کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا تێ دەپەڕێ. هەشت ساڵ ماوەیەکی ئێجگار دوور و درێژە بۆ شەڕ و کاولکاری لە نێوان دوو وڵاتدا بە تایبەت کە ئەم دوو وڵاتە دراوسێ و هاوسنووری یەکتر بن.

ئەم شەڕە بە درێژترین شەڕی سەدەی بیستەم و پڕ زیان ترین شەڕ دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و بە یەکێک لە کارەساتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار. شەڕێک کە تێیدا لە هەموو چەشنە تاکتیک و تکنیک و هەموو جۆرە چەک و کەرەسەیەکی نیزامی و تەنانەت چەکی شیمیاییش کەڵک وەرگیرا و بە هەزاران کەسی نیزامی و غەیرەنیزامی گیانیان لە دەست دا و ئێستاش دوای دەیان ساڵ ئاسەواری جەستەیی و دەروونی لەسەر خەڵکی هەر دوو وڵات ماوە و هەزاران کەسی تووشی بێ سەرپەرشتی و نەقووستانی کردووە و بێجگە لەمەش زیانێکی زۆر و قەرەبوونەکراوی ئابووریشی تووشی هەر دوو وڵات کرد.

هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و بە دروشمی (نە شرقی و نە غربی) و بە ئامانجی ناردنەدەرەوەی شۆڕش بۆ دەرەوەی ئێران دوابەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و گرژی و ئاڵۆزییەکانی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران و هەروەها مێژوویەک لە ناکۆکی لە بەینی دوو وڵاتدا، دەرفەتێکی بۆ ڕێژیمی ئەو کاتی عێراق ڕەخساند کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە مێژبوو بە هیوای وەدیهاتنیان لە ناوچەدا بوو، هێرش بکاتە سەر خاکی ئێران . ئەوە بوو کە سەرۆکی عێراق لە پێش چاوی بیروڕای گشتی و لە بەرامبەر دووربینەکاندا ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ی ئەلجەزایری دڕاند و یەک لایەنە ئەو ڕێککەوتننامەیەی

**شەڕێک کە بێجگە لە ماڵوێرانی بۆ خەڵکی ئاسایی چی تری بەدواوە نەبوو. بێجگە لە وێرانکاری ئاسەواریی دەروونی زۆر ناڵەباریشی لەسەر هاووڵاتیان دانا و بوو بە هۆی نارەزایەتی و دژایەتی خەڵک لە گەڵ درێژەدانی شەڕ. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە درێژەدانی شەڕ هەروا لە بیری سەرکەوتنی گەورەتر دابوون**

هەڵوەشاندەوە. هەر چەند ماوەی مانگێک زیاتر بوو شەڕێکی ڕەوانی و ڕانەگەیەنراو دەستی پێکردبوو، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی ڕۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی، ئەرتەشی عێراق هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر خاکی ئێران دەست پێکرد.

کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بە کاتی تاران، عێراق بە ناردنی ١٩٢ فڕۆکەی شەڕکەر و بۆمب هاوێژ شەڕی هەوایی دژی ئێران دەست پێکرد و هاوکات لەگەڵ ئەوەش ئەرتەشی عێراق لە سێ بەرەوە هێرشی زەوینی کردەسەر ئێران و لە ماوەیەکی کورتدا ڕووبەرێکی بەرچاو لە ناوچەکانی باشووری ئێران کەوتە بەر دەستی هێزەکانی عێراق. پێشڕەوی هێزەکانی عێراق بە شێوەیەک بوو کە لە ماوەی دوو مانگدا زیاتر لە چاردە هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشە لە خاکی ئێران داگیر کرا و شارە سنو و ر ییە کا نی وەک خوڕەم شار، سو سە نگە ر د ، مێهران، دێهلۆران، قەسری شیرین، نەوت شار، سومار و چەند شارێکی دیکە کەوتە بەردەستی هێزەکانی عێراق و چەند شارێکی وەک ئابادان و ئەهواز و شووش و گیلانی غەرب و.. کەوتنە بەر ڕەهێڵەی تۆپخانەکانی عێراق.

هێزەکانی ئێرانییش بەرپەرچی هێزەکانی عێراقییان دایەوە، بەڵام بە هۆکاری نیزامی و کێشەی سیاسی، دەسکەوتێکی وەهای نەبوو.

پاش ئازادکردنی شاری خوڕەمشارو هێندێکی تر لە ناوچە داگیرکراوەکان شەڕی ئێران و عێراق شکڵێکی نوێی بە خۆوە گرت.

بە سەرکەوتنی ئێران لە هێندێک لە بەرەکانی شەڕدا لە پووشپەڕی ٦١، سەددام ئامادەیی خۆی بۆ گەڕاندنەوەی تەواوی هێزەکانی هەتا سنووری دوو وڵات ڕاگەیاند.هەر لەو سەروبەندەشدا پێشنیاری سەرەتایی بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست و وتوویژ لە لایەن کۆمەڵگای جیهانی بە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامی دەگەیشتە بەرپرسانی ئێرانی، بەڵام لە ڕاستیدا بەم دەسکەوتانە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی خەیاڵی ئەوەیان کەوتە مێشک کە بە پێشڕەوی لە خاکی عێراقدا و وەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر، پێگەی خۆیان لە کاتی دانیشتندا قایمتر بکەن. بە دروشمی شەڕ، شەڕ، هەتا سەکەوتن و ڕزگاریی قودس لە ڕێگای کەربەلاوە، درێژەیان بە شەڕەکە دا.

شەڕێک کە بێجگە لە ماڵوێرانی بۆ خەڵکی ئاسایی چی تری بەدواوە نەبوو. بێجگە لە وێرانکاری ئاسەواری دەروونی زۆر ناڵەباریشی لەسەر هاووڵاتیان دانا و بوو بە هۆی نارەزایەتی و دژایەتی خەڵک لە گەڵ درێژەدانی شەڕ. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە درێژەدانی شەڕ هەروا لە بیری سەرکەوتنی گەورەتر دابوون.

هێرش بۆ سەر کەشتییە بازرگانی و نەوت کێشەکان لە کەنداوی فارس، تاکتیکی نوێی سەددام بوو بۆ زیادکردنی گوشار بۆ سەر ئێران. ستراتژی سەددام ڕاکێشانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مێزی وتوویژ بوو. لەم شەڕەدا کە زیاتر لە کەنداوی فارس بوو، بێجگە لە دوو وڵات وڵاتانی تری ناوچەش بە تایبەت وڵاتی کووەیت زیانیان بەردەکەوت. داواکردنی هاوکاری وڵاتی کووەیت لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بوو بە هۆی ئەوەکە شوڕەوی و ئەمریکا هێزەکانیان لە ئاوەکانی کەنداودا جێگیر بکەن.

لە ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی، ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە تێکڕای دەنگ بڕیارنامەی ٥٩٨ی لە بارەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەرکرد. لەم بڕیارنامەیەدا داوای تەقەوەستاندن و کێشانەوەی هێزەنیزامییەکان بۆ پشتی سنوورەکان کرابوو. وێڕای باس کردنی چەند بڕیارێکی گرنگ، پێ لەسەر ئازادکردنی دیلەکانی شەڕ و مەحکووم کرانی بۆمبارانی ناوەندە غەیرە نیزامییەکان و بە کارهێنانی چەکی شیمیایی کرابوو. دەوڵەتی عێراق دوابەدوای دەرچوونی ئەم بڕیارنامەی، قبووڵی کرد بەڵام خومەینی ڕۆژی ٦ی گەلاوێژی ٦٦، لە پەیامێکدا بڕیارنامەکەی ڕەت کردەوە.

لە ماوەی ساڵێکدا، واتە لە ماوەی دەرچوونی بڕیارنامەکە هەتا ڕاگەیاندنی ئاگربەست هەلومەرجەکە بە تەواوی گۆڕانی بەسەرداهات و ئیستراتژی هێرشبەرانەی عێراق لە ساڵی کۆتایی شەڕدا، زۆر شکستی گەورەی لە بەرەکانی شەڕدا تووشی ئێران کرد. فاو، شەلەمچە، جزیرەی مەجنوون، ماوەت، پێنجوێن و زۆر شەرگەی دیکە بە زەبری شەڕ بە هێزەنیزامییەکانی ئێران چۆڵ کران.

هێرشەکانی دوایین ساڵی شەڕ لە لایەن عێراق و لەدەستدانی توانایی خۆڕاگریی هێزەکانی ئێران و هەروەها ئامادەبوونی ئەمریکا لە کەنداوی فارس و نیگەرانی لە ئەگەری دەرگیربوون لەگەڵ ئەم زلهێزە و لە هەمووان گرنگتر زیادبوونی گوشاری ناوخۆیی و دەرەکی، لە قبووڵکردنی بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە لایەن ئێرانەوە بێ کاریگەری نەبوون.

سەرەنجام ساڵێک دوای دەرچوونی بڕیارنامەکە، بڕیاری قبووڵ کردنی ئەم بڕیارنامەیە و تەقەوەستاندن لە شەڕدا لە لایەن خومەینی یەوە دەرکرا کە بۆ ئەو وەک خواردنەوەی جامی ژەهر بوو. بڕیارنامەی ٥٩٨، کە دوای دەرچوونی لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە لە لایەن عێراقەوە قبووڵ کرا، ساڵێک دواتر و پاش زیان و ماڵوێرانی زیاتر بۆ خەڵک لە ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە لایەن ئێرانەوە قبووڵ کرا و بەم شێوەیە شەڕی نێوان دوو وڵات کۆتایی پێهات.

### زیانەکانی شەڕ بۆ سەر کوردستان:

کوردستان بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافیایی تایبەتەوە بە درێژایی مێژوو گۆڕەپانی ڕمبازێنی داگیرکەران و شەرگەی گەلێک شەڕی گەورە و گچکە بووە. لە سەردەمی شەڕی ئێران ـ عێراقیش نەتەنیا لەم حاڵەتە بەدەر نەبوو، بەڵکوو مەیدانی دوو شەڕ بوو: لە لایەک شەڕ دژی خەڵکی کوردستان و لە لایەک دژی دەوڵەتی بەرامبەر. نابێ لەبیرمان بچێ کە لە شەڕی نێوان ئەم دوو وڵاتە کوردستان لە هەر دوو بەش، زیانی زۆری مرۆیی و ئابووری وێکەوت. ئەوەش زیاتر بە دوو هۆ بوو: یەکەم لەبەر ئەوەکە بەشی زۆری سنووری نێوان دوو وڵات بە خاکی کوردستاندا تێپەڕیوە. دووهەم بە هۆی ئەوەی هەر دوو حکوومەتی ئەم دوو وڵاتە لە دژی خەڵکی کوردستان لە شەڕ دابوون. خەڵکی کوردستان لەو سەردەمەدا لە چەند بارەوە تووشی ماڵوێرانی بوون:

ـ ئەگەر بەگشتی لە مەسەلەکە بڕوانین و کوردستان وەک بەشێک لە وڵاتی لە حاڵی شەڕدا دابنێین، ئەوا بێگومان لەو هەموو زەرەر و زیانانەی کە تووشی گەلانی ئەم وڵاتە بوو، بەشێکیشی هەم لە باری ئینسانی و هەم لە باری ئابووری بەر کوردستان دەکەوێ و بەشێکی بەرچاو لە سەروەت و سامانی وڵات کە دەبوایە خەرجی ئاوەدانی وڵات کرابا و کوردستانیش لێی بەهرەمەند بووایە، بۆ شەڕ خەرج کرا.

ـ وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەشی زۆری سنووری نێوان ئێران و عێراق بە خاکی کوردستان دا تێپەڕ بووە و لە ئێراندا لە پێنج پارێزگای سەرسنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە چوار پارێزگایان هی کوردستانن، هەر بۆیە بەشێکی بەرچاو لەو شار و گوندانەی لە ڕۆژەکانی سەرەتای شەڕەوە لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە داگیر کرا، ناوچەکانی کوردستان بوون، بۆ نموونە: مێهران، دێهلۆران، قەسری شیرین و....کە بێجگە لە زیانی ئابووریی و مرۆیی بەشێکی بەرچاو لە سروشتی کوردستانیش بە هۆی شەڕ و بۆمبارانەوە تووشی سووتان و لەناوچوون بوون.



ـ بە هۆی دانانی مین لە هەر دوو سنوور ئەژمارێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بوونە قوربانی. سەدان بنەماڵە بێ سەرپەرشت بوون و بە هەزاران کەسیش نەقووستان بوون . هەنووکەش مین وەک دوژمنێکی شاراوە ڕۆژ نیە لە کوردستان قوربانی نەستێنێ و خەڵکی کاسبکار و زەحمەتکێشی نا و چە سنو و ر ییە کا ن تووشی ماڵوێرانی و چارەڕەشی نەکا.

ـ بەشێکی بەرچاو لە د ا نیشتو و ا نی کوردستان لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا، لە لایەن هێزەکانی ئەو دوو حکوومەتە گیران و ڕەوانەی ئۆردووگا زۆرەملییەکان کران و ساڵەها تەمەنیان لە گرتووخانەکاندا بە فیڕۆ ڕۆییشت. لە نێو ئەم ئەسیرانەدا تەنانەت بە دەیان کاروانچی و کاسبکاریش هەبوون کە لە کاتی کاسبیدا گیرابوون.

ـ لە هەمووی ئەوانە بەژانتر، شەهید بوونی هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان بە هۆی چەکە شیمیاییەکان بوو. هەرچەند بە پێی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان بە تایبەت یاساکانی دەرچووی ساڵی ١٨٧٤ی کۆنفرانسی بروکسێل و ساڵەکانی ١٨٨٩ و ١٩٠٧ی کۆنفرانسی لاهە، وڵاتانی شەڕکەر دەبوایە لە هێرش بۆ سەر خەڵکی بێدیفاع و غەیرەنیزامی خۆ بپارێزن، بەڵام کوردستان نەتەنیا بەر ئەم یاسایانە نەکەوت، بەڵکوو بە دڕندانەترین شێوە کەوتە بەر هێرشی شیمیایی و چەکی کۆمەڵکوژ. بۆ نموونە دەوڵەتی عێراق لە ماوەی شەڕدا بە دەیان جار چەکی شیمیایی بە کار هێناوە کە سی جاریان لە ناوچەکانی جێ نیشتەجێبوونی خەڵک بووە. یەکەم شوێنی ئێران کە کەوتە بەر هێرشی شیمیایی عێراق هەر کوردستان بوو(ناوچەیەک لە ڕۆژئاوای ئیلام) و یەکەم شوێنیش کە بە دڕندانەترین شێوە کەوتە بەر هێرشی شیمیایی هەر کوردستان بوو (هەڵەبجە). لێرەدا وەک نموونە بە کورتی ئاماژە بە دوو کارەساتی دڵتەزێنی ئەو سەردەمە دەکەین:

ـ بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت: ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە لایەن فڕۆکەکانی عێراقەوە کەوتە بەر هێرشی شیمیایی کە لە ئاکامدا ١١٠ کەس لە دانیشتووانی بێدیفاعی ئەم شارە شەهید و نزیکەی ٨هەزار کەسی دیکەش بریندار و مەسموم بوون. ئێستاش بەشێک لەم کەسانە بە دەست ئاسەواری بەجێماوی ئەم ژەهرەوە دەناڵێنن.

**هەرچەند بە پێی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان بە تایبەت یاساکانی دەرچووی ساڵی ١٨٧٤ی کۆنفرانسی بروکسێل و ساڵەکانی ١٨٨٩ و ١٩٠٧ی کۆنفرانسی لاهە، وڵاتانی شەڕکەر دەبوایە لە هێرش بۆ سەر خەڵکی بێدیفاع و غەیرەنیزامی خۆ بپارێزن، بەڵام کوردستان نەتەنیا بەر ئەم یاسایانە نەکەوت، بەڵکوو بە دڕندانەترین شێوە کەوتە بەر هێرشی شیمیایی و چەکی کۆمەڵکوژ**

ـ بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە:

بە بیانووی شەڕو هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ ناوچە سنوورییەکان ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی(١٦ی مارسی ١٩٨٨ی زایینی) شاری هەڵەبجە لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە بۆردومانی شیمیایی کرا کە لە ئاکامدا زیاتر لە ٥هەزار کەسی خەڵکی ئەو شارە شەهید بوون و ئەژمارێکی بەرچاویش بریندار و نەقووستان بوون.

هەرچەند کارەساتی هەڵەبجە دڵتەزێن و بێدەنگی کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان لە بەرامبەر وەها کارەساتێک لەو کاتەدا لەویش دڵتەزێن تر بوو، بەڵام بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی سەرەکی ئەم کارەساتە تا ڕادەیەک برینی بەژانی خەڵکی ئازیز لەدەست داوی هەڵەبجەی ساڕێژ کردەوە. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین بە خۆشییەوە تاوانبارانی شیمیایی باران کردنی هەڵەبجە و سەردەشت و وێرانکردنی دەیان گوند و ناوچەی کوردستان لە پێش چاوی بیروڕای گشتی جیهان دادگایی و موحاکەمە کران و دانیان بە تاوانەکانیان داهێنا. بەو ئاواتەی ڕۆژێک لە ڕۆژانیش تاوانبارانی کۆماری ئیسلامیش دادگایی بکرێن و ئەوانیش دان بە تاوانەکانیان دابنێن و بەشی ئەوانیش لەم تاوانە دژی بەشەرییانە دیاری بکرێ چونکە بێگومان هەم لە دەسپێکردنی شەڕ و هەم لە درێژەدانی شەڕ و هەم لە وەدرەنگ خستنی ئاگربەست و زۆر مەسەلەی تریشدا خەتابار بوون.

**(سەرچاوە: نیوسەدەتێکۆشان/ سایتی بی بی سی /رادیوفردا)**

# بنەما تئۆرییە ـ فەلسەفییەکانی دێموکراسی

## (بەشی هەشتەم)

ن: زانیار ئەحمەدی

وەرگێران لە فارسییەوە: تەها ڕەحیمی

بە بێ شک دیموکراسی مەشوەرەتی و جۆرەکانی قەرزداری باسە تێروتەسەلەکانی هابێرماسە، بە جۆرێک کە دیموکراسی وتووێژیی گیدنزو یان دیموکراسی مەشوەرەتی میلەر بە یەکێک لە جۆرەکانی دیموکراسی مەشوەرەتی هابێرماس دەژمێردرێن کە زیاتر لەسەر بناخەی سیاسی و ڕوانگەی کۆمەلناسیی بنیاد نراون نەک لەسەر بنەما فەلسەفەی و ئێپیستمۆلۆژییەکانی. لە مودێلی مەشوەرەتی دا، دیموکراسی سیستمێکی حکوومەتییە کە هەموو هاوولاتییەکان بە خاوەن پشکێکی یەکسان دادەنێ. لە بنەڕەتدا، لە دیموکراسیدا تەنیا کاتێک یاسا دێتە ئارا کە دوای ڕاوێژێکی گشتی و باسێکی لۆژیکی زۆر لە نێوان هاوولاتیان دا کۆدەنگی دروست بووبێ. (whealty و ١٩٩٤،٣) کەواتە بە پێی پێوادنگی ئەم مودێلە لە دیموکراسی، پێویستی دیموکراسی پرۆسەی باس و وتوویژی بەردەوامە. گیدنز ڕاشکاوانە دەلێ لەسەر دامەزراندنی ئەم جۆرە دیموکراسییە لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی ???? لەو چەشنەی هابێرماس باسی لێدەکا سوور نییە. کەواتە گیدنز لە ڕوانگەیەکی یۆتۆپی چاو لە دیموکراسی ناکا. پۆتاسییەلی دیموکراسی وتووێژیی لە بەربەرین کردنەوەی پێداچوونەوە کۆمەلایەتییەکان وەک هەرچی چالاکییە ڕۆژانەکان و هەروەها بەردەوامی فۆرمە بەربلاوەکانی ڕێکخستنی جەماوەری دا شاراوەتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ بلێین دیموکراسیی وتووێژیی رووت بە هیوای گەیشتن بە ڕێککەوتن نییە، بەلکوو لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ پێکەوە ژیان و تولێرانس لەگەل دیتران لە ڕێگەی وتووێژێک کە هەموو لایەک تێیدا بەشدار بن هەول دەدا. ئامانج و مەبەستی گیدنز چاوخشاندنەوە بە ڕێکخراوێکی کۆمەلایەتییە لە ڕێگەی وتووێژەوە. ناوبراو لەسەر ئەم بڕوایەیە کە دەبێ وتووێژ وەک دەرفەتێک بۆ متمانەی چالاکانە لە ڕێگەی بایەخدان بە ڕاست و دروست بوونی دیتران دا بنێین. متمانە ئامرازێکە بۆ دامەزراندنی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان لە پانتایی زەمەن و شوێن دا. (گیدنز، ١٣٨٠: ١٨٦) لە ڕاستیدا گیدنز بە پشت بەستن بە متمانەو بێگەردی چالاکان لە گۆڕەپانی مژارە کۆمەلایەتییەکان دا بە جۆرێک کەلک لە سەرمایەی کۆمەلایەتی وەردەگرێ. لەم ڕوانگەیەوە ویدەچێ بەرزترین چەشنی بیچم گرتنی سەرمایەی کۆمەلایەتی لە دۆخی یۆتۆپی وتاری هابێرماس دا قابیلی بەرهەم هێنان بێ. تئۆریی بنەڕەتی هابێرماس کە لەژێر ناوی دیموکراسی ڕاوێژکارانە (گوتاری)دا خراوەتە بەرباس لە پارەکانی دواتر دا بە وردی دەخەینە ژێر تاوتوێ.

٥.١ـ تیئۆری دەولەتی خۆشبژیو (رفاه)

سترەکتۆری دەولەتی خۆشبژیو لە ڕۆژاوادا لە مەودای دوو شەڕی جیهانی فۆرمی گرت و تا دەیەی ١٩٨٠ وەک گرینگترین ئامرازی پتەوکردنی دیموکراسی سیاسی چاوی لێکراوە. لە ڕاستیدا سەرهەلدان و دەرکەوتنی دەولەتی خۆشبژیو لە ناخی کۆمەلگە سەرمایەدارییە پیشەییەکاندا خالێکی وەرچەرخان بوو، بە مەبەستی وەلامدانەوە بە کێشە و ئاڕیشەی ڕوو لە زیادبوونی ئەو کۆمەلگەیانە و داخوازی و پێداویستی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەلک لەگەل سەرهەلدانی کرێکاری و پیشەیی و شارنشین و ڕەوتی ڕوو لە هەلکشانی ناکۆکی چینایەتیی نێوان کارو سەرمایە، ئەو چینە تازە پێگەیشتوە بەلام ڕوو لە زیادبوونە دژی چینی دەسەلاتدار ڕاوەستایەوە و لە چوارچێوەی مشتومڕە چینایەتییەکان لە ناخی شێوەکانی بەرهەم-هێنانی سەرمایەداری دا، چەمکەکانی لیبرالیزم، لیبرالیزمی سیاسی و ئابووریش گۆڕانیان بەسەر دا هات (ڕواسانی، ١٣٨٦: ٢٤٥). ئەو سیستمە دیموکراسییەی کە لەسەر بنەماکانی لیبرالیزم پتەوە توانای چارەسەری و لکاوی ئەم قەیرانانەی نەبوو. لەسەر ئەم پێیە بوو کە زۆربەی ئەو سیاسەتڤانانە ڕۆژئاواییانەی بیری دوارۆژیان هەبوو بە یارمەتی تئۆریزانانی کۆمەلایەتیی بیریان لە ڕێگە چارەسەرێکی نوێ کردەوە کە لە ئاکام دا سیستمی دەولەتە خۆشبژیوەکانی لێکەوتەوە. (نوزری، ١٣٨١: ٤٧٩) لە کۆمەلگەکانی ڕۆژئاوا هەر لە سۆنگەیەوە دەولەتگەلێکی ڕادیکالتر هاتنە سەرکار کە هەولیان دا زۆربەی هەرە زۆری داخوازی و ویستی چینی کرێکاران دابین بکەن. لە ململانێی نێوان لیبرالیزم و سۆسیالیزم دا بوو کە سیستمی دیموکراسی دەولەتی خۆشبژیو وەک ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز هاتە گۆڕێ، چونکی دەیتوانی بەهێزەوە لە بەرانبەر ڕەقیبی کۆلنەدەری واتە سۆسیالیزم دا ڕاوەستێ. بە بڕوای مەک فێرسۆن، ڕەوتی ڕوو لە زیادبوونی خواست و داوای هاوولاتییانەی خاوەن دەنگی کۆمەلگە لیبرالییەکان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو تەندروستی و خۆشبژیوی کۆمەلایەتیی و.. دەولەتە خۆشبژیوەکانی لێکەوتەوە. ناوبراو لەمبارەوە دەلێ دەرکەوتنی دەولەتی خۆشبژیو بەگشتی ئاکامی مافی دەنگدانی زۆرینەی خەلک و چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلگەیە. لە لایەکی دیکەشەوە بەگشتی لەسەر ئەم بڕوایەن کە دەرکەوتنی ئەم چەشنە دەولەتە، واتا دەولەتی خۆشبژیو و چاودێر بووە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی ئەو پێوەندییە کۆمەلایەتییانەی بازار پێکهێنەریان بووە یان لە بنەڕەتدا جێی گرتنەوە. (مک فرسون، ١٣٨٢: ٥١)

مەک فێرسۆن پەیدا بوون و پەرەگرتنی دەولەتی خۆشبژیو بە پێویست دەزانێ و لە لایەکیشەوە پێی وایە کەموکوڕیشی هەیە. بۆیە پێی وایە نابێ دەولەتی خۆشبژیو بۆ مافی دەنگدانی دیموکراتیک دابەزێنین و، دەولەتی خۆشبژیو بە ئەلتەرناتیڤێکی پۆزەتیڤ لە بەرانبەر کۆمەلگە لیبرالییەکان دا دەبینێ. مەک فێرسۆن دەنووسێ: «بەدوای قەیرانی ئابووری دەیەی ١٩٣٠دا، دەولەتی خۆشبژیو بۆ هێورکردنەوە و کەم کردنەوەی نارەزایەتیی چینی کرێکار پێویست بوو کە وەک مەترسییەک بۆ سەقامگیری حکوومەت دەژمێردرا. لە ڕاستیدا بیسمارک، ڕاوێژکاری ئالمان بە مەبەستی نەهێشتی نارەزایەتیی کۆمەلانی خەلک سالی ١٨٨٠ پێکهێنانی دەولەتی خۆشبژیوی هێنایە گۆڕێ و ڕێگە بۆ ئەم چەشنە دەولەتە خۆش کرد.

کەواتە ئەو شتەی دیکوکراسی خستییە سەر دەولەتی لیبرالیزم، دابین کردنی بەستێنێکی پێویست و ڕێچکەیەکی قانوونی بوو بۆ گوشارو زەختی جەماوەر لە پێناو ناچارکردنی دەولەت بۆ بیرکردنەوە لە خواستەکانیان (مک فرسون، ١٣٨٢: ٥٢).

لەسەر ئەو دیموکراسییانەی لە دەولەتی خۆشبژیودا سەریان هەلدا دوو ڕاونگە هەیە، هێندێک لە بیرمەندان و پسپۆرانی سیاسی، بەتایبەت مەک فێرسۆن پێی وایە بۆ لیبرال دیموکراتەکان پەڕینەوە لە دیموکراسی لیبرال بۆ دیموکراسی کۆمەلایەتیی (دەولەتی خۆشبژیو) کارێکی دژوار بووە. کەچی لە لایەکی دیکەوە هێندێک بیرمەندی وەک گیدنز لەسەر ئەم بڕوایەن کە ئەم ڕەوتی تێپەڕین لە دیموکراسییە لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە پێویستیی دیموکراسی لە لایەن سوسیالیستە چاکسازیخوازی و میانەڕەوەکان، واتا سۆسیال دیموکراتەکانەوە بە شێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو بووە. کە ڕەنگە تێکەلاوییەک لە هەرتک

(پوپێر،١٣٨٧:١٨٤) لەڕاستی لێرەدا پوپێر هێندێک لەو ڕەخنانەی مارکسیستەکان لە دێموکراسی هەیانە بەرپەرچ دەداتەوە و لە دێموکراسی پشت قایم بە دەولەتی خۆشبژێو نزیک دەبێتەوە. ئەو تێگەیشتنەی ئەمڕۆ لە دێموکراسی کۆمەلایەتیی، بەرگری لە دەولەتی خۆشبژێو نییە، بەلکوو گرینگترین ئەرکی دەولەتی خۆشبژێو دابین کردنی کاری تەواو، خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، هاوسەنگ کردنەوەی کەلێن و جیاوازییە چینایەتییەکان لە ڕێگەی سیستمە داراییەکانە. (بشیریە، ٤٢٧:١٣٨٤)

هەروەک «بنتۆن و کرایب» یش دانیان بەو خالە گرینگە داهێناوە، حاشاکردن لە دەسکەوتە بەرچاوەکانی بەسترانەوەی زانست و سیاسەت کردن لە پێکهێنانی دەولەتی خۆشبژێوی پاش شەڕ،

ڕێکخراوو دامەزراوانەی بە جۆرێک دەگەل دەولەت پێوەندییان هەیە بە گشتی بکەن. کە ئەگەر ئەم شتە بە ئاکام بگا، بیاڤی گشتی تاکەکان کە وەک تاکەکەس ئەرکیان لەسەرە جێی خۆی بە بیاڤی گشتی تاکەکەسی ڕێکخراو دەدا. لەم هەلومەرجەی ئێستادا، ئەوە تەنیا ئەو بیاڤەی ڕەواییە کە بە شێوەیەکی کاریگەر دەتوانێ لە پرۆسەی پێوەندی و بابەتە گشتییەکاندا بەشداری هەبێ و بتوانێ کەلک لە بەستێنی گشتی نێوخۆیی و نێو ڕێکخراوەیی وەرگرێ.

هابێرمانسیش لە ئاکام دا دێتە سەر ئەم بڕوایەی کە ئەمڕۆ بیاڤی گشتی تەنیا بە واتای عەقلانی بوونی دەسەلاتی کۆمەلایەتی و سیاسی ( لە ژێر چاوەدێری بەرانبەری ئەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری پێکهاتەی نێوخۆیی و هەروەها ڕووبەڕوو




ڕوانگە ڕاستتر دەربچێ.

پوپێریش یەکێکە لە بەرگریکارانی ئەم سیستمە. ناوبراو پێی وایە ئەگەرچی دیموکراسی پشت قایم بە دەولەتی خۆشبژیو کەموکوڕی خۆشی هەیەو بەلگەشی لە سەرە کە ئەم مودێلە لە دیموکراسی لە کۆمەلگە سەرمایەدارییە هاوچەرخەکان دا وەلامدەر نەبووە، بەلام خۆ نابێ لەبەر ئەوە هێلی بەسەر دابێنین و ڕایمالین (پوپێر، ١٣٨٧: ٣٢) پوپێر بە سیاسەتە ئابوورییەکانی دا دیارە لایەنگری جۆرە سوسیال ـ دیموکراسییەکە.

بە بڕوای وی ئازادی ئابووری بێ¬سنوور ئازادی و دێموکراسی تێک دەدا. پوپێر بەرگری لە دەولەتی خۆشبژێو و پێهێنانی دامەزراوەگەلێک بۆ پشتیوانی لە چینەکانی خواروو و دەست وەردانی دەولەت لە ئابووری دا دەکا. (بشیریە،٧٧:١٣٨٦)

بە بڕوای پوپێر پێویستە بەر لە زال بوونی ئامانجە ڕەشبینانەکانی مارکسیستەکان بگیردرێ. ئەو ئارمانجانە پێیان وایە، بارودۆخ هەروا بووە و هەرواش دەبێ، برسێتی، دەرکردن، شەڕ و نەداری تەنانەت لە کۆمەلگەیەکی دەولەمەندیش دا دەوری سەرەکی دەگێرن. چونکی کۆمەلگەی مرۆڤایەتیی کەسانێکی چاوچنۆک ئیدارەی دەکەن کە بەدوای دەسەلات، زێڕو نەوتەوەن.

لە چوارچێوەی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ ژنان لە بوواری کۆمەلایەتی و ئابووری و، دابین کردنی چاوەدێری تەندرووستی گشتی شتێکی پێویست بوو کە توانای پراکتیکیشیان هەروا سووک و ئاسان نییە.(بنتون،١٣٨٦:١٠٠)

بەلام هابێرماس پێی وایە کە لەم نێوەدا، پرسی پێگەو ڕێزی بزاڤی گشتی لە پێوەندی دەگەل داخوازییە بایەخی و نۆرمییەکانی ئەو کۆمەلگایانەی باس کردن هەروا بێ کەلکن، سەرچەشنی لیبرالی، بۆ کۆمەلگە سەرمایەدارییە پێشکەوتووە پیشەییەکانی دوایی زۆر بەکار نەهاتووە و شیاو نەبووە. (نوذری،٤٨٥:١٣٨١)

بۆیە لە دێموکراسی جەماوەری دەولەتی خۆشبژێو لە کۆمەلگە سەرمایەدارییە پێشکەوتوەکان داو بەتایبەت کۆمەلگەکانی جیهانی یەکەمی ئەمڕۆ دا دەبینین بیاڤی گشتی لە ڕەهەندە سیاسییەکەیدا ، ڕووی لە کزی و لاوازییە کە لەجیات ئەم دەبینین بیاڤی گشتی لە ڕەهەندی ئابووری دا گەشە دەستێنێ. سەرەڕای ئەم ڕەوتە پووکێنەرە،م دەبینین لە ڕێگەی گۆڕینی فۆنکشێنە (کارکرد) بنەڕەتییەکانەوە هەول بۆ بەرگری لە ڕەوتی لاواز بوونی بیاڤی گشتی دەدرێ. بەو واتایە کە دەولەتییەکان تێدەکۆشن هەموو ئەو

بوونەوە لەگەل دەولەت یەکتر ڕەقیبن)، خۆی بە بیاڤی گشتی دەروەست دەزانێ. (نوذری،٤٨:١٣٨١) سەرکەوتنی سەرمایەداری لە بەرەی ڕاست دا بوو بەهۆی ئەوەی کە لە بەرەی چەپ دا سوسیالیستەکان لە زۆربەی ئارمانەکانیان دەست بشۆنەوە. ڕووناکبیرانی چەپ تەنانەت ئەگەر بەگەرمی پێشوازی لە سەرمایەداری وە باشترین سیستمی لواو نەکەن، زۆربەی هەرە زۆریان وازیان لە ئامرازە چەمکییە پێویستەکانی مارکسیستی هێناوە. بەم بۆنەوە بە جێی دژایەتی کردن دەگەل سەرمایەداری، جۆرە پێوەندییەکی نوێ¬یان لەگەل ئەو سیستمە پێناسە کرد.(سینزرود.١٥:١٣٨٦)

بە بڕوای سینزرود، لە دێموکراسی سەرمایەداری مۆدێرن دا، نایەکسانی کۆمەلایەتیی-ئابووری و چەوساندنەوە دەگەل ئازادی و یەکسانی مەدەنی پێک هەلدەکەن. (سینزوود:٣٢٧) دەولەتی خۆشبژێو ئێستا ئیدی جێ پێی خۆی قایم کردوە و بووە بە یەکێک لە نۆرمەکانی کۆمەلگەی سەرمایەداری لیبرال دێموکراتیک. بە بڕوای ئاروون، دێموکراسی لە سەردەمی مۆدێرن دا بە بێ سەقامگیر بوونی دەولەتی خۆشبژێو کە دەرفەتی پێویست بۆ تاکەکان دابین دەکا تا کەلک لە ئازادییە دێموکراتیکەکان وەربگرێ،

واتای نییە. بەلام لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ بلێین ناوبراو پێی وایە یەکسانی لە کۆمەلگە مۆدێرنەکاندا نایەتەدی، چونکی بەربەستگەلێکی سترەکتوری گەورە لە بەردەم پێکهاتنی کۆمەلگەی یەکسان هەن. بە بڕوای ئاروون هەولدان بۆ سەقامگیری یەکسانی تەواو لە کۆمەلگە دا تەنیا و تەنیا سەرەڕۆیی و تۆتالیتاریزمی لێدەکەوێتەوە. (بشیریە،٤٨٧:١٣٨٤). ئینجا بەهەر جۆرێک بێ دەولەتە خۆشبژێوەکانی سەردەم بە گەورەترین بەرگریکانی دیموکراسی کۆمەلایەتی دەژمێردرێن.

ورد بوونەوە لەو ڕەخنانەی لە سەر دیموکراسی باس دەکرێن

ئەگەرچی دێموکراسی لە جیهانی سەردەم دا پێگەیەکی زۆر بەهێزی هەیە و زۆربەی خەلک بە پێویستییەکی حاشاهەلنەگری دەزانن، بەلام دیسانیش تئوری دیموکراسی و بنەماکانی دەگەل ڕەخنە و ئاڕیشە ڕووبەڕوون.

زۆربەی ڕەخنەکانی سەر دێموکراسی دەگەڕێنەوە سەر دێموکراسی سەردەمی یونانی کەون. لەراستیدا هەر لە سەرەتاوە چەمکی دێموکراسی کێشە و قەیرانی خۆی هەبووە کە کەم تا زۆر ئێستاش دێموکراسییەکانی هاوچەرخ دەگەلی دەستەویەخەن.

بنەچەی زۆربەی ڕەخنەکانی فەلسەفەی سیاسی کلاسیک و تەنانەت مۆدێرنیش لە بارەی دێموکراسی، بێگومان دەگەڕێنەوە سەر ئیفلاتوون، ئەوەش بەو واتایە نییە کە بەر لە ئیفلاتوونیش فیلسوف و مێژووزان نەبوون کە ڕەخنەیان لە دێموکراسی هەبووە، بەم حالەشەوە ڕەخنەی فەلسەفی ئەفلاتوون بەردەوام دووپات کراوەتەوە. بە پێی قسەی ئەرەستوو، هۆمێریش بەو وتەیەی دەکەوێتە بەرەی دژبەرانی دیمەکراسییەوەکە:«گشت سەروەری بۆ ناکرێ». (ئەرەستوو،٢١٧:١٣٨٦) کۆنترین دەقی سیاسی کە بابی مێژوو هێرۆدفەت لە ئونانس ناوێکی بڕوامەند بە دێموکراسی لەسەر کەموکوری حکوومەت دەیهێنێتەوە دەلێ: «فەرمانڕەوایی جەماوەر...... باشترین شتی دەگەلە و عەقل و یەکسانی تێدا شاراوەیە؛ سەرەڕای ئەوەش هیچ دەستڕێژییەکی تێدا شک نابەین کە پادشاکان حەزیان لێیەتی. «ریچاردجێی پێی وایە ئەم دەقە کۆنە لە لایەکەوە جۆرێک پێوەندی نێوان دێموکراسی و یەکسانی دەردەخاو لە لایەکیشەوە دەربڕی خۆبواردن لە بەکارهێنانی نادروستی دەسەلات و فەرمانڕەواییە. (کنزی و دیگران،١٧٦:١٣٧٥)

خودی هێرۆدتیش لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە دێموکراسی یونانی، حکوومەتی جەماوەری بێعەقل و خۆویست و دەست تەنگانە؛ توسیدید مێژوونووسێکی دیکەی یونان؛ پێی وابوو دیموکراسی زۆر ئاسان دەتوانێ بگۆڕدرێ بۆ حکوومەتی شەڕلاتان و ببێتە هۆی ترسی خەلکی عاقل. (بشیریە،٤٤٣:١٣٨٤) بەلام توسیدید لە لایەکیشەوە هاودەنگ دەگەل دموکریت و پروتاگوراس، دێموکراسی سکولاری (غیر دینی) دەگەل یەکگرتوویی کۆمەلایەتی و سیاسی سەردەمی پریکلێس هاوئاراستە دەبینێ و، تێدەکۆشا هۆکاری سەرەکی برەوی بازرگانی (ئابووری) و دەسەلاتی سیاسی ئاتێن کە بەرهەمی وشیاری و ڕاهێنانی ئازادی سەرچاوەگرتوو لە پرۆسەی دێموکراتیزە بوونی ئاتێن بوو پێشان بدا. (بلوم،٦٨:١٣٧٢) کۆلنەدەرترین ڕەخنەگری دێموکراسی واتا ئەفلاتوون بەمجۆرە پێناسەی دیموکراسی وەک فۆرمێکی کۆمەلگە دەکا: «هەموو پیاوان، بگرە ئەوانەی بە شێوەی سروشتی یەکسان بن یا نەبن، بە یەک دادەنێ» و، هەروەها گرەنتی ئەوە دەکا کە «هەرکەس چی پێ خۆش بێ بیکا». (هلد،٥٣:١٣٦٩)

# حەمە جەزا، هەتاکوو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگەی عیشق و ئازادی بوو



ئازاد عەباسیان

ئەو کەسەی کە کۆشک و تەلاری پێشمەرگەی بە بن بەردی چیاکانی کوردستان ناو دەبرد، ئەو کەسەی کە بە خەڵکی وت پێشمەرگە سەروەت و سامانی نیە و بۆ بیرو باوەڕە تێکۆشانی و سەربەرزی ئاواتیەتی و بە پێشمەرگەی وت کە نەڵێی پشتیوانم نیە، ئەوەتا ناوت بۆتە وێردی سەر زمان و بیرو باوەڕت مایەی خۆ ڕاگرتنتە، ئەوە حەمە جەزا بوو. حەمە جەزای پێشمەرگە ئەمانەی بە گەل وت و چەقاندیە دڵی پێشمەرگەوەو کردی بە ورە بۆ بەرەو پێشچوون بۆ ناو ئاگری شەری دژ بە داگیرکەرانی خاکی نیشتمان.

ئەو کەسەی کە ناوی خوشکە لەیلای هەردەم لە دڵان دا هێشتەوە و بە فرمێسکی دڵەوە گۆرانی و سروودی بۆ چڕاند، ئەوە حەمەجەزا بوو.

من و سەدانی وەک من کە نەماندەزانی خوشکە لەیلا کێ بوو و چیی کردبوو، بە سروودەکەی حەمەجەزا کە دەیوت : خوشکە لەیلا بێ تاوانەکەم بووی بە پێشڕەوی کوردستانەکەم، خوشکە لەیلا مان باش ناسی زانیمان کە لە پێناو چیدا گیانی بەخت کرد. زانیشمان کە حەمە جەزا بەم شێوەیە بەسەرهاتی قارەمانەکان دەگێرێتەوەو لە ناخی دڵەوە سروودیان بۆ دەچڕێ.

حەمە جەزا هونەرمەندێکی شۆڕشگێر بوو یا با بڵێین شۆڕشگێرێکی هونەرمەند بوو.

شۆڕش بوو بە هاندەری حەمە جەزا کە ببێتە هونەرمەندێکی نەتەوەیی و هونەرەکەی بکا بە ئامرازێک بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ دوژمن دا. هەروەها هۆنراوەکانی حەمە جەزاش بوونە هەوێنی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و مەردایەتی. سۆزی لایە لایەکەی حەمە جەزا تام و چێژێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، لایەلایەی دەوت و کۆرپەی دەلاواندەوە و خۆشەویستی دایکی بۆ جگەر گۆشەی لەو تابلۆ جوانە دا دەر دەخست.

ئەگەر بە جوانی گوێ لە هۆنراوەکانی کاک حەمە جەزا بگرین بۆمان دەردەکەوێ کە ناو ئاخنی هەموو گۆرانیەکانی بۆ خاک و نیشتمانە.

هۆنراوەکانی بوو بە مامۆستایەک بۆ لاوان کە خاک و وڵاتیان خۆش بوێ.

مێلۆدیەکانی مۆسیقای تێکەڵ بە دەنگی چەک و نەڕەی پێشمەرگە و ناڵەی گیاندانی پێشمەرگە بریندارەکانی کردوو هەمووی کردبە سروود و وتی خەڵکینە ئەمەیە پێشمەرگە ئەمەیە دەنگی ئازایەتی ومەردایەتی. هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگیری قارەمان ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتەوێردی سەر زمان

لە سەردەمی رژیمی بەعس دا، کاک حەمە جەزا زۆر کات لە کاتی پێشکەش کردنی بەرنامە دا کێشەی بۆ هەندێک لە مۆسیقا ژەنەکان و بەرێوبەرانی بەرنامە کە ساز دەکرد، بە هاتنە سەر شانۆ بە جل و بەرگێکی رەسەن ی کوردەواری بە خوێندنی سرودی شۆڕشگێرانە، وای دەکرد کە هەندێک لە ترسی ئازارو گرتووخانەکانی بەعس دا هۆڵەکەیان جێ دەهێشت ( گێرانەوەی یەکێک لە هاورێیانی کۆنی ).

زۆر کەس بەرەو پیری سروودەکانی حەمە جەزاوە چوو و بوو بە پێشمەرگە و چەکی شەرەفی لە شانی کرد و لە گەرمەی شەری ئازادیخوازی دا سرودەکانی حەمە جەزای دەوت و بەرەو ئاسۆی بەختەوەری هەنگاوی هەڵدێنا.

بە سروودەکانی هێز و ورەی شێرانە لە دڵی پێشمەرگەدا ساز دەبوو، نەک هەر پێشمەرگە هێزی دەگرت، منیش کە پێشمەرگە نەبووم دەمویست ببمە پێشمەرگە.

لە زۆریان پرسی بۆ بویتە پێشمەرگە ؟ وتیان نەماندەزانی کە پێشمەرگە بۆ شەڕ دەکا، بەڵام کە گوێمان لە سروودەکانی حەمە جەزا گرت ئەو کات زانیمان کە پێشمەرگایەتی چەند پیرۆزە.

ئەگەر چی شەو درەنگە ساقی
بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەم شەو
سەری هەڵدا لە نا خمدا خەمێکی تر

کە ئەم شێعرەمان بە دەنگە پڕسۆزەکی حەمە جەزا بیست، وای لێ کردم و وای لێ کردین کە شێعرەکانی مامۆستا هێمن لە بەر کەین.

دەتوانم بڵێم کە حەمە جەزا نەک هەر هاندەر بوو بۆ پێشمەرگایەتی بەڵکوو بۆ ئەدەب و شێعری کوردیش شۆڕشی دەکرد و هاندەر بوو.

لەم چەند ساڵەی پێشوو دا کە چووە شاری سنەی خوێناوی بۆ پێشکەش کردنی کاری هونەری، لە یەکێک لە هۆڵەکانی شاری سنە کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرم داوای سروودی هۆ کاکی پێشمەرگەیان لێکرد، دەیویست بیلێ بەڵام کۆمەڵێک خەڵکی خۆ فرۆش و سەر بە رژیم، ( چەند کەسێکی کەم) هەرەشەیان لێکرد و پێشیان پێگرت. بەڵام کاک حەمە جەزا نەترساو لە شوێنێک دا بێ مۆسیقا بێ دڵی ئەو لاوانەی نەکرد. دەمەوێت ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی ئەو هونەرمەندە بکەم لە بواری کاری هونەری دا:

کاتێک هونەرمەندێک خۆی بۆ بەڕێوبردنی ڕێوڕەسمێک ساز دەکا، ماوەیەک پڕۆڤە دەکا و ئامادەکاری بۆ ڕێوڕەسمەکە دەکا. زۆر سەختە ئەگەر چەند ساتێک پێش پێشکەش کردنی بەرنامە هەواڵێکی دڵتەزێنی پێ بدەن و بڵێن دەبێ بیگۆڕی، لە گەلاوێژی ١٣٨٧ ی هەتاوی دا داوا لە کاک حەمە جەزا کرا کە بێت بۆ یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە جێژنی ٢٥ گەلاوێژ دابە شدار بێت و بە دەنگە زۆلاڵەکەی جێژنەکە برازێنێتەوە، کاتێک کە هات پێیان راگەیاند کە ٣ کەس لە پێشمەرگەکانی حیزب و بە داخەوەشەهید بوون، لە ڕێو رەسمەدا تۆن و تەبەقەکانی مۆسیقای سەردەمی شاخی خستە گوێمان و بە سروودەکانی، ئەو شەهیدانەی بەشێری ژیان ناو برد، دەنگی پڕ سۆزی بوو بە وڵامی نەبەزین و سەر دانەنەواندن بۆ دوژمن. باسی پاکانەی کرد و ئەو مەقامە بەناوبانگەی وت کە هەر دەم ورەیەک بوو بۆ بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی : وتی ئەوەی پاکانە پڕ دەکاتەوە شەهیدەکان لە نوێ شەهید دەکاتەوە. ئا بەو شێوەیە خۆی بێ بەش نەکرد لە ماتەم و پەژارەکەماندا.

با بڵێین حەمە جەزا شۆڕشگێر، هونەرمەند، نەترس، واتە پێشمەرگەیێکی هونەرمەندی نەترس بوو کە هەموو خاگ و خەڵکی کوردستان بۆ ئەو خۆشەویست بوو.

حەمە جەزا بە دڵی پڕ لە فرمێسکی چاو و بە چاوی پڕ خوێنی دڵ هۆنراوەی بۆ کوردستان و شەهیدان ساز دەکرد. لە دوا ساتەکانی ژیانیدا بە دەنگێکی کز و زامدارەوە وتی ئاواتم ئەوەیەبچمەوە بۆ کوردستان شوێنی باو باپیرانم.

هەر دەم شێعرەکەی مام هێمنی دەوت کە :

هەتاکوو دوا پشوو ڕێبواری
ڕێگەی عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە
ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر

کە هەر واش بوو بۆ کاک حەمە جەزا.

بە داخەوە لە ٩ ی رەزبەری ٢٧١٠ی کوردی دا دڵە گەورەکەی لە لێدان وێستاو چووە ریزی کاروانی نەمرانەوە.

ڕۆحی شاد، یادی پیرۆزو ڕێبازی پڕ لە ڕێبواربێ.

# هەڵپەڕکێ نەریتێکی کوردەواری

عەبدوڵڵا سادقی

بەشی چوارەم

هەڵپەڕکێی میللی ناوچەیی بە ٤ بەشی سەرەکی دابەش دەکرێ:
١. شەڕ، ٢. کارو تێکۆشان، ٣. خەم، ٤. شایی و گۆڤەند

و هەر کام لە ئەم چوار خاڵە بە چەند بەشی تر دابەش دەکرێن و لە هەر ناوچە لە ناوچەکانی کوردستاندا بە ناوی جۆراوجۆر کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ و بەرێوەدەچن. لێرەدا ناوی چل (٤٠) جۆرە هەڵپەرکێی رەزمی و حیماسی بە شێوەی رەسمی و پێناسە کراو باس دەکرێ.

١. گەڕیان (ئامادە بۆ شەڕ)
٢. پشت پا (نزیک بوونەوە لە دوژمن)
٣. فەتاح ئاغایی (هێرشی لە دوای یەک)
٤. لەبلان (دانیشتن و تیرهاویشتن)
٥. خانەمیری (شەپ لێدان «ناوچەی سنە و کرماشان»)
٦. سێ جار (هێرشی بە کۆمەڵ)
٧. شەلال لە سێ جار (بریندار بوونی فەرماندەر و یارمەتی لە لایەن یەکێک لە هێزەکان)
٨. زەنگی (هێرش بۆ پێشەوە)
٩. چەپی (سەرکەوتن و شایی)
١٠. دوو دەسماڵە (شایی و هێرشی پاشین بۆ دوژمن «سنە و کرماشان»)
١١. فەتاح پاشایی (شەڕی نەفەر بە نەفەر و پێک هەڵپرژاندن «سنە و کرماشان»)
١٢. هەوشاری (حەرەکەتی حیماسی و شوکرانە بژێری)
١٣. راستەی مەریوان (لە تەداررووکی شەڕدا بوون)
١٤. سێ پێ (بە شەپ لەسەر دوژمن دان)
١٥. سمکۆڵان (ئامادە بوون بۆ شەڕ بە شێوەی سمکۆڵی ئەسب)
١٦. مەریوانی (شەڕی نەفەر بە نەفەر)
١٧. دیمەن (هێرشی پاشین لە حەرەکەتەکانی شەڕ)
١٨. قرە پیرێ ژن (شەڕە جنێو و ژێر پێ نان «مەریوان»)
١٩. حەریرە (پشوودانی هێزی شەڕ)
٢٠. چەپی مەریوانی (شایی و هەڵفڕاندنی بیروڕای گشتی بۆ شەڕ)
٢١. ڕاستە (ئاهەنگی خەم هێنەر بە ئامێری شمشاڵەوە «مەریوان»)
٢٢. سێ جاری ناوچەی شیروان (لە حەرەکەتەکانی بەربەرەکانێ و شەڕ «کرماشان»)
٢٣. گەڕیانی مەریوانی (تەیار بوونی هێزی شەڕ بۆ هێرش بردن)
٢٤. شێخانی (لە حەرەکەتەکانی وەدووکەوتن و هەڵاتن «لە هەر ناوچە جیاوازی هەیە»)
٢٥. چەپی هەورامی (شایی و سەرکەوتن لە شەڕ بە حاڵەتێکی تایبەتی)
٢٦. سەقزی (ڕەدوونان و هەڵاتن لە شەڕدا)
٢٧. ڕاستەی سەقزی (حاڵەتی بەربەرەکانێ و هێرش لە شەڕدا)
٢٨. چەپی سەقزی (شایی و سەرکەوتن «تایبەتی ناوچەی سەقز»)
٢٩. سێ پێی مەهابادی (شەڕ بە شێوەی پڵینگ و پشیلە)
٣٠. ڕۆنیە (شەڕ بە شێوەی هێرش کردن)
٣١. داغە (لەو پەڕی شەڕدا بوون)
٣٢. چەپی مەهابادی (گەڕانەوە لە شەڕ)
٣٣. بەرزی بەرزی (شەڕ لە ناوچەی کوێستانی)
٣٤. ڕکنە (لە خۆ بردوویی و فیداکاری لە شەڕ دا)
٣٥. بە عینوانی (پاشەکشە لە مەیدانی شەڕدا)



٣٦. چەپی موکریانی (شایی و سەرکەوتن و بەرگری لە شەڕ)
٣٧. ڕاستەی بانەیی (شەڕ لە شاخ و سەرمادا)
٣٨. چەپی بانەیی (شایی لە شاخ و دوای کۆتایی شەڕ)
٣٩. دوو پێی بادینانی (تەیار بوونی هێزەکان بۆ شەڕ)
٤٠. لەبلانی موکریانی (پانسمان کردنی بریندارەکانی شەڕ و بەستنی پێی بریندار و هێرش بردن سەر لە نوێ)

جێگای ئاماژەیە کە زیاتر لە سەد جۆرە هەڵپەرکێمان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا هەیە کە ئێمە لێرەدا تیشکمان خستۆتە سەر چل جۆرە هەڵپەرکێ.

هەڵپەرکێ ئاساییترین دیاردەی بوونە، بەر لە سەرهەڵدانی مرۆڤ رازی پێوەندیی نێوان کائینات بووە زەوین جیا لە سووڕانی ئاسایی خۆی لە ڕاستای شوێنلا دیاری کراویدا بە جوانترین شێوە دیمەنی سەمایانەی هەیە و هەروەها ناز و خەمزەی مانگ بە دەوری زەوین و چۆنیەتی و چەندایەتی جووڵەکانی ئەستێرەکان و مانگە کە بە جوانترین شێوە بە دووی یەک کەوتوون. هەڵپەرکێ توندی مەنزوومەکان و کاکێشانەکان و باڵی جوانی بەشەکانی دیکە هەموو ئەمانە نەزمێکی هاوئاهەنگ لە جووڵە و هاتووچۆی ڕێک و پێک دەرەخسێنن و بە بێ ئەم هەڵپەرکێ و سەمایە، پێوەندی بوون و ژیانی ئەوان و بە گشتی بوون و ژیان پێک نەدەهات و بەردەوام نەدەبوو. چونکە هەڵپەرکێ رەمزی بوون و مانەوەیە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 544 7oct 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

# نۆرمەن ویزدێم
# ئەکتەری ناوداری بەریتانیا کۆچی دوایی کرد



«نۆرمەن جۆزێف ویزدێم» ئەکتەری ناسراوی بەریتانیایی لە بواری کۆمیدیا لە تەمەنی (٩٥)ساڵیدا لە نەخۆشخانەیەک لە دوورگەی «مەن»ـی بەریتانیا کۆچی دوایی کرد.

بە گوێرەی هەواڵی «بی. بی. سی»، «نۆرمەن ویزدێم» لەو ساڵانەی کۆتایی تووشی فەرامۆشی ببوو، ئەوەش بە شێوەیەک بوو کە بە وتەی هاوسەرەکەی، تەنانەت وێنەی خۆی لە فیلمەکانیدا نەدەناسییەوە.

«نۆرمەن ویزدێم» لە ساڵی (١٩٤٨) لە تەمەنی (٣١) ساڵیدا لە رێگای رۆڵگێرانی لە فیلمی موزیکیی «کاتی بینینی خەیالێک» لە دەرهێنانی «دیکی لیمەن» دەستی بە چالاکی لە بواری سینەما کرد.

ئەو ئەکتەرە لە دەیەکانی (١٩٥٠–١٩٦٠) لە رێگای رۆڵگێرانی لە ژمارەیەک بەرهەمی کۆمیدیای کۆمپانیای «RANk» ناوبانگێکی جیهانی دەرکرد. دەرهێنەری زۆربەی ئەو بەرهەمانەش «رۆبێرت ئاشێر» یان «جۆن پێدی کارستیرز» بوون.

زۆربەی فیلمەکای ناوبراو لە ئێران بە دەنگی حەمید قەنبەری باوکی شاعیری ناسراو شەهریار قەنبەری دوبلاژ دەکرانەوە. وەک «شیر فرۆش» «الله بچەها» و «اتوکش» لەو فیلمانە بوون.

# کۆچی دوایی
# پێشمەرگەی هونەرمەند حەمەجەزا

هونەرمەندی گۆرانیبێژ و پێشمەرگەی دێرین «محەممەد جەزا» دوای ساڵانێکی زۆر خزمەت بە گۆرانی و سروودی شۆڕشگێرانەی کوردی، پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی، لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.



هونەرمەندی گۆرانیبێژو پێشمەرگەی دێرین محەممەد جەزا چەند ساڵێک بوو کە بەدەست نەخۆشی شێرپەنجەوە دەیناڵاند. جەندین جار بەمەبەستی چارەسەکردن سەردانی دەرەوەی وڵاتی کردو، بەڵام بەداخەوە شەوی ٩ی رەزبەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەکە تووشی ببوو لە تەمەنی ٦١ساڵیدا ماڵئاوایی کرد.

هونەرمەندی کۆچکردو لە تەمەنی هونەریی خۆیدا، دەیان گۆرانی و سرودی نیشتیمانی تۆمارکردو خزمەتێکی گەورەی بە هونەری کوردی کردووە. سروودە نیشتمانی و شۆڕشگێرییەکانی ساڵانێکی زۆر هەوێنی ورەو تینی شۆرشگێران و سوکنایی دەری دڵی دایک و خوشکی شەهیدانی ئەم نیشتمانە بوو.

بە کۆچی نابەوەختی هونەرمەندی شۆرشگێڕو بەهەڵوێست کاک حەمەجەزا، کەلێنێکی گەورە کەوتە نێو دنیای هونەری شۆرشگێڕانەی کوردی و غەمێکی قورسی خستە سەر دڵی هەموو ئۆگرانی هونەری بەرگری و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد.

# بەخشینی پێنوسی زێڕینی
# ئازادی ساڵی ٢٠١٠ بە ئەحمەد زەیدئابادی



دامەزراوەی جیهانیی چاپەمەنی، رۆژی چوارشەممە ٦ی ئۆکتوبر، لە مەراسیمێکی فەرمی دا، پێنوسی زێڕینی ساڵی ٢٠١٠ی بە ئەحمەد زەیدئابادی بەخشی. ئەم دامەزراوەیە لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە و بنکەکەی لە شاری پاریسە. رۆژنامەنووسانی ١٢٢ وڵات ئەندامی ئەم دامەزراوەیەن کە ژمارەکەیان زیاتر لە ١٨٠٠ کەسە. ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم دامەزراوەیە بریتین لە:

یەک ـ پاراستن و بردنەسەری ئازادی چاپەمەنی و یارمەتیدان بە سەربەخۆیی ماڵی ئەوان

دوو ـ پەرەپێدانی راگەیەنی نووسراو و دیجیتاڵی و دروست کردنی تۆڕی پێوەندی لە نێوان دەستەی نووسەران و سەرنووسەری بڵاوکراوەکان لە جیهاندا

سێ ـ هاوکاری لە نێوان رێکخراوەکانی ئەندام لە ئاستی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی ئەم دامەزراوەیە هەر ساڵە لە ئاستی جیهاندا، یەکێک لە رۆژنامەنووسان بە هۆی چالاکیی ئازادیخوازانە، وەک باشترین رۆژنامەنووسی جیهان لەو ساڵەدا هەڵدەبژێرێ و پێنووسی زێڕینی ئازادی لە یەکێک لە شارەکانی جیهان پێدەبەخشێ.

تا هەنووکە سێ رۆژنامەنووسی ئێرانی بوونە براوەی پێنووسی زێڕینی ئەم دامەزراوەیە:

– فەرج سەرکووهی لە ساڵی ١٩٩٩ لە زووریخ
– ئەکبەر گەنجی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە مۆسکۆ
– ئەحمەد زەیدئابادی لە ساڵی ٢٠١٠ لە هامبۆرگ

# سووسەن تەهماسبی خەڵاتی مافی مرۆڤی
# «ئالیسۆن دێس فۆرگن»ی پێ بەخشرا




رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردۆتەوە کە سووسەن تەهماسبی، چالاکی بواری مافەکانی ژنان لە ئێران وێڕای ٥ چالاکی دیکە لە وڵاتانی دیکەی جیهان کە سەرەڕای بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هەڕەشەو مەترسی و زیندان و توندوتیژی دەنگیان هەڵ بڕیوەو هەوڵیان بۆ خولقاندنی جیهانێکی بێ چەوسانەوە و هەڵاواردن داوە، ئەو خەڵاتەیان پێ دەدرێ.

کەنت راس، بەرێوەبەری رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند کە ئەم رێکخراوەیە ئیلهام لە ئازایەتی و دەروەست بوونی ئەم چالاکانە لە کارەکانیان وەر دەگرێ، ئەم چالاکانە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەو مەترسی و کێشەی رۆژانەی ژیان دان و تەنیا لە پێناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دا چالاکییان هەیە و فشار دەخەنە سەر دەوڵەتی وڵاتەکانیان بۆئەوەی رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن،

خەڵاتی ئالیسۆن دێس فۆرگن، خەڵاتێکی ساڵانەی چاودێری مافەکانی مرۆڤە بۆ رێزدانان لە خەمخۆری و دەروەست بوون بەرانبەر بە مافەکانی مرۆڤ.

دوکتۆر ئالیسۆن دێس فۆرگن یەکێک لە چالاکانی مافی مرۆڤ و مێژوونووسێکی ئەمریکایی و چالاکی مافی مرۆڤ لە ئافریقا بوو کە ساڵی ٢٠٠٩ لە رووداوێکی فڕۆکەدا لە نیۆیۆرک گیانی لە دەست دا.

# خەڵاتی نوبێلی پزیشکی ئەمساڵ بە
# داهێنەری «جنینهای آزمایشگاهی» درا



رابێرت ئێدواردز، فیزیۆلۆژیستی ٨٥ ساڵەی بریتانیایی، خەڵاتی پزیشکی نۆبێلی ساڵی ٢٠١٠ی پێدرا، لەبەر ئەوەی کە ناوبراو گۆڕانێکی گەورەی لە رێگەی «لقاح لە لوولەی تاقیگە» لە لە بواری چارەسەرکردنی نەزۆکی مرۆیی دا پێکهێنا.

ئەم تێکنۆلۆژییە کە «ئای وی ئێف» ی پێدەڵێن ئیمکانی دا بە میلیۆنان هاوسەری نەزۆک لە سەرتاسەری جیهاندا کە ببنە خاوەنی منداڵ.

« رابێرت ئێدواردز» لە مێتۆدی خۆیدا هێلکەدانی ئامادەی لە دەرەوەی رەحەمی ژن ئاوس دەکرد. لە ساڵی ١٩٧٨ واتە ٣٢ ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەمین جار کۆرپەیەک بە کەڵک وەرگرتن لەم مێتۆدە لە بریتانیا لە دایک بوو.

کۆمیتەی نۆبێل رۆژی دووشەممە ٢٠١٠/١٠/٤ لە بەیاننامەیەک دا رایگەیاند کە لێکۆڵینەوەی زانستی رابێرت ئێدواردز بە خاڵێکی وەرچەرخان لە پێشوەچوونی پزیشکیی مۆدێرن دەژمێردرێ.

# چاپکراوی نوێ




رۆژنامەی فارسی ـ کوردی «نامە هفتگی کوهستان» کە یەکێکە لە رۆژنامە دەگمەنەکان کە هاوکات لە گەڵ تێکۆشانی کۆمەڵەی»ژ. ک» و دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان چاپ دەبوو ژمارەکانی ١ تا ٨٤ بە هەوڵ و تێکۆشانی بەرێزان سەدیق ساڵح و رەفیق ساڵح و پێشەکی د. عەبدوڵڵا مەردوخ لە چاپێکی نوێ دا لەلایەن بنکەی ژینەوە هاتە نێو کتێبخانەکانەوە.

بەر لە ماڵاوایی

# لە پێناوی
# تەندروستیی دەروونیی منداڵاندا

**کوێستان فتوحی**

لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا ، ئـەوەی لە «فێرکردن» گرنگترە بۆ منداڵ «پەروەردە«یە . قوتابخانە ئەو ئەرکە گرنگ و پیرۆزەی لە سەر شانە کە مرۆڤی تەندروست لە بواری رۆحی و دەروونی و ئەخلاقییەوە پێشکەشی کۆمەڵگە بکا.

بە داخەوە، رەفتار و کردەوەی هێندێک لە مامۆستایانی قوتابخانە بەرامبەر بە قوتابی لەو بوارەدا موسبەت نیە. سەرەڕای ئەوەی «سەزای جەستەیی» لە روانگەی شارەزایانی زانستی دەروونناسییەوە بە دیاردەیەکی زۆر زیانبار بۆ کۆمەڵگە زانراوە، کەچی ئێستاش لە زۆر وڵاتی جۆراوجۆری دنیادا زۆر لە مامۆستایانی قوتابخانەکان رەفتاری توندوتیژ و سەزای جەستەیی بەرامبەر بە منداڵان بەکار د ەهێنن و پێیان وایە سەزادانی منداڵ لە قوتابخانە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خوێندن دا کاریگەریی دەبێ. بێ خەبەر لەوەی چ زیانێک بە داهاتووی ئەو منداڵانە و بە کۆمەڵگە دەگەیەنن.

سەزای جەستەیی و شکاندنەوەی منداڵ لە قوتابخانە و لەلایەن مامۆستاوە، زۆر زیاتر لە سەزا دان لە لایەن کەسوکارەوە کاریگەر یی نێگەتیڤ لە سەر مێشک و دەروونی منداڵ بەجێ دێڵێ. منداڵێک کە لە ماوەی ساڵەکانی خوێندنی دا، چەندین جارلە بەرچاوی قوتابی و هاوپۆلەکانی خۆی کتێب و دەفتەرەکەی بەسەروچاودا دەدرێ و قسەی سووکی پێدەوترێ، لە لایەنی باوەڕبەخۆبوونەوە زۆر بە توندی تووشی گیر و گرفت دەبێتەوە و قەرەبووی ئەو خەسارە بە ئاسانی ناکرێتەوە.

سەرەڕای ئەوانە، هەم منداڵە تەمبێ کراوەکە و هەم ئەو منداڵانەی شاهیدی دیتنی ئەو رەفتارانەن، «توندوتیژی» فێر دەبن و بە رۆحیەیەکی تووڕە و تۆسنەوە باردێن، رۆحیەیەک کە ئەوان لە دەورانی پێگەیشتن و فێربوون دا لەگەڵی بەرەو روو بووبن، تا کۆتایی تەمەنیان لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە و هەر ئەوە بەرهەم دێننەوە، واتە لەگەڵ منداڵەکانی خۆشیاندا هەر بەم شێوەیە رەفتار دەکەن کە لە منداڵیدا لەگەڵیان کراوە.

لێدان و سزای توند ئەگەرچی لە کورت ماوەدا رەنگە منداڵ ناچار بکا کە ئەرک و تەکلیفەکانی قوتابخانەی باشتر بەڕێوە بەرێ، بەڵام لە درێژ ماوە و لە قۆناغەکانی داهاتووی خوێندندا دەبێتە هۆی بێزاری لە مامۆستا ، دەرس ومەدرەسە و هەروەها زۆر جار دەبێتە هۆی دواکەوتن لە خوێندندا. چونکە هەمیشە ترسێک لە دەروونیدا دەژی وئەو ترسە هەستی بڕوابەخۆبوون و هیواداری لە دەروونیدا دەخنکێنێ .

زۆربەی ئەو منداڵانەی لە لایەن مامۆستاوە سەزا دەدرێن ئەو مەسەلەیەش لەگەڵ بنەماڵەیان باس ناکەن، چونکە ترسیان لەوە هەیە دیسان لەلایەن ئەوانیشەوە سەزا بدرێن و لۆمە بکرێن. بە هۆی ئەم شاردنەوەیەش، زۆربەی دایک و بابەکان ئاگاداری سەزادرانی منداڵەکانیان لە قوتابخانە نین. هێندێکیشیان کە پێشدەزانن، هیچ نارەزایەتییەک دەرنابڕن چونکە پێیان وایە لێدان و تەمبێ کردن لە لایەن مامۆستاوە منداڵەکەیان باشتر دەکا!

**منداڵان سەرمایە و داهاتووسازانی کۆمەڵگەن**

سزای جەستەیی لە قوتابخانە، منداڵ، ئەو سەرمایە بەنرخەی کۆمەڵگە تووشی زیان و خەسار دەکا . قوتابییەک کە لە دەورانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیدا، بە هۆی سەزا جەستەییە بەردەوامەکان ، هەمیشە بترسێ، تووڕەیی و کینە ی بەرامبەر مامۆستا هەبێ، لە دەرس و قوتابخانە بێزار بێ و بە زۆر وناچار بچێتە مەدرەسە، هەمیشە ترس و دڵەراوکێی هەبێ، لە ئاکامی ئەوانەشدا تووشی چەندین نەخۆشیی دەروونیی دیکە بێ، چ داهاتوویەک بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەکەی دروست دەکا؟

قوتابخانە کە شوێنێکە بۆ پەروەردە و فێرکردن، پێویستە ئەم پەروەرد و فێرکردنە ی تێکەڵ بە عاتیفە، سەمیمییەت و خۆشەویستی بێ، تاکوو منداڵ هەست بە ئەمنییەت و ئارامی بکا و هۆگریی بە فێربوونی تێدا بە هێزتر ببێ. کاتێک سەفاو سەمیمییەت و خۆشەویستی بۆ منداڵانی قوتابخانە تێکەڵ بە فێرکردن بکرێ، بێگومان ئەنگیزە بۆ فێربوونیش لە لایەن ئەوانەوە زۆرتر دەبێ و بە خۆشحاڵی و ئۆگرییەکی تایبەتەوە بەرەو فێربوونی زانست دەڕۆن. خۆشویستن و سەبر و سەبووری لە ئاست منداڵ دا یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی هەر مامۆستایەک.

زەوت کردنی ساغی و سڵامەتیی دەروونی لە ئینسانێک و وێران کردنی داهاتووی ئەو، رەنگە لە کوشتنی ئینسانێک کەمترنەبێ!

لە کۆتاییدا لەگەڵ رێز و ماندوو نەبوونی بۆ هەموو مامۆستایانی دڵسۆز، ماندوویی نەناس، سەبوور و خۆراگر، ئەم باسە بەم چەند دێرە لە کتێبی پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ لە نووسینی ئالێکساندەر نیل لە بارەی تەمبێ کردنی منداڵان کۆتایی پێدێنم.

تەمبێ کردن هەمیشە بریتییە لە دەربڕینی رق و تورەیی و، منداڵ بە تەواوی هەست بەم مەسەلەیە دەکا ئەو خۆشەویستی و پەشیوانییە کە منداڵان دوای تەمبێ کردن لە لای دایک و باب دەری دەبڕێ، ئەوین و خۆشەویستی راستەقینە نیە. ئەو هەستە کە منداڵان بەدوای تەمبێ کردن تێی دا پێک دێ، رق و بێزارییە کە خۆی دەگۆڕێ و بە شێوەی لاواندنەوە و خۆشەویستی خۆی دەنوێنێ تا هەستی خۆ بە تاوانبار زانین داپۆشێ. تەمبێ کردن، منداڵ بەرەو جیهانی خەیاڵ و زیندە خەو پاڵ پێوە دەنێ و لەوێ دایە کە لە نێوچوونی ئەو کەسەی تەمبێی کردوە بە ئاوات دەخوازێ. بەڵام ئەو خۆزگەیەش لە نێو دنیای تاوان و خۆ بە تاوانبار زانین دا نوقمی دەکا. لای خۆی وا بیر دەکاتەوە کە چونکە مەرگ و نەمانی باوکی بە ئاوات خواستوە، ئینسانێکی نارەسەن و تاوانبارە. ئەو پەشیمانی و هەست کردن بە تاوانبارییە وای لێ دەکا وەک منداڵێکی ژیر و باش لە کۆشی باوکی دا دادەنیشێ. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە رق و بێزاری هێشتا بەری نەداوە و لە لای ئەو ماوەتەوە.

خراپتر لە هەمووی ئەوانە، تەمبێ دەبێتە جغزێک کە لێ دەرباز بوونی نامومکینە. منداڵ هەرچەند جارێ تەمبێ دەکرێ وا هەست دەکا کە لێی بێزارن بۆیە تەمبێی دەکەن و، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە رق و دوژمنایەتی لەودا پەل و پۆ دادەکوتێ. کاتێک رق و نفرەتەکەی زیاتر دەبێ، زۆرتر لە پێشو پەنا دەباتە بەر ئاکاری نابەجێ. لە ئاکامدا دیسان تەمبێ دەکرێتەوە. ئەوەش بە رق داکەوتنی زیاتر و ئەنجامدانی ئاکاری دزێوتر و سەرەنجام سەر لە نوێ تەمبێ کرانەوەی بەدواوەیە، لە ئاکامدا دەبێتە منداڵێکی قین لە زگ و نالەبارو، تەمبێ کردن هیچ کاریگەرییەکی باشی لەسەر دانانێ.